حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی ڕۆشنبیری
بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە
زنجیرەی (٢٧)

# جولەکەکانی کوردستان

ئەحمەد باوەڕ



هەواڵنامەی کتێب

چاپی یەکەم
2000

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی ڕۆشنبیری
بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە
زنجیرەی (٢٧)

ئەحمەد باوەڕ

# جوولەکەکانی کوردستان

## بنەچەیان- داب و نەریتیان- هۆی کۆچکردنیان

٣٠١
٩٥٠/١

چاپی یەکەم

کوردستان 2000

هەواڵنامەی کتێب

◆ ناوی کتێب: جوولەکەکانی کوردستان
◆ بـــوار: مێژوو
◆ نــووسینی :ئەحمەد باوەڕ
◆ تــیــراژ : ( ٥٠٠ ) دانە
◆ کۆمپیوتەر: کۆمپیوتەری هێڤار - کەلار
◆ چاپخانـە : چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری
◆ ژمارەی سپاردن : ( ٢٤١ ) ی ساڵی ( ٢٠٠٠ ) ی وەزا رەتی ڕۆشنبیری پێدراوە
مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری

هەواڵنامەی کتێب

- پێشکەشە بە :

- زانای گەورەو مامۆستام
دکتۆر کەمال مەزهەر

# پێشەکی

ولاّتی کوردستان ، بەو پێیەی هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە . لانکەی ژیاری و ، ناوەندێك بووە . بۆ کۆبوونەوەو لێکدی نزیك بوونەوەی ، ژمارەیەکی زۆر لە نەتەوەو ڕەگەزو ئایینە جۆربەجۆرەکان . هاوکات ، هەر ئەوانەش وایان لیّ کردووە کە بە ولاّتێکی فرە نەتەوەو ؛ فرە ڕەگەزو ؛ فرە ئایین بێتەوە بەرچاو . بەلاّم ئەو نەتەوانەی دی کە هەن جگە لە کورد ئەگەر بەراوردیان بکەین لەگەڵ یەکدی‌دا ئەوا بەتەواوی ئەوەت لا ڕون دەبێتەوە ، کە ئەوانە لە پارسەنگی گەلی کوردا . وەك کەمینە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکریّ . هەرچەندە بێگومانم لەوەی ، نەتەوەی کورد ، وەك بۆچوونی ئایینی و ، بەرلەوەی پەیامی پیرۆزی ئیسلام لە کوردستاندا بلاّوبێتەوە . زۆربەیان سەر بەئایینی زەردەشتی و شان بەشانی ئەویش یەهودیەت و ؛ مەسیحیەتیش لە کوردستاندا . بوونی خۆیان سەلماندبوو. بۆیە زۆر لە کوردەکان . چووبوونە سەر ئەو ئاینانەو تا ڕادەیەکی زۆر بنەماو تایبەتمەندیەکانی ئەم ئاینەیان قبوڵ کردبوو . لەو لایەنەشەوە . هەر لەخۆڕا نەبووە کە بیروڕا گەلێکی لەو جۆرەش ، ڕەگ و ڕیشەی خۆیان بەتەواوی لەم ولاّتە گەورەو فراوانەدا داکوتابیّ و ؛ تێکەڵ بەدانیشتوانەکەی بووبن . هەرچەندە جولەکەکانی کوردستان بەپێی هەندیّ سەرچاوەی مێژوویی وا جەختیان لەسەردەکریّ کە گوایە ئەوانە پاشماوەی ئەو جولەکانەن کە شەلمانسەری ئاشوری لە سەدەی حەوتەمی پێش زاییندا هێنابێتنیە کوردستانەوە . کەچی لەگەڵ ئەوەدا ، ئەوانە ئەمڕۆ بوون بە بەشێکی زیندوو و، بەرچاو لە مێژووی ئەم

ولاته‌داو ، به‌رِاده‌یه تا ناوه‌راستی په‌نجاكانی سه‌ده‌ی بیسته‌م ، رِێژه‌یه‌كی زۆریان له‌م ناوچه‌یه‌دا مابوونه‌وه‌و ؛ تا ئه‌و سه‌روبه‌نده‌ش خاوه‌نی خه‌سڵه‌تی تایبه‌ت به‌خۆیان و ، داب و نه‌ریتێك بوون كه هه‌موو گۆرِانكاریه‌كانی رِۆژگارو ، ئاواره‌یی و ، په‌رِه‌وازه‌كردنیان . نه‌یتوانی پێیانی له‌ناو بباو له دڵ و ده‌رونیاندا ئه‌فه‌رۆزی بكا .

مه‌به‌ستی سه‌ره‌كیشم له دانانی كتێبێكی وادا ، زیاتر هه‌نگاوو ، هه‌وڵدانێكه بۆ پركردنه‌وه‌ی ئه‌و كه‌لێنه‌ی كه له مێژووی گه‌ل و ، ولات و نه‌ته‌وه‌كه‌ماندایه‌و ؛ تا ئێستاش هه‌ل و مه‌رج و قۆرته‌كانی رِۆژگارو ، ده‌سته‌مۆیی ناره‌وامان نه‌ی هێشتووه له ده‌روازیه‌كی ئه‌وتۆوه ، وه‌ژوور كه‌وین ، تا تۆزێك .. به هێوری و به هێمنی‌یه‌وه ئه‌و تۆزو خۆڵه‌ی سه‌ر خه‌رمانی پر له به‌ره‌كه‌تی مێژوومان بته‌كێنین كه ( په‌یوه‌ندیه‌كانی كوردو جووله‌كه‌مان ) بۆ یه‌كلایی نه‌كاته‌وه چونكه ئه‌و جووله‌كانه‌ی كه به‌شێوه‌یه‌كی ره‌وا كه‌وتبێتنه ولاتی ئێمه‌وه یان به ناره‌وا ، ئه‌وا ئه‌وان وه‌ك مێژوو و ؛ وه‌ك هه‌ڵدانه‌وه‌ی لاپه‌ره‌ شاراوه‌كانی مێژوو ، بۆخۆیان بوون به به‌شێك له‌و چه‌ندین هه‌زار لاپه‌ره نه‌نووسراوه‌ی كه هێشتا پێویستی به لێكدانه‌وه‌و ؛ ته‌ته‌ڵه‌كردنی ده‌ستێكی پاك و ( ئه‌مین )ه . بۆئه‌وه‌ی تۆزێك به ویژدان و ، به نیهادێكی پاكه‌وه . تۆماریان بكاو ، رِۆشناییان بخاته سه‌ر . جابۆیه من له‌م كتێبه‌مدا ، هه‌رچه‌نده دڵنیام له‌وه‌ی بێ كه‌م و كورتی نی‌یه . زیاتر جه‌ختم كردووه له‌سه‌ر مێژووی ئه‌و جووله‌كانه‌ی كه له كوردستانی گرێدراو به عێراقه‌وه بوون ، به‌شێوه‌یه‌كی زۆر كه‌م نه‌بێ ، ئاماژه‌م بۆ پارچه‌كانی تر نه‌كردووه . دیاره ئه‌وه‌ش له‌به‌رئه‌وه‌بووه . كه نه‌متوانیوه وه‌ك پێویست سه‌رچاوه‌ی ته‌واو

لەسەر هەموو ئەوانی ، پارچەکانی تر وەدەسبخەم و ، هاوکات ئەو هەل و دەرفەتەشم بۆ نەڕەخساوە . تا بتوانم وەك پێویست خۆم لەقەرەی کارێك بدەم کە لە وێزەو توانام دا هەبێ جێبەجێی بکەم .
ئەوەشی کە لێرەداو ، لە دووتوێی ئەم بەرهەمەدا تۆمارم کردووە . بێگومان کاری مانگ و دوومانگێك نەبووە . بەڵکو بیرۆکەی بەجێهێنانی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە خوێندکاری ( بەشی مێژووی – کۆلیژی ئاداب – زانکۆی بەغدا ) بووم . ئەو بیریارەش کە زیاتر هانی دام لەم بوارەداو ، بۆ بەجێهێنانی ئەم ئەرکە مامۆستام ( دکتۆر کەمال مەزهەر ) بوو . هەرچەندە چەند ساڵێك پێش ئێستا چەند ( زنجیرە )یەکم بەهەمان ناونیشانەوە لە (کوردستانی نوێ )دا بڵاوکردەوە . بەڵام دواتر هەستم کرد بەوەی کە تەنها ئەوە ( بەس ) نییە . جا بۆیە دووبارە کەوتمە ئەوەی ئەم کارەم زیاتر موتوربەو دەوڵەمەند بکەم . تا ئەو کاتەی ئەم ( تووێشەبەرە )ی لێ ڕسکاو ناوم لێ نا (جووڵەکەکانی کوردستان ...) بەو ئاوات و ئومێدەوە . بتوانم لە کاتێکی تر ، لە ئایندەیەکی تر ، لە چاپێکی تریدا . بەشێوەیەکی ڕێك و پێکترو دەوڵەمەندتر بیخەمە بەردەم خوێنەران و ڕووناکبیرانی گەلەکەم . لە هەموو کەم و کورتی و کەم تەرخەمیەکیش . هەر خۆم ئەو دەست و قامکە خۆشەویستانە دەگوشم کە بە هەستێکی ڕووناکبیری پاکەوە ، ئاگادارم دەکەنەوەو ؛ دەیان هەوێ ، مەڵۆو باهۆزی زیاتری خۆیانی بخەنەسەر ..

**ئەحمەد باوەر**

٢٠٠٠/٤/٢٤

هەڵەبجەی شەهید - کتێب

# به‌شی یه‌كه‌م

## كورته‌یه‌ك ده‌رباره‌ی كێشه‌ی جووله‌كه‌و سه‌رهه‌ڵدانیان له‌ ڕۆژهه‌ڵاتی كوردستاندا

هەوراماڵی کتێب

کاتێك بمانەوێ بە شێوازێکی سەراپاگیر لە مێژوو و ، بوونی جوولەکە لە وڵاتی کوردستانداو چۆنێتی دابەش بوون و سەرهەڵدانیان بکۆڵینەوە ڕەنگە ئەوەیان پێویستی بەدواداچوون و لێتوژینەوەو سەرچاوەی هەمەجۆرو فرەبابەتی سەربەخۆ بێت . بەتایبەتی ئەو جوولەکانەی کە لە دێر زەمانەوە لە وڵاتی عێراق و کوردستان و وڵاتانی تری ڕۆژهەڵاتا نیشتەجێ بوون . چونکە جوولەکەکانی ڕۆژهەڵات تا ئەوسەروبەندەش کە بەڵێنی ئەوەیان پێ نەدرابوو وڵاتێکی سەربەخۆیان بۆدەسنیشان دەکرێ و ئەو بەڵێن و پەیمانەی کە وڵاتە گەورەکانی ئەوکات دایان بۆئەوەی نیشتمانێکی تایبەتر بەخۆیان بۆ پێك بهێنن . مێژوو و لێکدانەوەیەکی وردی ئەوتۆیان لەبارەوە تۆمار نەکرابوو ، بەجۆرێ کە بزانرێ ئایا ئەم جوولەکانە لە چ وڵات و لە چ هەرێمێکی ڕۆژهەڵاتا نیشتەجێ بوون . دیارە ئەمەشیان بەزۆری لە ڕوو تەوەری گرنگەوە خۆی ئەنوێنێ . چونکە جوولەکەکانی ڕۆژهەڵات لە ڕووی پێشکەوتنی ڕووناکبیری و هەست کردن بەوەی کە بزانن ئەوانیش چ بوونێکیان هەیەو ، چۆن مامەڵە لەگەڵ ڕۆژگارو دەوروبەردا بکەن لە کاتێکدا ئەمانە خۆیان ئەوەیان بۆ نەئەکرا یا حاڵی ئەوانیش بەهیچ جۆرێك لە حاڵی گەلانی تری ڕۆژهەڵات باشتر نەبوو تاوەکو مێژوو و ؛ فەرهەنگی خۆیان بنوسنەوەو ، سەرژمێرو چۆنێتی دابەشبوونی خۆیان بەڕێکی بزانن ئەمە لەلایەك لەلایەکی کەشەوە تا ئەوسەروبەندەی وڵاتانی ڕۆژئاوا بەتایبەتی وڵاتە گەورەکانی وەك وڵاتە یەککرتوەکانی ئەمەریکا ، بەریتانیای گەورەو یەکێتی سۆڤێتی پێشوو ( ١٩٢٢ - ١٩٩١ ) هیچ پێویستیەکی ئەوتۆیان بە جوولەکەو قەوارەو قەڵەم ڕەوی جوولەکە نەبوو . تا هەوڵی ئەوە بدەن



هەواڵنامەی کتێب

بە تەنگیانەوە بچن و ، هەوڵی ئەوەیان بۆ بدەن تا زەمینەیان بۆ خۆشکەن و بارودۆخێکی گونجاویان بۆ یەکلایی بکەنەوە . بەتایبەتی تا ئەوکاتەی یەکەم کۆنگرەی جیهانیان لە شاری ( پال )ی سویسرا بەسترا لە مانگی ئابی ١٨٩٧ داو ، بەسەرۆکایەتی یەکەمین سەرکردەی ڕۆحی جوولەکە هاوکات لێرە بەدواوە کێشەی جوولەکەکانی جیهان وای لێهات کە وەك کێشەیەکی ئەوتۆ بێتە کایەوە لە زۆربەی کۆڕو نێوەندە نێو دەوڵەتیەکاندا باسی لێوەبکرێ و بێتە جێی بایەخ و بەتەنگەوەچوونی زۆر لە سیاسەت مەدارو ، وڵاتانی گەورەی وەك بەریتانیا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا . بەڕادەیەکی وا کە ئەوانیش وەك دیفاکتەیەك ( امر الواقع ) حەق و حیسابی تایبەتی خۆیانی بۆ بکەن و ، بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدابن کە ڕێکلاچارەیەکی گونجاوی نێو دەوڵەتی بۆ کێشەی جوولەکە لە چوارچێوەی قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆدا بدۆزرێتەوە . وەك ئەوەی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆداو ، بەتایبەتی لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا بەتەواوی ئەو هەوڵ و نەخشە نێو دەوڵەتیە هاتەدی و وڵات و کیانی تایبەت بە خۆیان لە وڵاتی فەلەستینا بۆ دەستنیشانکراو هەموو ئەو وڵاتانەش کە هەر لە سەرەتاوە دەرو دراوسێی ئەم قەڵەم ڕەوە بوون لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستا هەر هەموویان بەزۆری دانیان بە قەوارەو وڵاتی جوولەکەدا ناو زۆربەی زۆری گەورە پیاوانی سیاسی و دەرو دراوسێکانی دەستیان خستە ناو دەستی حاخام و گەورە پیاوان و ، سەرکردەکانی جوولەکەوەو بەڵێنامەی ئاشتیان لەگەڵا مۆر کردو ، بە بەرچاوی هەمو دنیاو و وڵاتانەوە . وڵات و قەڵەم ڕەوی ئیسرائیلیان بەڕەسمی ناسی . بەڵام لێرەدا من نامەوێ درێژە بە بۆچوونێکی سیاسی

لەم بابەتە بدەم و بەتان و پۆیا بچم . بەڵکو لێرەدا وای بەباش دەزانم لە مێژوو و ، سەرهەڵدانی ئەو کەمینە جوولەکەیە بکۆڵمەوەو لەسەریان بنوسم کە کاتی خۆی لە عێراق و وڵاتی کوردستانا نیشتەجێ بوون و تا ئەوکاتەی گەڕانەوە وڵاتی خۆیان و ، ئەم ناوچەو هەرێمەیان بەجێ هێشت . لەگەڵ ئەوەشدا لە چۆنێتی بەسەرهات و ژیان و کارکردن و تێکەڵ بوونیان لەگەڵ دانیشتوانی ئەم هەرێمانەدا . بۆ ئەمەش ئەتوانین وای باس لێوە بکەین کە ئەو جوولەکانەی لە عێراقدا نیشتەجێ بوون بە کۆنترین و دێرین ترین قەوارەی جوولەکە دابنێین لە دونیادا [(١)] .
ئەمانەش بەزۆری لە پاشماوەی ئەو جوولەکانەن کە لەکاتی خۆیدا شای کلدانی بابلی ( نبوخذ نصر ) لەسالانی ( ٥٩٧ و ٥٨٦ ی پ . ز ) پێش زایندا بە دوو کاتی جیاواز هێنانیە شاری بابل لە باشوری عێراقدا [(٢)] کە ئەمەش بۆخۆی بە یەکەمین هەنگاوی دەس بەسەرکردنی جوولەکە دادەنرێ لە مێژوودا بەرەو وڵاتی عێراق و ناوچەکانی باشووری . بەڵام لێرەبەدواوە هەندێك لە مێژووناسان وای بۆدەچن کە ئەمانە تەنها ئەندامانی ئەو سوپایەی گرتۆتەوە کە دژ بە هێزەکەی شای کلدانی وەستاون هەربۆیەش ویستویەتی تۆڵەی خۆی لەبڕی ئەورووبەڕووبونەوەیە بکاتەوەو بەو ڕادەیە دەس بەسەری کردوون . لێك دانەوەیەکی لەو جۆرەش ئەوە ناگەیەنێ کە هەموو جوولەکەکانی عێراق و کوردستان بەدەس بەسەری هێنرابێتن بەڵکو بە بۆچوونی من ڕێژەیەکی زۆر لەم جوولەکانە چ لە وڵاتی عێراق و ، چ لە کوردستاندا هەر لە مێژەوەو لە دێر زەمانەوە لەم هەرێمانەدا بوون . یا سەرکردەو کەسایەتیەکی وەك شای کلدانی ئەوەشی پێکردبن . بۆ زیاتر ڕوون

کردنەوەی لایەنێکی ئەوتۆ ئەوا وتمان جوولەکەکانی باشوری عێراق و وڵاتی عێراق هەر هەموویان لە نەوەی ئەو جوولەکانەن کە ( نبوخذ نصر) بەدەس بەسەری هێناونی‌یە ئەم هەرێمە . ئەی ئەو جوولەکانەی تری وڵاتانی ڕۆژهەڵات و دەوروبەری مەڵبەندی سەرەکی نیشتەجێبوونیان کوێ بوەو ، لە کوێوە هاتوون ؟! دیارە ئەمەش ئەوە ئەسەڵمێنێ کە جوولەکە هەر لە مێژەوە لەگەڵ دانیشتوان و نەتەوەو ئاینەکانی تری ڕۆژهەڵاتا تێکەڵاوی تەواویان هەبوەو ؛ جا نازانم بۆ وا لە گەلی کورد سەر لێشێواوترو ، پەرت و بڵاوتر ژیاون و هەر بەشێکیان لە ناوچەیەك و لە وڵاتێکا نیشتەجێ بوون و گیرساونەتەوە . دیاردەیەکی لەم جۆرەش بۆخۆی فاکتەرو ، هۆکاری سەرەکی خۆی هەیەو ؛ بەوردی پێویستی بە لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی زیاترو یەکالاکردنەوەی زیاتر هەیە بۆئەوەی مەسەلەیەکی وا یەکلایی بکرێتەوەو ، بڕیاری یەکجارەکی لەسەر بدرێ . بەڵام ئەحمەد نەسیم سوسە (١٩٠٠ – ١٩٨٢) * وای بۆئەچێ کە : (( کۆنترین بوونی جوولەکە لە باکوری عێراقدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیمبراتۆریەتی ئاشووری کە نزیکەی ٣٠٠ ساڵ درێژەی هەبووە لە

---

* دکتۆ ئەحمەد نەسیم سوسە :- ساڵی ١٩٠٠ لە شاری حلە لەدایك بووە ، پلەی سەرەتایی خوێندنی هەر لەم شارەدا تەواوکردووە . دوایی لە زانکۆی ئەمەریکی لە بەیروت دواناوەندی و بەکالۆریۆسی لە ( ئەندازەی شارستانی – الهندسة المدنية ) دا وەرگرتووە . پاشان چووتە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو ، لەوێ بڕوانامەی ( دکتوراه )ی وەرگرتووە . هەر لە سەرەتای دامەزرانی کۆڕی زانیاری عێراقەوە بووە بە ئەندام و دەیان کتێبی هەمەجۆری بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی چاپ و بڵاوکردۆتەوە . پێش مردنی بووە بە ئیسلام ، لە ساڵی ١٩٨٢ دا وەفاتی کردووە .



هەواڵنامەی کتێب

دکتۆر ئەحمەد ئەسیم سوسە

( ١٩٠٠ - ١٩٨٢ )

نێوان ساڵانی ٩١١ و ٦٣٦ ی پ.ز ئەمەش کارلێکی خۆی هەبووە بۆ سەر گۆڕانی ڕۆژهەڵات لەو دەمانەداو . لەم ماوەیەشدا ( ١٥ ) شا دەسەڵاتیان گرتۆتە دەس ، ئەم ئیمپراتۆریەش لە سەردەمی هەندێ لە ، شاکانیدا گەیشتۆتە ئەوپەڕی پلەی گەورەیی و بەرفراوانی کە ناوچەکانی ( هیلالی خەسیب ) و میسری گرتۆتەوەو ڕۆڵێکی گرنگیشیان هەبووە لەو سەرکەوتنەی کە بۆسەر شانشینی ئیسرائیل بەدەستیان هێنا . هەر لە داڕمانی شانشینی یەهوداشەوە دانیشتووە جوولەکەشیان دەس بەسەرکردوەو ، بەرەو شوێنە شاخاویەکانی وڵاتانی ئاشوور ( ناوچەی کوردستان لە عێراق و ئێران و تورکیا ) و ئەو شوێنانەش کە ئاشووریەکان جوولەکە دەس بەسەرەکانیان بۆ گوێزاوەتەوە ناوچەی کوردستانی بەرفراوانە ))[٣] لەم ماوەیە بەدواوە جوولەکەکان کەوتنە ئەوەی بەدوای سەرچاوەی ژیان و ، گوزەرانی خۆیاندا بگەڕێن و ؛ بژێوی ڕۆژانەی خۆیان پەیدا بکەن هەر لەبەرئەوەش : (( دەستیان کرد بەکاری کشتوکاڵ کردن و بەخێوکردنی سامانی ئاژەڵ . لەم لایەنەشەوە زۆربەی سەرەك خێڵە کوردەکانی کوردستان، پشت و پەنایان بوون و ، ئەیانپاراستن و پشتگیریان لێدەکردن ))[٤] . هەرچەندە ئەوا نزیکەی ٢٨٠٠ ساڵ بەسەر دوورخستنەوەی ئەم جوولەکانەو دەس بەسەرکردنیاندا بۆ وڵاتی کوردستان تێپەڕیوە کەچی (( هێشتا بە زمانی تایبەتی خۆیان ئەدوێن ))[٥] ژمارەیەکیش لە مێژووناسان و توێژەران لە زمانی ئەم جوولەکانە خۆیانەوە دەگێڕنەوە کە گوایە ئەمانە لە نەوەی ئەو جوولەکانەن کە کاتی خۆی ئاشووریەکان هێناویانن بۆ ناوچە کوردنشینەکانی کوردستان . تەنانەت ( بنیامین تەتیلی ) کە بۆخۆی

هەواڵنامەی کتێب

یەکێك بووە لەو جوولەکانەی کە لە سەدەی دوازدەیەمی زایینی‌دا هاتۆتە ناوچەکەو لەو گەشتەیدا کە سەردانی شاری ئامێدی کردوەو لەو دەمانەدا نزیکەی (٢٥) بیست و پێنج هەزار جوولەکەی تیابوەو لە (١٠٠)سەد ناوچەدا دابەشبوون لە چیای خەفتیان یا حەبتون ( هەفتون ) لە چیاکانی کوردستان [٦] . هاوکات پێویستە ئەوەش لە بیرنەکەین کە بنیامین تەتیلی گەڕیدە ( رحالة ) و جوولەکەیەکی بەڕەگەز ئیسپانی بوەو ؛ لە ساڵی ١١٦٠ داو لە سەردەمی حوکمڕانیەتی خەلیفەی عەباسی ( المقتفي بالله ٥٣٠ – ٥٥٥ کۆچی ) و خەلافەتی خەلیفە ( المستنجد بالله٥٥٥ – ٥٦٦ کۆچی )دا هاتۆتە عێراق و کوردستان و وڵاتی فارس . سەرەتا گەشتەکەی لە وڵاتی ئیتالیا ، یۆنان و قوبرسەوە دەس پێکردوەو ، بەپلەی یەکەم یادداشتەکانی بۆ باسکردنی جوولەکە تەرخان کردووە لەگەڵ ئەوەشدا : (( جووەکان وەکو کەمینەیەکی ئایینی . بەشێوەی گروپی بچوك بچوك لەم ناوچانەداو لە هەمان کاتدا لە کوردستانیش نیشتەجێ بووبوون و لەگەڵ هاتنی ئایینی ئیسلامیش دا جووەکان نەك هەر لە شوێنەکانی خۆیاندا مانەوە بەڵکو لە دەورانی عەباسی دا جۆرە ئۆتۆنۆمیەکیشیان پێدرا )) [٧] لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەمدا دکتۆرو مژدەدەرێکی ( مبشر ) ئەمەریکی بەناوی ( گرانت ) ەوە کە ماوەیەکی زۆری لە ناوچەی کوردستاندا بەسەربردووە بەجۆرێ بە هەموو ناوچەکانی‌تورکیا ، ئێران و عێراقدا گەڕاوەو ؛ وتویەتی زۆربەی جوولەکەکانی کوردستان لە نەوەی ئەوانەن کە ئاشوورییەکان دەس بەسەری کردوون ئەم دکتۆر ( گرانت )ە بەناو ( نەستور ) یەکاندا گەڕاوەو سەرکردایەتی ئەو نێرژەیەی کردووە کە

ئەنجومەنی مژدەدەری پرۆتستانتی ئەمەریکی ناردویەتی لە ساڵی ١٨٣٥ داو ، بەپێی ئەمەش کە دکتۆر بووە ، بەئاسانی توانیویەتی بڕواتە ناو دیانەکان و کوردەکانەوە لەم ناوچەیەداو بۆ ئەمەش دکتۆر گرانت شاری ( ورمێ – ڕەزائیە )ی کردۆتە بنکەی کاروبارەکانی و بناغەی (١٠) دە قوتابخانەی لە ناوچەکەدا داناوەو دواتریش قوتابخانەیەکی بۆ خوێندنی کچان لە شاری ( ورمێ )دا کردۆتەوە بەجۆرێ تا وای لێهاتووە فێری زمانی کوردی بووەو ؛ (٦)شەش ساڵی تەواو لە ناوچەی کوردستاندا ، لەگەڵ خێزانەکەیدا ماوەتەوە لە وڵاتی تورکیا ، ئێران و عێراقدا [٨] . دوابەدوای ئەوە هەستاوە بەوەی لێکۆڵینەوەیەکی لەبارەی ئەم ناوچەیەوە تۆمار کردوە . لە کۆتایشدا گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە نەستوریەکان و جوولەکەکان یەك بن . هەربۆیە ئەم بۆچوونەش لەلایەن دکتۆر نیوزنەر کە خاوەنی کتێبی ( مێژووی جوولەکە لە بابل )ە [٩] دوابەدوای ئەو باسی لێوەکراوە. بەتایبەتی لەبارەی ئەو نەستوری و جوولەکانەوە کە ئاشووریەکان هێناونی بۆ ناوچەی کوردستان . بەجۆرێکی ئەوتۆ ئەم جوولەکانە قەناعەتیان بەوە هێناوە کە وڵاتی کوردستان و ، چیا سەختەکانی لە زۆر مەترسی و بەسەردادان دەیانپارێزێ و کارلێکێکی ئەوتۆشی بووە کە وایان لێبکا لەم ناوچەیەدا بمێننەوەو ، لەگەڵ ئەوەشدا توانیویانە زمان و داب و نەریتی خۆیان بەباشی بپارێزن و ، بەسەربەستی و ئازادیەوە لە وڵاتی کوردستاندا بمێننەوە تەنانەت لە سەردەمانێکدا ئەوەندە بەدەسەڵات و بەهێز بوون توانیویانە میرنشینی ( حدیاب ) کە پایتەختەکەی شاری هەولێری ئێستا بووە بخەنە ژێر دەسەڵاتی

بۆ کرد دەیگێڕێتەوە :(( ئەو خێڵە ئێزیدیانەی کە لە کوردستاندان ئەمانیش هەر وەك نەستوریەکان لە نەوەی ئەسباتی دەیەم ( الأسباط العشرة )ی جوولەکەن )) [11] ئەمەش ئەوەمان بۆ ئەسەلمێنێ کە بۆچوونی ( دکتۆر گرانت ) و ( دکتۆر سوسە ) بێت کوردان دەچنەوە سەر ڕەگەزی جوولەکە ؟!! دیارە ئەمەش بۆخۆی لێکدانەوەو ، بۆچونێکی زۆر ترسناکەو ، پێویستە مێژوونوسان و لێکۆڵەرانی بواری کوردناسی و کورد بە وردی تاقیبی مەسەلەیەکی وا بکەن و ، لە ڕاستی و بۆچوونێکی لەو بابەتە بکۆڵنەوە . بۆ مەسەلەیەکی واش وەك دەبینی چ مێژوونوسانی عەرەب و چ مێژوونوسانی بێیانی چیان بە کورد وتبێ و ، یان گەلی کوردیان بۆ سەر هەر ڕەگەزو بنەچەیەك گەڕاندبێتەوە ئەوان وەکو ئەوەی کوردیان بە باوە کوشتەی خۆیان زانیبێ سەرپشك و سەربەست بوون . چونکە کوردێکی بێ دەرەتانی بێ وڵاتی لە جوولەکە سەرلێشێواوتر هەرچیان بۆ هەڵبەستبێ و ، هەرچیان پێکردبێ هەرچەندە هەوڵی داوە لەڕووی سیاسەتێکی ئەوتۆدا بوەستێو تا ڕادەیەك داکۆکی لە خۆی بکا بەڵام هەوڵ و داکۆکی کردنەکەی نەگەیشتۆتە ئاستێکی ئەوتۆ کە ڕەوش و بارودۆخی بە تەواوی یەکلایی بکاتەوەو ، هەموو نەهامەتیەکانی بنەبڕ بکا لە چوارچێوەی کیان و دەسەڵاتێکدا کە تیایدا بتوانێ شوناسنامەی ونبووی خۆی بدۆزێتەوە . چونکە ئەوە شتێکی بەڵگەنەویست بووە کە هەر لە سەردەمانێکەوە مەسەلەی دەسەڵات و قەڵەم ڕەو هاتبێتە کایەوە هاوکات گەلان و نەتەوەکان کەوتوونەتە ئەوەی هەرچۆنێ بێ و بەپێی ئەوەی هەل و مەرجیان بۆ ڕەخسابێ و پێیان کرابێ هەوڵیان داوە مێژوو و بەسەرهاتی خۆیان بنوسنەوە . بەڵام گەلێکی وەك کوردی سەر لێشێواو

و نامۆ به‌ خاك و ولاَتی خۆی به‌ڕێژه‌یه‌كی كه‌م و پچڕپچڕ نه‌بێ بوارێكی له‌و بابه‌ته‌ی ده‌سگیر نه‌بووه‌ یا بۆ نه‌ڕه‌خساوه‌ تا بكه‌وێته‌ سه‌ر ئه‌و ڕێڕه‌وه‌ی كه‌ هه‌مان بۆچوون و ، هه‌مان هه‌ڵوێست بگرێته‌به‌ر . چونكه‌ هه‌ر له‌ سه‌ره‌تای دابه‌شبوونی ولاَته‌كه‌یه‌وه‌ له‌لایه‌ك توركان به‌جۆرێ مافی ڕه‌وای خۆی لێ زه‌وت كردوه‌و فارسه‌كان به‌جۆرێكی تر ده‌ستیان ناوه‌ته‌ بیناقاقای و چه‌ندین سه‌ركرده‌و كه‌سایه‌تی به‌پێی پلان و نه‌خشه‌یه‌كی شۆڤینیانه‌ له‌ناوبردووه‌ . له‌لایه‌كی كه‌شه‌وه‌ وه‌ك ده‌بینی عه‌ره‌بی باباو كه‌سێكی وه‌ك ( ئه‌حمه‌د سوسه‌ ) كه‌ عه‌ره‌به‌كان به‌خۆیان ڕاست و ڕه‌وان ده‌ڵێن به‌ ڕه‌گه‌ز جووله‌كه‌یه‌و ، بێ‌ئه‌وه‌ش بیر له‌وه‌ بكاته‌وه‌ كه‌ نه‌ته‌وه‌ی كورد زمانی تایبه‌ت به‌خۆی هه‌یه‌و ، خاوه‌نی داب و نه‌ریت و خه‌سڵه‌تێكه‌ : كه‌ زۆر زۆر له‌ ڕه‌گه‌زو نه‌ته‌وه‌كانی تر جیاوازتره‌و له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا گه‌لی كورد هه‌ر له‌ به‌ره‌به‌یانی مێژووه‌وه‌ خاوه‌نی ئایین و ئاین زای تایبه‌تی خۆی بوه‌و ئه‌و ئاینه‌ش كه‌ ئه‌مڕۆ له‌ ولاَتی كوردستانداو هه‌ر له‌ سه‌ره‌تای بلاَوبوونه‌وه‌ی ئایینی پیرۆزی ئیسلامه‌وه‌ كوردستانیشی گرتۆته‌وه‌ . هه‌رچه‌نده‌ له‌ زۆر ناوچه‌یدا دانیشتوانه‌كه‌ی به‌خۆیان پێشوازیان له‌و ئایینه‌ نوێیه‌ كردوه‌و ، بنه‌ماو تایبه‌تمه‌ندیه‌كانیان قبوڵ كردوه‌ كه‌چی له‌ به‌شه‌كانی ترو له‌ هه‌ندێ ناوچه‌ی فراوانیشی دا له‌ ڕێگای فتوحات و به‌زۆر به‌سه‌ر دانیشتوانه‌كه‌شیدا سه‌پێنراوه‌و ، ته‌نانه‌ت له‌ هه‌ندێ ته‌وه‌رو ناوچه‌ی‌دا تا ئێستاش ئایینی ئیسلام نه‌یتوانیوه‌ تیایدا بلاَوبێته‌وه‌و وا له‌ دانیشتوان و خه‌ڵكه‌كه‌ی بكا كه‌ واز له‌ بیروڕاو ئایینه‌كه‌ی پێشووتری خۆیان بهێنن . شان به‌شانی ئه‌وه‌ش گه‌لی كورد به‌پێی ڕه‌وتی ڕۆژگارو قۆناغه‌كانی مێژوو هه‌رچه‌نده‌ به‌زۆری هه‌ندێ په‌له‌قاژه‌و ململانێی ڕه‌وای

کردووەو زەبرو زەنگی نەویستووە . کەچی لە دوایدا ڕەنج بەخەسار بووەو ، سەرلەنوێ ڕیسەکەی بۆتەوە بە خوری و هەموو بێدەرەتانی و بێ وڵاتی و پەراوازەیەکی خۆی لە تویێ نانێکی گەرمدا هێشتۆتەوە . بەڵام ئێمە پێش ئەوەی باس لەوە بکەین کە بارودۆخی جوولەکەو بزووتنەوەکەیان بۆ پێك هێنان و دامەزرانی دەوڵەتی جوولەکە هاتبێتە کایەوەو ، وڵاتانی ڕۆژئاوا پشتگیری تەواویان لێکردبێ . بزانین بەشێوەیەکی گشتی جوولەکە چۆن پۆلێن کراون و شوێنی نیشتەجێبوونیان بەزۆری چ وڵات و هەرێم و ناوچەیەك ئەگرێتەوە . لەم بارەیەشەوە جوزێف گەر لە ( سرگزشت دینهای بزرگ )دا کە بۆخۆی ( ایرج پزشك نیا ) وەری گێڕاوەتە سەر زمانی فارسی نووسیویە :

(( نەتەوەی جوولەکە کەئەمڕۆ لە سەرانسەری دنیادا پەرت و بڵاوبوونەتەوە ، لە سەرجەم وڵاتان و ، لە نێوەندی هەموو میللەتانا ژیانی خۆیان ئەگوزەرێنن . نەتەوەیەکی پەراگەندەو سەرگەردان پێك ئەهێنن و بە بەنی ئیسرائیل شۆرەت و ناوبانگیان ڕۆیشتووە )) [١٢] کەچی زۆر سەرچاوەی تریش هەر لەم بارەیەوە وای دەسنیشان دەکەن کە نەتەوەی جوولەکە زۆر ڕەگەزی تریان تێکەڵ بووەو لەم لایەنەشەوە ئەنسکلۆپیدیای بەریتانی و ئەوانەی سەر بەئاینی جوولەکەن بەزۆری کردونی بە سێ بەشی سەرەکیەوە . کە بریتین لە ( جوولەکەی سفاردیم ، جوولەکەی ئەشکەنیزم ، جوولەکەی ڕۆژهەڵات ) سەرەڕای بەشێکی تر کە سەرچاوەی ناوبراو ئاماژەی بۆ نەکردوە . کە ئەوەش بۆ خۆی جوولەکەی ( دۆنمە )یەو ، جگە لەو جوولەکانەش کە کەوتوونەتە وڵاتی حەبەشە ( ئەتیوبیا ) وە کە بە جوولەکەی ( فلاشا ) ناسراون ، سەرەڕای ئەو

## جووله‌كانه‌ی كه له ولاتانی تری ڕۆژهه‌لاتا نیشته‌جێ بوون .

**په‌راوێزه‌كانی ئه‌م به‌شه :**

١- صادق حسن السوداني ، النشاط الصهيوني في العراق ، بغداد ١٩٨٦ ، ص٧ .
٢- صادق السوداني ، المصدر السابق ، ص٧ .
٣- ئه‌حمه‌د باوه‌ڕ ، یه‌هودیه‌كانی كوردستان له یاداشته‌كانی دكتۆر ئه‌حمه‌د سوسه‌دا ، ئالای ئازادی ، ژماره ( ١٠٥ )ی ١٦/١/١٩٩٤ .
٤- الدكتور أحمد سوسه ، مفصل العرب واليهود في التأريخ ، بغداد ١٩٨١ ، ص٥٩٤ .
٥- الدكتور أحمد سوسه ، المصدر السابق ، ص٥٩٤ .
٦- نفس المصدر ، صص٥٩٤-٥٩٥ .
٧- دكتۆر ڕه‌شاد میران ، ڕه‌وشی ئایینی و نه‌ته‌وه‌یی له كوردستاندا ، ستۆكهۆلم ١٩٩٣ ، چاپی یه‌كه‌م ، ل ل٢٧-٢٨ .
٨- الدكتور أحمد سوسه ، المصدر السابق ، صص٥٩٧-٥٩٨ .
٩- سوسه ، نفس المصدر ، ص٥٩٩ .
١٠- سوسه ، نفس المصدر ، ص٦٠١ .
١١- نفس المصدر ، ص٦٠٢ .
١٢- جوزف گر ، سرگزشت دينهای بزرگ ، ترجمه : ايرج پزشك نيا ، با همكاری مؤسسه انتشارات فرانكلين ، تهران - نيورك ، ١٣٤٠ ، ص١٦٣ .

هه‌واڵنامه‌ی كتێب

# به‌شی دووه‌م

## ڕه‌گه‌زه‌ سه‌ره‌كیه‌كانی جووله‌كه
## له‌ جیهانداو شێوازی دابه‌شبوونیان
## له‌ كوردســــــــتانی باشـــــووردا

هه‌واڵنامه‌ی كتێب

# سه‌ره‌تایه‌كی كورت ده‌رباره‌ی
# پۆلێن كردن و دابه‌شبوونی جووله‌كه له‌ جیهاندا

جووله‌كه‌كانی جیهان به‌پێی پۆلێن كردن و دابه‌شبوونیان له‌زۆربه‌ی ولاتانی دنیادا . ده‌توانین له‌م به‌شه سه‌ره‌كیانه‌ی خواره‌وه‌دا ده‌سنیشانیان بكه‌ین كه به‌زۆری ئه‌مانه‌ی خواره‌وه ده‌گرنه‌وه :

## یه‌كه‌م : جووله‌كه‌ی سفاردیم

ئه‌مانه به‌زۆری ئه‌و جووله‌كانه ده‌گرنه‌وه كه له‌ ولاتی ئیسپانیاو ، نیمچه دورگه‌ی ئیبیری ( شبه الجزيرة الآيبيرية ) دا ژیاون . به‌تایبه‌تی له‌ سه‌ده ناوه‌نجیه‌كاندا ( ٤٧٦ - ١٤٥٣ ) . دوای ئه‌وه‌ی له‌ سالی ١٤٩٢ وه ، وه‌ده‌رنراون و ، له‌وێشه‌وه روویان كردۆته‌ ولاتانی وه‌ك فه‌ره‌نسا ، هۆله‌نده ، ئینگلته‌ره ، یۆنان ، توركیا ، باكوری ئه‌فریقیاو ئه‌مه‌ریكا ...هتد . به‌جۆرێ له‌م هه‌رێمانه‌شدا توانیویانه ئایین و داب و نه‌ریت و زمانی خۆیان بپارێزن كه زمانی ( لادینۆ Ladino ) بووه ئه‌مه‌ش بۆخۆی شێوه‌یه‌كه له‌ شێوه‌ی زمانی ئیسپانیه‌كان له‌ سه‌ده ناوه‌نجیه‌كانداو هاوكات تێكه‌ڵه له‌گه‌ڵ زۆر واژه‌ی عیبریداو به‌ پیتی عیبری نوسراوه‌ته‌وه .

هه‌واڵنامه‌ی كتێب

## دووەم : جوولەکەی ئەشکەنیزم :

لەو جوولەکانەن کە بە بنەچە ئەگەڕێنەوە بۆ وڵاتی ئەڵمانیا لە سەدە ناوەنجیەکانداو پاشان بەشێك لەمانە کۆچیان کردووە بەرەو وڵاتانی ڕۆژهەڵات و خۆرئاوای ئەوروپا . بەڵام ئەمانە واتە ئەشکەنازەکان لە ڕووی داب و نەریت و زمانیانەوە لە ( سفاردیەکان ) جیاوازن . ئەمانە بە زمانی ( یدیش ) ئەدوێن کە بۆخۆی لە زمانی ئەڵەمانی دێرین ئەچێ و ؛ تێکەڵە لەگەڵ زمانی عیبری و بە پیتی عیبری دەنوسرێتەوە . بەجۆرێ تا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم پێی ئەدوان . بەگوێرەی ئەو سەرژمێریەش کە لە ساڵی ١٩٦٠ دا ، لە ئەنسکلۆپیدیای بەریتانیدا تۆمار کراوە . ژمارەیان خۆی ئەداوە لە ( ١٠ ) دە ملیۆن کەس .

## سێیەم : جوولەکەی دۆنمە

سەرەتای سەر هەڵدانی ئەم بیروڕایە ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی : (( سەدەی هەڤدەیەم ، کاتێك حاخامێکی جوولەکەی ، شاری ئەزمیری تورکیا کە ناوی ( سبتای سەڤی ) بوو )) [1] وەك ( مەسیحی چاوەڕوانکراو – المسیح الموعود ) بانگەشەی بۆ ئەم بۆچوونەی خۆی بڵاوکردەوە . ئەم کەسایەتیەش لە ساڵی ١٦٢٦ ی زایینیدا لەدایك بووەو کوڕی بازرگانێکی جوولەکەی دەوڵەمەند بووە . بەناوی ( مردخای )ەوە ، بە ڕەگەز هەندێ بە( یۆنانی ) و لە هەندێ سەرچاوەی تریشدا :

هەموو نامەی کتێب

(( ده‌یبه‌نه‌وه سه‌ر جووله‌كه‌كانی ولاتی ئیسپانیا )) [٢] مه‌رده‌خای باوكی هه‌ولی ئه‌وه‌ی دا كه كوره‌كه‌ی بخاته ناوه‌نده ئایینیه‌كانی جووله‌كه‌وه . بۆئه‌وه‌ی له دواڕۆژدا بگاته پله‌ی ( حاخام ) له كاتێكیشه‌وه ته‌مه‌نی گه‌یشته (١٨)سالی توانی بگاته پله‌ی ئاینی ناوبراو و ؛ له سالی ١٦٥٤ ه‌وه ڕووی كرده ولاتی یۆنان و ، له شاری ( سالۆنیكا ) نیشته‌جێ بوو . به‌لام له‌لایه‌ن ( جالیه‌)ی جووله‌كه‌وه له‌وێ وه‌ده‌رنراو ، له سالی ١٦٥٨ دا گه‌ڕایه‌وه توركیاو له ئه‌سته‌مبول نیشته‌جێ بوو ، له سالی ١٦٦٢ه‌وه ڕووی كرده ولاتی فه‌له‌ستین . پاش ئه‌وه‌ی سه‌ردانی قاهیره‌ی كردو چاوی به سه‌رۆكی ( جالیه‌)ی جووله‌كه له میسر كه‌وت كه ناوی ( جۆزیف چه‌له‌بی ) بوو . بۆ دواكاتیش له شاری ( قودس ) نیشته‌جێ بوو ، له‌وێ كه‌سایه‌تیه‌كی پێشبینی كه‌ری ( متنبئ ) به‌ناوی ( ناثان)ه‌وه ناسی ، له سالی ١٦٦٣ه‌وه له‌لایه‌ن جالیه‌ی جووله‌كه‌كانی ( قودس)ه‌وه ، وه‌ك نوێنه‌ریان نێردرایه‌وه ولاتی میسرو بۆ ماوه‌ی دوو سالی ته‌واو له‌وێ مایه‌وه پاشان گه‌ڕایه‌وه ( فه‌له‌ستین )و بۆ جارێكی تر له‌گه‌ل (ناثان)دا یه‌كیان بینیه‌وه ، له‌سه‌ر ئه‌وه ڕێك كه‌وتن كه ( سه‌بتای سه‌ڤی ) مه‌سیحی چاوه‌ڕوان كراوه‌و ژماره‌یه‌كی زۆر له جووله‌كه‌كانی فه‌له‌ستین له‌ده‌وری كۆبوونه‌وه ، له‌ژێر ده‌ستیدا تۆبه‌یان كردو وه‌ك دووكه‌وتی ئه‌و خۆیان به خه‌لك ناسان . ئه‌م بیروڕایه‌ش ماوه‌یه‌كی زۆری خایان هه‌رچه‌نده ( سه‌بتای ) خۆی له سالی ١٦٧٦ مرد . به‌لام زۆر له دووكه‌وته‌كانی له‌سه‌ر هه‌مان ڕێڕه‌و ده‌ڕۆیشتن و واشیان ڕاده‌گه‌یان كه ڕۆحی ( سه‌بتای سه‌ڤی ) زیندوو به‌رده‌وامه بۆ ڕزگاركردنی هه‌موو جیهان له‌وانه ( قۆریدۆ )ی جێنشینی . به‌لام وشه یان زاراوه‌ی ( دۆنمه ) له بنه‌مادا



سه‌رۆكی ڕۆحی جووله‌كه‌ی دۆنمه

سه‌بتای سه‌ڤی ( ١٦٢٦ - ١٦٧٦ )

تورکیەو ، بەمانای گۆڕاو( متحول ) دێت لە ئاینێکەوە بۆسەر ئاینێکی تر . بەجۆرێکی ئەوتۆ ئەمانە بۆ ماوەی دوو سەدەو نیوی تەواوو ، بەشێوازێکی نهێنی پارێزگاریان لە داب و نەریت و بیرو ڕای خۆیان دەکرد . بە ڕادەیە هەندێ لە نهێنیەکانی ئەمانە ئاشکرا نەکرا لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا نەبێت . دۆنمەکانیش بۆخۆیان دابەش دەبن بەسەر سێ لقی سەرەکیدا کە ئەمانەن :-

١- یەعقوبیەکان : بە کۆنترین و دێرین ترین لقی جوولەکەی ( دۆنمە ) دادەنرێن . هەر بۆ ئەوەش وا ناویان لێنراوە . لەبەرئەوەی بنەچەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەر کەسایەتیەك بەناوی ( یەعقوبی قۆریدۆ )وە ، هەندێ جاریش ئەمانە بە ( سەرتاشراوەکان ) ناسراون . بەوەی کە بە تەواوی سەری خۆیان دەتاشی .

٢- کرکاشیەکان : ئەم لقەیان دەگەڕێتەوە بۆسەر ناوی کەسایەتیەکی جوولەکە بەناوی ( بروخیا )وەو لەوانی پێشوو جیاوازن . چونکە ئەمانەی دوایی سەری خۆیان ناتاشن و ، دوابەدوای مردنی ( بروخیا ) کۆمەڵێك لە نەوەکانی خۆی بوونە جێنشینی لەوانە ( دەروێش ئەفەندی ) کە یەکێ لەبیرو ڕاکانیشی ئەوەی بووە کە مافی ( سەربەستی سێکسی ) بڵاوکردەوە . بە پشت بەستن بە چەند دەقێکی ئایینی لە کتێبە ئاینیەکانی جولەکە .

٣- کەباندجیسیەکان : ئەمەی دوایی لە ڕەواڵەتدا وشەیەکی تورکیە ، بە واتای ( دێرینەکان - القدماء ) دێت . کاتی خۆی ئەمانە بەشێك بوون لە ( کرکاشیەکان )ی بروخیاو لە بیستەکانی سەدەی هەژدەیەمدا لەوانە جیابوونەتەوە . [٣] لەگەڵ ئەوەشدا دەبینی جوولەکەی ( دۆنمە )

هەواڵنامەی کتێب

پەرستگا( معبد )ی تایبەت بەخۆیان بووەو ، بەزۆری شوێنەکەشی ئەکەوێتە ناوەندی ئەو جێگایەوە کە تیایدا نیشتەجێ ئەبوون کە بە زمانی تورکی پێی ئەوترێ ( قەهل ) کە بە مانای ( کۆمەڵەی نوێژگەران ) دێت . سەرەڕای ئەوەی ( دۆنمەکان ) لە ئاخاوتنیانداو لەنێوان خۆیاندا بە زمانی ( عیبری ) قسە دەکەن بەڵام لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم بەدواوە زمانی تورکیان بەکاردەهێنا لە ئاخاوتنیانداو زمانی ( عیبری)ش بۆ نوێژکردنیان . هاوکات بە پیتی ( لاتینی)ش دەیان نوسیەوە . یەکێك لەو جەژنانەش کە : (( دۆنمەکان ئاهەنگی ساڵانەی بۆ دەگێڕن ( جەژنی کاورە - عید الخروف )ە . کە هەموو ساڵێك لە ٢٢ی ئازاردا بەڕێوەدەچێ )) [٤] . لە شەودا دەکرێو گۆشتی کاوڕی تیا دەخورێ .

## چوارەم : جوولەکەکانی ڕۆژهەلات و کوردستان

وەك دەبینی جوولەکەکانی ڕۆژهەلات زیاتر جیاوازیان هەیە لەوانی ترو ، ئەمانەش بەزۆری ئەکەونە ولاتە عەرەبیەکانەوە ، بەزمانی عەرەبی ئەدوێن . هەندێکی تریان ( پێش کۆچکردنیان ا - ب ) کەوتبوونە ولاتانی وەك ئێران و ، ئەفغانستانەوەو ، بەزمانی فارسی قسەیان دەکرد. ئەوانەشیان کە لە کوردستاندا بوون بەزمانی ئارامی نوێ دەئاخاوتن و ؛ ئەنسکلۆپیدیای بەریتانی سەرژمێریانی بە (٢) دوو ملیۆن لە قەڵەم داوە. [٥] هاوکات پێویستە ئەوەش بزانرێ جوولەکەکانی ولاتی کوردستان( سەرەڕای زمانی تایبەتی خۆیان زۆر بەچاکی زمانی کوردیان

هەوالنامەی کتێب

زانیووه ) له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا هه‌ندێ ڕه‌گه‌زی تری جووله‌كه هه‌ن له‌وانه‌ی سه‌ره‌وه جیاوازن وه‌ك جووله‌كه‌كانی وڵاتی حه‌به‌شه ( فلاشا ا - ب نووسه‌ر )و جووله‌كه‌كانی وڵاتی هیند كه تائێستا بنه‌چه‌یان شاراوه‌یه‌و ، به‌ته‌واوی زیندو نه‌كراوه‌ته‌وه [٦] كه سه‌ر به چ بنه‌چه‌یه‌كی جووله‌كه بووبێتن . هه‌ر به‌م جۆره‌ش بووه كه جووله‌كه‌كانی وڵاتی عێراق و كوردستان تێكه‌ڵ به دانیشتوان بوون و ؛ له هه‌موو شوێن و جێگایه‌كدا به‌دی ده‌كران ، به‌رده‌وام به‌دوای پیشه‌و كاروباری خۆیاندا سه‌رگه‌رم بوون . ته‌نانه‌ت له ساڵانی حوكمڕانیه‌تی ده‌وڵه‌تی ئیسلامی و ؛ تا ڕۆژگاری عه‌باسیه‌كان ( ١٣٢ - ٦٥٦ ك ) و دواتر ده‌وڵه‌تی عوسمانی ( ١٢٩٩ - ١٩٢٢ )زایین له عێراقدا هه‌موو داب و ، نه‌ریتێكی تایبه‌ت به‌خۆیان هه‌بووه‌و ، ئازادو سه‌ربه‌ست بوون . به‌شێوازێكی ئه‌وتۆ وای لێهاتبوو له ڕۆژگاری ده‌سه‌ڵاتی عوسمانیه‌كاندا و ؛ له ساڵی ١٨٧٦ دا كه ده‌ستوری عوسمانی بڵاوكرایه‌وه زۆر له جووله‌كه‌كانی ناو ئه‌م قه‌ڵه‌م ڕه‌وه بوون به ئه‌ندام له ئه‌نجومه‌نی پیرانی ده‌وڵه‌تی عوسمانی داو : (( یه‌كه‌م ده‌زگای چاپ ئه‌و جووله‌كانه هێنایانه توركیاوه كه له ده‌ست زۆرداری فه‌رمانڕه‌وایانی ئیسپانیا په‌نایان هێنایه به‌ر وڵاتی عوسمانی . ئه‌مانه له ساڵی ١٤٩٤ دا یه‌كه‌م چاپخانه‌یان له هه‌موو ئیمبراتۆریه‌تی عوسمانیدا له ئه‌سته‌موڵ دامه‌زران )) [٧] سه‌رڕای ئه‌وه‌ی به به‌رده‌وامی ژماره‌یان له زیادبوون و ، گه‌شه‌كردندا بووه . به‌جۆرێكی ئه‌وتۆ سه‌رژمێری ئه‌و نه‌ته‌وه‌و ، ڕه‌گه‌زو ئاینانه‌ی كه ( ویلایه‌تی موسڵ )یان پێك هێناوه ، له سه‌ره‌تاكانی سه‌ده‌ی بیسته‌مدا هه‌ریه‌ك له حكومه‌تی تورك ، به‌ریتانیاو دواتر حكومه‌تی عێراق له ساڵانی ( ١٩٢٢ - ١٩٢٤ )

هه‌واڵنامه‌ی كتێب

دا خستویه‌تی‌یه به‌رچاو هه‌ریه‌كه‌یان به‌جۆرێ لێكیان داوه‌ته‌وه‌و ، سه‌رژمێرێكی ئه‌وتۆیان بۆ ده‌سنیشان نه‌كردووه كه به ته‌واوی بوونی ئه‌و ره‌گه‌زو زمان و ئایین و نه‌ته‌وانه یه‌كلایی بكاته‌وه . به‌ڵكو هه‌ریه‌كه‌یان به خوایشتی خۆیان و ، به‌پێی ئه‌و به‌رژه‌وه‌ندیه‌ی كه هه‌یانبوه له ناوچه‌كه‌دا خه‌ملاندویانه‌و ، لێكیان داوه‌ته‌وه . كه تیایدا به‌پێی راپۆرته‌كه‌ی حكومه‌تی تورك كه خستویه‌تی‌یه به‌رده‌م ئه‌ندامانی ( رێكه‌وتنامه‌ی لۆزانی یه‌كه‌می ساڵی ١٩٢٢ ) ژماره‌ی جووله‌كه‌كانی ویلایه‌تی ( موسڵ )ی به (٣١) سی ویه‌ك هه‌زار خه‌ملاندوه‌و ، له‌لایه‌كی كه‌شه‌وه حكومه‌تی به‌ریتانیا به‌پێی ئه‌و راپۆرته‌ی كه له ساڵی ١٩٢١ دا بلاوی كردۆته‌وه . ژماره‌ی جووله‌كه‌كانی ئه‌م ویلایه‌ته‌ی كه به‌زۆری هه‌موو كوردستانی پێكه‌وه گرێدراو به عێراقی ده‌گرته‌وه . به ( ١٦٨٦٥ ) شازده هه‌زارو هه‌شت سه‌دو شه‌ست و پێنج كه‌س ده‌سنیشان كردووه . به‌لام حكومه‌تی عێراق ئه‌و رێژه‌یه‌ی سه‌ره‌وه‌ی هێناوه‌ته خواره‌وه . بۆ نزیكه‌ی ( ١١٨٩٧ ) یازده هه‌زارو هه‌شت سه‌دو نه‌وه‌دوو حه‌وت كه‌س . وه‌ك له‌م خشته‌یه‌ی خواره‌وه‌دا سه‌رژمێری سه‌رجه‌م ره‌گه‌زو زمان و نه‌ته‌وه‌كانی تر به‌پێی هه‌مان ئه‌و راپۆرتانه‌ی كه ناوم بردن دیاری كراون [٨] :-

هەواڵنامەی کیتر

| نه‌ته‌وه‌و كه‌مینه‌كانی ویلایه‌تی موسڵ | راپۆرتی تورك له لۆزاندا | راپۆرتی به‌ریتانیا له ساڵی ١٩٢١ | سه‌رژمێری حكومه‌تی عێراق له ساڵانی ١٩٢٢ - ١٩٢٤ |
|---|---|---|---|
| كورد | ٢٦٣،٨٣٠ | ٤٢٣،٧٢٠ | ٤٩٤،٠٠٧ |
| عه‌ره‌ب | ٤٣،٢١٠ | ١٨٥،٧٦٣ | ١٦٦،٩٤١ |
| توركمان | ١٤٦،٩٦٠ | ٦٥،٨٩٥ | ٣٨،٦٥٢ |
| ئاشوری | – | ٦٢،٢٢٥ | ٦١،٣٢٦ |
| جووله‌كه | ٣١٠٠٠ | ١٦،٨٦٥ | ١١،٨٩٧ |
| ئێزیدی | ١٨٠٠٠ | ٣٠٠٠٠ | ٢٦،٢٥٧ |
| نیشته‌جێبووان | ٥٠٣،٠٠٠ | – | – |
| كۆچه‌ر | ١٧٠،٠٠٠ | – | – |
| سه‌رجه‌م | ٦٧٣،٠٠٠ | ٧٨٥،٤٦٨ | ٧٩٩,٠٩٠ |

خشته‌ی ژماره ( ١ )

هه‌واڵنامه‌ی كتێب

بەپێی ئەو یادداشتنامەیەش کە لەلایەن ( کۆمەڵەی کورد )ەوەو بۆ یەکەم جار لە چاپخانەی ( دار السلام )ی بەغدا چاپ کراوەو ، لەبارەی ( کێشەی ویلایەتی موسڵ )ەوە بۆ ( کۆمەڵەی نەتەوەکان – عصبة الأمم )ی بەرزکردۆتەوە . ئەمیش بۆخۆی بەم جۆرە سەرژمێری ویلایەتی موسڵی دەستنیشان کردووە بەڵام یادداشتنامەکە ئەوەی یەکلایی نەکردۆتەوە کە ئەم سەرژمێریەی باسی لێوەکردووە بەپێی کام سەرژمێر بووە کە وای خستۆتە ڕوو ، تیایدا نووسیویە : (( ویلایەتی موسڵ بەگوێرەی ئەو سەرژمێریانەی کە دەوڵەتی تورکی خۆی پشتیان پێ دەبەستێ بریتییە لە ٤٥٠ هەزار کورد ، ١٨٠ هەزار عەرەب ، ٦٦ هەزار تورک ، ٦٥ هەزار نەستوری و ١٦ هەزار جوولەکە وە بەپێی ئەم ژمارانە ڕوون دەبێتەوە کە موسڵ شارێکی کوردیە لەبەرئەوەی ڕەگەزی کوردی تیا باڵادەستە ))[٩] لەم لایەنەشەوە بەزۆری مەبەستی سەرەکی من سەرژمێری ئەو جوولەکانەیە کە لە ویلایەتی موسڵدا بوون و ڕێژەشیان بەپێی ئەو سەرژمێریە هەرچەندە کەمترین ڕێژەیەو دەکاتە ( ١٦ ) شازدە هەزار جوولەکە . لەوانەشە ئەمەیان بەگوێرەی سەرژمێرێکی کۆنتر لێکدرابێتەوە . هاوکات ئەوە ئەسەلمێنێ کە ویلایەتێکی وەك ( موسڵ )ی ئەوکاتە ژمارەیەکی زۆر جوولەکەی تیا ژیاوەو لە ناوچە جۆربەجۆرەکانیدا بڵاوبوونەتەوە . خۆ ئەگەر بێتوو بەشێوازێکی وردترو ، بەپێی سەرژمێریەکانی تر ژمارەی جوولەکەکان لە عێراق و کوردستانی باشوردا دەسنیشان بکەین ئەوا پێویستە زیاتر بە تەنگی ئەو سەرژمێریانەوە بچین کە لە وڵاتی عێراقدا کراون و ، ڕەنگە ئەوەشیان بەتەواوی ڕاست نەبن . چونکە هەل و مەرجی کوردستان و ،

زۆربەی ئەو جوولەکانەش کە لە کوردستانی باشووردا بوون بەزۆری لادێ نشین بوون ، دەوڵەتیش بەهۆی ڕەوش و ناسروشتی دەسەڵاتیەوە ، لە کاتی خۆیدا ئەوەی بۆ دەستەبەر نەبووەو ، نەیتوانیوە ئەو سەرژمێریانە بە ڕێك و پێکی جێبەجێ بکاو ، دەستنیشانی شوێن و جێی تایبەتیان بکا . وەك دەبینی سادق سودانی لەبارەی سەرژمێری جوولەکەوە لە وڵاتی عێراقدا نووسیویە : (( ژمارەی جوولەکە لە ویلایەتی بەسرەداو لە ساڵی ١٩١٧ دا ( ٣٣٤٧) کەس بوەو ، لە ویلایەتی ( موسڵ )یشدا لە ساڵانی ١٩١٨ - ١٩١٩ دا ( ١٣٨٣٥ ) کەس بوون . لە کاتێکدا ژمارەیان لە ناوچەکانی بەغداو موسڵ و بەسرە لە ساڵی ١٩٢٠ دا بەم شێوەی خوارەوە بووە :-

( ٦٢،٥٦٥ ) ، ( ١٤،٨٣٥ ) ، ( ١٠،٠٨٨ ) یەك بەدوای یەك بەو واتایەی سەرجەمی جوولەکە لە عێراقدا ٨٧،٤٨٨ کەس بووە ، ئەمەش بەگوێرەی ئەو سەرژمێریەی کە حکومەتی بەریتانی لە ساڵی ١٩٢٠ دا بڵاوی کردۆتەوە)) [١٠] بەڵام ویگرام لەو کتێبەیدا کە لەبارەی ( ژیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان )ەوە نوسیویەتی کاتێك باس لە دانیشتوانی ( موسڵ ) دەکا وای دەگێڕێتەو دەڵێ : (( موسڵ شانازی بە نزیکەی هەشتا هەزار کەسەوە دەکات کە چارەکێکیان نەسرانی و نزیکەی پێنج هەزاریان جوولەکەن و ئەوانەی کەشیان موسڵمانن )) [١١] . کە بۆ سەرجەمی ژمارەی جوولەکە لە عێراقدا نوری سەعید لە کۆتایەکانی جەنگی جیهانی یەکەمدا ( ١٩١٤ - ١٩١٨ ) وای بۆ چووە کە ژمارەی جوولەکە لە عێراقدا خۆی دەدا لە ٢٠٠،٠٠٠ کەس . سەرەڕای ئەوەش مەتی ئاکرەیی لە سییەکاندا ( واتە سییەکانی سەدەی بیستەم ا - ب )

سه‌رژمێری جووله‌كه‌ی له‌ عێراقدا به‌ ( ٨٠ ) هه‌زار داناوه‌و ناوچه‌ی كوردستان و باكوری عێراقی به‌م شێوه‌یه‌ خه‌ملاندوه‌ له‌وانه‌ شاری موسڵ ٧٦٣٥ ، هه‌ولێر ٤٨٠٠ ، كه‌ركوك ١٤٠٠ ، سلێمانی ١٠٠٠ ئه‌مه‌ له‌ كاتێكدا ئاژانسی جووله‌كه‌ ( الوكالة اليهودية ) له‌ راپۆرتێكی خۆیدا كه‌ بۆ لیژنه‌ی ( ئه‌نگلو – ئه‌مه‌ریكی ) له‌ ساڵی ١٩٤٦ دا ناردویه‌تی سه‌رژمێری جووله‌كه‌ی له‌ وڵاتی عێراقدا به‌ ( ١٢٠ – ١٣٠ ) هه‌زار داناوه‌و به‌پێی سه‌رژمێری ساڵی ١٩٤٧ ژماره‌یان خۆی داوه‌ له‌ ( ١١٨ ) هه‌زارو ژماره‌ی ئه‌و جووله‌كانه‌ش له‌ گونده‌كانی كوردستاندا بوون ژماره‌یان نزیكه‌ی ( ١٨ ) هه‌زار كه‌س بووه‌ .[١٢] و له‌ رووی داب و نه‌ریتیشه‌وه‌ هه‌ڵسوكه‌وتیان زۆر له‌ دانیشتوانی تری عێراق ئه‌چوو جگه‌ له‌وه‌ش په‌یوه‌ندیان له‌گه‌ڵ خه‌ڵك و دانیشتوانی تردا تا بڵێی باشبووه‌و هیچ دووبه‌ره‌كی و ئاژاوه‌یه‌كی ئه‌وتۆیان له‌ نێواندا نه‌بووه‌ . وه‌ك ده‌بینی خه‌ڵكی گوندێكی وه‌ك ( غێدان ) كه‌ ئه‌كه‌وێته‌ ناوچه‌ی ( بنكوره‌)ی سه‌ر به‌شاری ( خانه‌قین )ه‌وه‌ زۆر به‌تاسه‌وه‌ باس له‌ ئافره‌تێكی گونده‌كه‌یان ده‌كه‌ن كه‌ ناوی ( گورجی ) بووه‌ ، كاتێ له‌ كۆتایی چله‌كاندا كۆچی جووله‌كه‌كان به‌شێوه‌یه‌كی گشتی به‌ره‌و ( ئیسرائیل ) ده‌ستی پێكردوه‌و ئه‌م ناوچه‌یه‌یان به‌جێهێشتوه‌ وه‌ك ده‌گێرنه‌وه‌ ئه‌م ئافره‌ته‌ ماڵ به‌ ماڵی گونده‌كه‌ گه‌راوه‌و ، بانگی هه‌ڵداوه‌و وه‌ره‌قه‌ی گریان به‌ری نه‌داوه‌ به‌هۆی ئه‌و دووركه‌وتنه‌وه‌و به‌جێهێشتنه‌ی خه‌ڵكی ئه‌و گونده‌ی كه‌ له‌ دێر زه‌مانه‌وه‌ . تیایدا ژیاوه‌و ، ئاشنای داب و ، نه‌ریتی دانیشتوانه‌كه‌ی بووه‌. یانی مه‌سه‌له‌ی تێكه‌ڵ بوونی جووله‌كه‌ له‌گه‌ڵ دانیشتوانی كوردستانو عێراق و ئه‌و ناوچانه‌ی كه‌ تیایدا نیشته‌جێ بووبوون

هەواڵنامەی کتێب

گەیشتبوە ڕادەیە ، وای لێهاتبوو کە زۆر کەسایەتی و پیاوی ناودارییان لێ هەڵبکەوێ و بگەنە پلەی بەرز لە دەسەڵاتدا وەك دەبینی کەسایەتیەکی وەك ( ساسۆن حەسقیل ١٨٦٠ - ١٩٣٢ ) * [١٣] کە بۆ خۆی چەند جارێك وەزیری دارایی ( مالیە ) بوو لە سەردەمی حوکمڕانیەتی ( عەبدولڕەحمان نەقیب و عەبدول موحسین سەعدون ) و سەردەمی شانشینی فەیسەڵی یەکەم لە عێراق و ( ٢٣ ئابی ١٩٢١ - ١٩٣٣ ) بۆ چەند جارێك ئەو پلەو پایەی بۆ دووبارەو سێبارە بۆتەوە . تەنانەت ئەم کەسایەتیەش یەکێك بووە لەوانەی لەکاتی بەستنی کۆنگرەی قاهیرەدا کە لە (١٢ -١٩٢١/٣/١٨ ) بەسترا بۆ مەسەلەی دەستنیشانکردنی فەرمانڕەوایی لە عێراق و باروودۆخی ناوچە کوردنشینەکان . بێ ئەوەی هیچ عێراقیەك ناڕەزاییەکی ئەوتۆی بەرامبەر ئەوە بووبێ کە ئەم پایەی وەزاری لەم سەروبەندەدا وەرگرتبێ . لە چلەکانیشدا ( یوسف ڕەزوق الله غەنیمە ) هەمان پلەی وەزارەتی دارایی دراوەتێ ، سەرەڕای زۆر لەو کەسایەتیە جوولەکانەی عێراق کە ڕەوایەتی بوونە ئەندامیان پێ سپێرا لە ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پیرانی عێراقیدا لەوانە کەسانی وەك :

* ئەم کەسایەتیە جوولەکەیەی عێراق ساڵی ١٨٦٠ لە بەغدا لەدایك بووە . پلەی سەرەتایی خوێندنی لە بەغداو دواناوەندی لە ( لەندەن )و خوێندنی باڵاشی لە ( ڤیەننا ) تەواوکردووە . کەسایەتیەکی شارازا بووە لە بواری ئابووری و کاروباری داراییدا . چەند جارێك نوێنەری عێراق بوو لە ئەنجومەنی پیرانی عوسمانیداو ، لە سەرەتای دامەزرانی حکومەتی عێراقیەوە پێنج جار بووە بە وەزیری دارایی و یەکێك بووە لە ئەندامانی کۆنگرەی قاهیرەی ساڵی ١٩٢١ کە بۆ مەسەلەی کاروباری دەسەڵات لە عێراقدا بەسترا بۆ دواجار لە ساڵی ١٩٣٢ لە پاریس مردووە .

هەواڵنامەی کتێب



ساسۆن حەسقیل

١٨٦٠ - ١٩٣٢

ئیسحاق ئەفرایم ، ڕۆبین سوفیح ، ساسۆن حەسقیل ، نەعیم زەڵخە ، عەبدول نەی میر ، ساسۆن سەمیح . هەریەك لەمانە بوونە ئەندام لە خولەکانی هەڵبژاردنی ساڵانی ١٩٢٦ ، ١٩٢٨ ، ١٩٣٤ . لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لە جوولەکەکانی عێراق لە چالاکی و ڕێکخستنەکانی ئەو ڕێکخراوو

پارته سياسيانه‌شدا كاريان ده‌كرد كه له ولاَتى عيَراقدا چالاكى خوَيان هه‌بوو . له ساڵى ١٩٣٤ ه‌وه كه بوَ يه‌كه‌م جار ( حيزبى شيوعى عيَراق ) دامه‌زراو ليَره به‌دواوه وه‌ك ريَكخراويَكى سياسى چالاكيه‌كانى خوَى له عيَراق و كوردستاندا ده‌سپيَكرد . به‌شيَكى زوَر له جووله‌كه‌كانى دانيشتوى ئه‌م ناوچانه په‌يوه‌نديان كرد به ريزه‌كانى ئه‌م حيزبه‌وه‌و ، به‌جوَريَ ده‌توانين ناوى كه‌سانى وه‌ك : يه‌هودا ئيبراهيم ، يوسف زه‌لوف له‌م باره‌يه‌وه ده‌سنيشان بكه‌ين . ته‌نانه‌ت له ماوه‌يه‌كدا ئافره‌تيَكى وه‌ك ( حه‌نينه هارون زه‌ڵخه ) [14] . سه‌روَكى ريَكخراوى ئافره‌تان بوو له شارى سليَمانىدا . له‌م باره‌يه‌شه‌وه ده‌ستورى عيَراقى ئه‌وكات پشتگيرى له جوَره چالاكى‌و كردنه‌وه‌ى ريَكخراوى له‌و بابه‌ته‌ى ده‌كرد هاوكات پاڵپشتيَكى گه‌وره بوو بوَ خاوه‌نى ئه‌و ئايين و ئايين زايانه‌ى كه له عيَراقدا بوون وه‌ك جووله‌كه‌و ديانه‌كان ( المسيحين ) . به‌زوَرى دياره‌ده‌يه‌كى وا له سه‌رده‌مى ده‌سه‌لاَتى فه‌يسه‌ڵى يه‌كه‌م و حوكمڕانيه‌تى ئينگليزدا به‌ته‌واوى به‌رچاو ده‌كه‌وت به‌لاَم له‌و ماوه‌يه به‌دواوه ئه‌م جوَره چالاكى و كارى ريَكخستنانه به‌ره‌و لاوازى و كه‌م بوونه‌وه ده‌چوون . هه‌ربوَ ئه‌وه‌ش بوو كه كه‌سيَكى وه‌ك شا فه‌يسه‌ڵ به‌وه بناسرىَ كه پشتگيرى له جووله‌كه ئه‌كات . وه‌ك ده‌بينى زوَر له روناكبيرانى عه‌ره‌بى و عيَراقى دان به‌و راستيه‌دا ده‌نيَن و ، به‌وپيَيه‌ى كه (٣) سىَ ناوه‌ندى سه‌ره‌كى بوَ جووله‌كه‌كان له عيَراق دا كراوه‌ته‌وه كه ئه‌وانه‌ش بريتى بوون له ناوه‌ند ( مركز )ى به‌غدا ، به‌سره‌و موسڵ [15] . له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شداو به‌گويَره‌ى ئه‌و داواكاريه‌ى كه جووله‌كه‌كانى ليواى ( ديالى ) له ساڵى ١٩٣٢ دا به‌رزيان كردوَته‌وه كه‌وا ناوه‌ندى چواره‌ميان بوَ بكريَته‌وه

هه‌واڵنامه‌ى كتێب


هەواڵنامەی کتێب

شا فەیسەڵی یەکەم

( ١٩٣٣ - ١٨٨٣ )

بەمەرجێك شوێنە سەرەکیەکەی لە شاری ( خانەقی )دا بێت . دیارە ئەمەش بەزۆری لەبەرئەوە بووە کە ڕێژەیەکی زۆر لە جوولەکە لەو شارەدا هەبوون و هەر بۆیە شا فەیسەڵ لەسەر ئەم داواکاریە ڕازی بووەو ، بەو جۆرە چوارەم ناوەندی جوولەکە لە شاری خانەقی دا کراوەتەوە ، ئەوانیش وەك پێزانینێك بۆ ئەو بڕیارەی شا فەیسەڵ لە ( ۱۹۳۲/۱۲/۲۳ )ەوە بروسکەیەکی پیرۆزباییان بۆ ناردوەو ، سوپاسی سەرجەم جوولەکەی ئەم هەرێمەیان پێ ڕاگەیاندوە . لەبارەی ئەو جوولەکانەشەوە کە لە شاری ( خانەقین )دا بوون دکتۆر جەلیلی جەلیل ئەڵێ : (( خانەقین و مەندەلی ئەکەوتنە بەشی خوارووی سنوری ڕەگەزی وڵاتی دانیشتوە کوردەکانەوەو لەژێر دەسەڵاتی ویلایەتی بەغدادا بوون . لەم شوێنانەدا ژمارەیەکی کەمی عەرەب و جوویش ئەژیان ئەمانەی دوایی ( واتە جوولەکە ) بەزۆری لە شاری خانەقیندا ئەژیان )) [١٦] وەك دەبینی لە زۆر شوێنی کەشدا ئەوە دەستنیشان کراوە کە جوولەکەکان لە شاری ( خانەقین )دا کڵێسە ( کنیسە )ی تایبەت بەخۆیان و تا ساڵانی پێش هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی قوتابخانەی خۆیان لەم شارەدا هەبووەو ، بۆ ئەو مەبەستەش بووە کە کۆمەڵەی ( الالیانس ) ی جوولەکە هەستاوە بە کردنەوەی گەلێك قوتابخانە لە وڵاتی عێراقداو تەنانەت لە شاری کەرکوکیشدا قوتابخانەی تایبەتی خۆیانی تیا کراوەتەوەو ، لەو سەردەمەدا لە دوو کۆشکی گەورە پێك هاتبوو ، لە ساڵی ۱۹۱۳ شدا لقێکی قوتابخانەی سەر بە کۆمەڵەی ( الالیانس )ی جوولەکە لە شاری خانەقین دا کراوەتەوەو ژمارەی قوتابیەکانی لەو ساڵەدا خۆی داوە لە نزیکەی (۷۰ ) قوتابی [١٧] . تەنانەت زۆر لەو

جوولەکانەش کە لە شاری خانەقین دا بوون گەلێ جار بەوە هەڵساون کە دەسگرۆیی بزوتنەوەی جوولەکە بکەن بە مەبەستی دامەزراندنی کیان و قەڵەم ڕەوی جوولەکە لە ( فەلەستین )دا یەکێك لەوانە سەرکردەی جوولەکەکانی ئەو دەمەی شاری خانەقین بوو کە ناوی ( ئیبراهیم ساسۆن نەسیم )ەو ، بە ( ئەبراهام نووسەر ) شۆرەت و ناوبانگی ڕۆیشتبوو . ئەمەش بۆخۆی وەکیلی ڕێکخراوی ( کیرث کیمث ) بوو کە بە مانای ( سندوقی نەتەوەیی جوولەکە ) دێت . بەجۆرێ هەر لە ساڵی ١٩٢١ەوە گەلێك کۆمەك و یارمەتی بە سندوقی ناوبراو بەخشیوەو ، لە شارێکی وەك هەولێریشدا ( نورائیل ) ناوێکیان کە سەرۆکی کۆمەڵەی جوولەکەکانی ئەم شارە بووە لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆکی چالاکییەکانی ئەو کۆمەك و یارمەتیانە بووە کە بۆ پشتگیری کردنی بزوتنەوەی جوولەکەو ، ڕێکخراوی ( کیرث کیمث ) کۆکراوەتەوە ئەو کەسایەتیە جوولەکەیەش کە لە شاری ( کەرکوك ) دا ئەم دەسگرۆیی و یارمەتیانەی کۆدەکردەوە کەسایەتیەکی جوولەکە بوو بە ناوی ( ئیسحاق دانیاڵ )ەوە کە هەر لە ساڵی ١٩٢٤ ەوە بوو بە نائب لە بەغدا [١٨] بەڵام گەورەترین سەرداری ڕۆحی جوولەکە لە وڵاتی عێراقدا کەسایەتیەکی ناسراو بوو بەناوی ( ساسۆن خضوري ) ەوە . دوایی ئەمە بەپێی بڕیارێکی گشتی لەلایەن جالیەی جوولەکەوە لە عێراقداو ، بەپێی داواکردنیان لە حکومەتی عێراق ئەو پلەو پایەیان لێسەندەوەو ؛ یەکێکی تر لە شوێنەکەی دانرا بە ناوی ( ئیبراهیم ئەسلان یەهودا ) ەوە . بەڵام بۆئەوەی زیاتر لە چۆنێتی ژیان و ، سەربردەی جوولەکەکانی وڵاتی کوردستان بگەین و بۆ ڕوون کردنەوەی لایەنێکی ئەوتۆ چەند


دانیشتنێکی مەیدانی و چاوپێکەوتنم لەگەڵ کۆمەڵێك پیرو بەساڵاچووی چەند ناوچەیەکی کوردستاندا بەجێ هێناوە . جا ئەم قسانەو ئەم سەربردانە کە لێرەدا تۆمارم کردون هەرچەندە تا ڕادەیەك مۆرکی ساکاری و سادەیی یان پێوە دیارە بەڵام وەك ناوەڕۆك و لە ڕووی بایەخی مێژوویی یەوە . تایبەتمەندی خۆیان هەیەو ، لەلایەکی کەشەوە بوونی جوولەکەو تێکەڵ بوونیان لەگەڵ کوردو دانیشتوانی کوردستانا هێندە کۆن نی یە تاوەکو وای لێك بدەینەوە کە ئەم قسانەو ، ئەم تۆمارکراوانە ببنە جێی شك و گومان هەر لەم بارەیەشەوە حاجی بەهمەن خانەقینی کە لەدایك بووی ساڵی (١٩٢٨)ی شارەکەیە لەبارەی جوولەکەکانی ئەم شارەوە دەڵێ : (( لە شاری خانەقی دا نزیکەی (١٥٠) خێزانی جوولەکە هەبوون . بەزۆری لە گەڕەکەکانی عەبدوڵلا بەگ و تێل خانە دادەنیشتن . پیشەو کاروباریان بەزۆری بازرگانی و دوکانداری بوو . سەرکردەکەشیان بەپێی ئەوەی من لە یادم بێ کابرایەك بوو بەناوی ( موشی حایی )یەوە . زۆر چاکیشم لە یادە هەر لە گەڕەکی ( تێل خانە ) دا کەنیسەیەکی تایبەت بەخۆیان هەبوو . تەنها خۆیان و حاخامەکانیان ڕوویان تێ ئەکرد . کەسێکیشیان لێ بمردایە ئەوا لە گۆڕستانی خۆیان کە لە ( پاشا کۆپری ) بوو ئەیاننناشت . لە ساڵانی چلەکاندا بوو یەکێکی وەك موشی حایی . هەرچی بەرووبومی خانەقی بوو هەر هەمووی کڕی و لەژێر دەستی خۆیا کۆی کردبووەوە . بەجۆرێك وای کرد . هیچ دەرامەتێکی ئەوتۆ نەمابوو کە خەڵك بیکڕێ تا لە دوایدا ئەمە بوە جێی ناڕەزایی دانیشتوانی شارو پەلاماری هەموو ئەو شت و مەکەیان دا کە ( موشی حای ) قۆرخی کردبوو . هەرهەموویان تالانکرد . عادەتێکیشیان هەبوو

که لە ڕۆژانی شەممەدا ئاگریان نەدەکردەوە . ڕۆژی پێشتر بەتایبەتی دەمەوئێوارە ناوکە خورمایەکی زۆریان ئەسوتان و ، لەسەر سکڵەکەی چێشتی ئەو ڕۆژەیان لەسەر دائەنا تا سارد نەبێتەوە . لەو ساڵانەشدا کە کۆچیان کردو ؛ شاریان بەجێهێشت بەزۆری لە ڕێگای قولە یەهودیەوە ، بەرەو دیوی ئێران بوونەوەو ؛ لەوێوە هەواڵەی وڵاتی خۆیان ئەکران )) [١٩] . ئەبێ ئەوەش بزانین جوولەکەکانی ئەم ناوچەیە هەر ئەوانە نەبوون کە لە شاری ( خانەقین )دا نیشتەجێ بووبوون بەڵکو ئەو گوندو دێهاتانەی دەوروبەریش ژمارەیەکی زۆر جوولەکەی تیا بەدی دەکرا بۆ نمونە بەشێك لەوانە کەوتبونە ناوچەی ( بنکورە ) و دەوروبەریەوە ، لەوانە گوندێکی وەك ( ئاوایی گەورە ) تا کاتی کۆچکردنیان نزیکەی (١٠) دە خێزانی جوولەکەی تیا بووەو کەسایەتیەکان بەناوی ( حایی )یەوە دەم چەرموو و سەرگەورەیان بوە . لەبارەی ئەمانەوە کاك ( ئەحمەدی مەحمود ئیبراهیم ) کە لەدایك بووی ( ١٩٢٦ )ەو خەڵکی هەمان گوندە لەبارەیانەوە ئەڵێ : (( جوولەکەکانی - ئاوایی گەورە - پەیوەندیەکی زۆر بتەویان لەگەڵ خەڵکی ئاوایی و ناوچەکەدا هەبوو ، و گەلێك داب و نەریتی تایبەت بەخۆیان هەبوو کە لە دانیشتوان و ، خەڵکی تر جیاواز بوون . بۆ نمونە یەکێك لە نەریت و جەژنە ڕەسەنەکانیان ( کەپرەشینە ) بوو کە بەزۆری هەموو ساڵێ لە کۆتاییەکانی مانگی ئەیلول دا دروستیان دەکرد . بەجوانی دەیانڕازاندەوەو ، هەر شتێکی جوانیان هەبوایە بەو کەپرەدا هەڵیان ئەواسی و زۆر خۆشحاڵ دەبوون بە ڕێ و ڕەسمێکی وا . بەجۆرێ تا بارانی ساڵی نوێ لەو کەپرەی نەدایە لایان نەدەبرد . کاتێ

مردوویەکیشیان هەبوایە ئەوا لە گۆڕستانی تایبەت بەخۆیان و لە نزیک گوندەکەوە ئەسپەردەی خاکیان دەکرد )) [٢٠] وەك دەبینی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆداو لەم سەروبەندەشدا کوردە جوولەکەکانی وڵاتی ( ئیسرائیل ) ئاهەنگی ساڵانە . بەم بۆنەیەوە دەگێڕن . بەشێوازێکی ئەوتۆ زۆربەی پیاوانی دەوڵەت و پەرلەمانتارو کەسایەتیە سیاسیەکانیش تیایدا بەشدار دەبن وەك دەڵێن : (( جەژنێکی گشتی‌یە کە پێی دەڵێن کەپرە شینە هی کوردەکانە ، کە لەو ڕۆژەدا کوردەکان ئاهەنگ دەگێڕن . ئاهەنگ گێڕانی کوردەکان لە پارکێکی گەورەدا لە یەکێ لە شارەکانی ئیسرائیل دەس پێ‌دەکا ئەو ئاهەنگە تایبەت بە کوردەکانەو دوو شەوو ڕۆژ دەخایەنێت . پێشەکی ئاهەنگەکە بە قسەو گفتوگۆکردنی پیاوە سیاسیەکان و ئەندامانی پەرلەمان و سەرەك وەزیران دەس پێ‌دەکات لەسەر ژیان و مێژووی کوردو کوردستان . کە کورد چەند ملیۆنەو بەسەر چەند وڵاتدا دابەشکراوەو چۆن دەچەوسێتەوە . ئەوجا ئاهەنگەکە دەس پێ‌دەکات بە شایی‌و هەڵپەڕکەی کوردی و بە جل و بەرگی کوردیەوە بە ئاهەنگی دەهۆڵ و زوڕنا )) [٢١] . بەڵام سەبارەت بە دێهاتەکانی تری دەوروبەری خانەقین ئەوا گوندەکانی وەك ( سەوزبلاغ ) و ( غێدان ) هەریەکەو دەوروبەری ( ٤ – ٥ ) ماڵێکیان تیا بووە . دوابەدوای ئەوەش هەروەکو خەڵکی ناوچەکە ئەگێڕنەوە کە چەند خێزانێکی جوولەکە لە گوندی ( دەکەی حاجی برایم بەگ ) و دێهات و گوندە سەر سنوریەکانی دەوروبەری ( مەحمود قەجەر ) و ( حەوش کوڕوو ) نیشتەجێ بووبوون . بەڵام ئەمانە هەر لە سەرەتای بیستەکانەوە . ئەم ناوچەیەیان بەجێ‌هێشتووەو چوونەتە دیوی ئێرانەوەو ، لە ( قەسری شیرین )

هەواڵنامەی کتێب

گیرساونه‌ته‌وه ئه‌و كه‌سایه‌تیه جووله‌كه‌ش كه له‌و ده‌مانه‌دا له قه‌سری شیرین دا به‌زۆری ناوبانگی هه‌بوو و ، پرس و ڕای پێ‌ده‌كرا له‌لایه‌ن جووله‌كه‌كانی ئه‌و ده‌وروبه‌ره‌وه وه یه‌كێك بوو به‌ناوی ( شائوول )ه‌وه سه‌باره‌ت به جووله‌كه‌كانی شاری كفری مامۆستا مسته‌فا نه‌ریمان ( ١٩٢٤ - ١٩٩٥ ) له بیره‌وه‌ریه‌كانی خۆیدا وای باس ده‌كا كه شاری ( كفری ) بۆخۆی دابه‌شبووه به‌سه‌ر دوو گه‌ڕه‌كی گه‌وره‌دا كه ئه‌وانه‌ش ( ئیسماعیل به‌گ ) و ( سه‌یده‌كان ) بووه . هه‌ریه‌ك له‌وانه‌ش : (( كرابوونه چه‌ند كوچه‌و كۆڵانێكه‌وه ناوی تایبه‌تیان هه‌بوو وه‌ك كوێلی ، قشڵه ، ده‌ده ، جووله‌كه‌كان ، عه‌جه‌مه‌كان )) [٢٢] له‌باره‌ی جووله‌كه‌كانی ئه‌م شاره‌شه‌وه نووسیویه : (( له مێژه له‌ناو شاری كفری (٤٠ - ٥٠)ماڵه جووله‌كه هه‌بوون كه زۆربه‌یان كوردی قه‌ره‌داغ و سلێمانی بوون . كاروكاسبی‌یان بازرگانی و ورده‌واڵه فرۆشتن و خوم خانه‌یان هه‌بوو له سه‌رده‌می عوسمانی‌دا ده‌م ڕاستیان ( قۆجه شاول ) بوو )) [٢٣] پاش ئه‌م ( صالح دانیال ) بۆته ده‌مڕاست كه‌یان و ئه‌مه‌ی دوایش خۆی و بنه‌ماڵه‌كه‌ی له‌لایه‌ن خه‌ڵكی كفری‌یه‌وه زۆر ڕێزیان لێ‌گیراوه‌و ، كوڕێكی ڕووناكبیرو ناسراوی هه‌بووه به‌ناوی ( حه‌سقیل ) ه‌وه كه چه‌ند جارێك به‌رپرسیارێتی و كاروباری له ده‌زگاكانی ده‌وڵه‌تدا گرتۆته ده‌س . به‌ڵام له سی‌یه‌كان به‌دواوه سه‌رۆكی جووله‌كه‌كانی شاری كفری : (( كه‌سایه‌تیه‌كی ناسراو بووه به‌ناوی ( ئالیاو خدوری ) ه‌وه . ته‌نانه‌ت له‌لای كاربه‌ده‌ستانی ده‌وڵه‌تیش پیاوێكی ده‌سترۆیشتوو بووه . برایه‌كی هه‌بووه به‌ناوی ( بیشان )ه‌وه . عاده‌تی ئه‌م جووله‌كانه‌ش وا بووه كه ڕۆژانی شه‌ممه دوكانیان نه‌كردۆته‌وه‌و ، به‌ڕۆژی پشوی خۆیان زانیوه‌و ،



له چلەکاندا ئەم وێنەیەی سەرەوە ماڵی صالح ملوح جوولەکە بووە لە شاری کفری دا
ئێستاش ماڵی حاجی محمدی ئاڵی جانە

ئەو ڕۆژانە چوونەتە ( کەنیسە ) ی تایبەت بەخۆیان کە شوێنەکەی لە شاری کفری‌دا لە گەڕەکی ( سەیدەکان)ی ئێستا بووە هاوکات گۆڕستانێکی تایبەت بەخۆیان نزیك بە ( دەربەن تاڵە ) هەبووەو ))[٢٤] تەنانەت لەو کاتەشدا کە وەفدێکی ( یانەی سەرکەوتن ) بە سەرۆکایەتی کەسایەتی ناسراو مارف جیاووك باڵەکی لە تەمووزی ساڵی ١٩٤٣دا سەردانی شارەکانی کوردستانی کردوەو هاتۆتە شاری کفری زۆر لە کەسایەتیە ناسراوەکانی کفری و دەوروبەری پێشوازیان لەو هەنگاوە کردوە بۆ دامەزرانی ( یانەی سەرکەوتن ) و دەسگرۆیی کردنی . یەکێك لەوانە ( ئالیاو خضوری ) بووە کە لەو دەمانەدا وەك هەر کەسایەتیەکی شاری ( کفری ) بە (بڕی (٤) چوار دیناری پێشکەش بە نوێنەرانی یانە کردوە ))[٢٥] . لەبارەی خوێندن و بایەخدان بە کاروباری ناو بازاڕو چۆنێتی مامەڵە کردنیان لەگەڵ خەڵکا مامۆستا نەریمان دەڵێ : ( ئێمە چ لە سەرەتایی و چ لە پلەی ناوەندی و خانەی مامۆستایان قوتابی جوولەکەمان لەگەڵ بوو مامۆستای جوولەکەشمان هەبوو لەناو بازاڕیشدا جوولەکە زۆر بوون و هەژاریشیان تیادا بوو . نەمبینی ڕۆژێك جوولەکەیەك دەس لە موسڵمانێك پان بکاتەوە . یان جوولەکەیەك لەگەڵ جوولەکەیەك بەشەڕبێت وە یان جوولەکەیەك دەس درێژی کردنی منالە موسڵمانێك ڕەت بکاتەوە ئێمە لێمان ئەپرسین بۆ وەڵام نادەنەوە ئەیان وت ئەگەر لە مندالە موسڵمانێك بدەین سەدان کەس ئەڕژێنە سەرمان ))[٢٦] . عبدالعزیز سلیمان نواریش لە کتێبی( داود پاشا والی بغداد ) ی‌دا کە لە ساڵی ١٩٤٩ دا لە قاهیرە بڵاوی کردۆتەوە نووسیویە : (( هەندێ سەرچاوە وای بەیان ئەکەن کە نزیکەی ١٨٠٠ جوولەکە لە شاری

هەواڵنامەی گێڕ

## سلێمـــــانی دان و هـــــه‌زار ١٠٠٠ یشـــــیان له‌ شـــــاری



قوتابیانی پۆلی یه‌كه‌می سه‌ره‌تایی له‌ شاری كفری ، ساڵی ١٩٤٠ كه‌ له‌ ناویاندا قوتابی جووله‌كه‌ به‌رچاو ده‌كه‌وێ :-


١- دانیشتووه‌كان له‌ ڕاسته‌وه‌ بۆ چه‌پ : حمه‌ سعید حبیب ، ( نه‌ناسراوه‌ ) ، محمد خدر ، قادری حاجی علی ، شوكر ئه‌هالی ، مدحت عبید به‌گ ، زه‌ینه‌ڵ عبدالقادر

٢- ڕیزی ناوه‌ڕاست له‌ ڕاسته‌وه‌ : علی عبدالله‌ ، حكیم مه‌لا عبدالله‌ ، محمد شریف مولود ، مدحت قادر ، سكران قدو ، أحمد حاجی سمین ، سلام سعید چه‌له‌بی .

٣- ڕیزی دواوه‌ له‌ ڕاسته‌وه‌ : یوسف یعقوب ( جووله‌كه‌ ) ، یحیی وهبی ، خورشید عزیـز ، عاشور جووله‌كـه‌ ، عبـدالله‌ خه‌سجه‌ ، أمین عبدالرحمن ، صبیح اسحاق حه‌له‌كه‌ ، شاك قاد .

هه‌واڵنامه‌ی كتێب

موسڵدایەو لەگەڵ ئەوەشدا ( جالیە )و کڵێسەی تایبەت بەخۆیان لە شاری کفریدا هەبووە )) [٢٧] . بەڵام سەبارەت بەوەی کە هەر جۆرە دەسدرێژیکردنێکی ناڕەواو ، چەوسانەوەیەك توشی جوولەکە هاتبێت لە ناوچەو شوێنە جۆربەجۆرەکانی کوردستاندا زیاتر لەو لایەنەوە ڕەنگی داوەتەوە کە نەتەوەی کورد وەك بیروڕای ئایینی لەگەڵ ئەواندا گونجاو نەبوون و تا ڕادەیەك نەکراوە پێکەوە بژین . هەرچەندە زۆرجار لەو جوولەکانەی لە کوردستاندا بوون هاتوونەتە سەر بیروڕای ئایینی ئیسلام و واش هەڵکەوتوە کە زۆر کەسی کورد ژیانی خێزانی و خانەوادەیی خۆی لەگەڵ ئافرەتێکی جوولەکەدا دەس پێکردوە وەك دەبینی لە شارێکی وەك هەڵەبجەدا: (( چەندەها جار موسڵمانەکان ژنیان لێهێناون بۆ نمونە کچی یەعقوب کە ئەشرافی جوولەکەکان بووە شووی کردووە بە مەلا ئەمینی کەریمی ڕەزا کە لە عەشیرەتی ( جاف ) ی سادانییەو پایتەختی ئەم عەشیرەتە بەکراوا بووە)) [٢٨] دواتر لە هەمان شاری هەڵەبجەدا : (( حەلاوە خانی کچی ( بلەی یەعقوب ) کە ژنی حامی بەگی جاف بووە . لە ساڵی ( ١٩٢٣ )دا موسڵمان بووەو شووی کردوە بە حامی بەگ )) [٢٩] بەجۆرێ ئەم جۆرە تێکەڵ بوون و پێکەوە ژیانەی نێوان کوردو جوولەکە کە لە وڵاتی کوردستاندا وای کردوە : (( کە ئەم پەیوەندیە بەهێزە لە نێوان خێزانە جوولەکەکانی ئەم ناوچەو زۆر خێزانی ناسراوی کوردا بێتەدی کە خاوەنی هەڵکەوتەو بنەمایەکی بتەو بوون لە ناوچەی کوردستاندا )) [٣٠] و زیاتر لە یەکترەوە نزیکیان بکاتەوە . خۆ ئەگەربشمانەوێ بەتەواوی لە چۆنێتی سەرژمێری ئەو جوولەکانە بزانین کە بەشێوازێکی گشتی لە وڵاتی عێراق و کوردستانی



هەوالنامەی کتێب

ماڵی ئالیاو خدوری دەم ڕاستکەری جوولەکەکانی شاری کفری لە سییەکان و چلەکاندا .

پێکەوە گرێدراو بە عێراقەوە بوون ئەوا ئەبێ زیاتر پشت بە دوو سەرژمێری سەرەکی ببەستین یەکەمیان : ئەو سەرژمێرییە کە دەسەڵاتدارانی بەریتانیا لە ساڵی ١٩٢٠دا ئەنجامیان داوەو ، لەوانەشە بەتەواوی جێی بڕوای تەواوو ؛ بە شێوازێکی ورد نەکرابێت . دووەمیشیان : ئەو سەرژمێرەیان بووە کە حکومەتی عێراق خۆی پێش کۆچکردنی یەکجارەکیان و ، بەپێی ئەو سەرژمێریە پەیڕەوی کردوە کە لە ساڵی ( ١٩٤٧ ) سەبارەت بە دانیشتوانی عێراق کردویەتی و بەم پێیەش : (( ژمارەی جوولەکە لە عێراقداو لە ساڵی ١٩٢٠دا کە حکومەتی بەریتانی کردویە بەم شێوەیە بووە :

| | | | |
|---|---|---|---|
| بەغدا | ٥٠٠٠٠ | موسڵ | ٧٦٣٥ |
| سامەڕا | ٣٠٠ | هەولێر | ٤٨٠٠ |
| دیالە | ١٦٨٩ | کەرکوک | ١٤٠٠ |
| کوت | ٣٨١ | سلێمانی | ١٠٠٠ |
| دیوانیە | ٦٠٠٠ | بەسرە | ٦٩٢٨ |
| شامیە | ٥٣٠ | عیمارە | ٣٠٠٠ |
| حلە | ١٠٦٥ | کەربەلا | ١٦٠ |
| دلێم | ٢٦٠٠ | | |
| سەرجەم : ٨٧٤٨٨ | | | |

خشتەی ژمارە ( ٢ )

هەواڵنامەی کتێب

وە بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٤٧ کە بۆ دانیشتوان کراوە ژمارەی جوولەکە لە عێراقدا دابەشبوون بە گوێرەی ئەم ڕێژانەی لای خوارەوە :-

| | | | |
|---|---|---|---|
| بەغدا | ٧٧٥٤٢ | عیمارە | ٢١٣١ |
| بەسرە | ١٠٤١٩ | حلە | ١٨٦٥ |
| موسڵ | ١٠٣٤٠ | دلێم | ١٤٤٢ |
| کەرکوك | ٤٠٤٢ | دیوانیە | ٨٢٥ |
| هەولێر | ٣١٠٩ | منتەفیك | ٦٥٢ |
| دیالە | ٢٨٥١ | کوت | ٣٤٩ |
| سلێمانی | ٢٢٧١ | کەربەلاو نەجەف | ٣٩ |
| سەرجەم ١١٧٨٧٧ | | | |

خشتەی ژمارە ( ٣ )

بەپێی ئەم دابەشبونەی دانیشتوانە بێت کە بۆ جوولەکەی عێراق کراوە دەبینی لە هەر شارو ناوچەیەکەوە بۆ یەکێکی تر لێکدی جیاوازن [٣١] سەرەڕای ئەو ژمارە خێزان و جوولەکانەی لەناو شاری کفریدا بوون ، وەکو پێشتر قسەم لەسەر کرد . کۆمەڵێکی تر لە خێزانی جوولەکەش لە دێهاتەکانی دەوروبەری کفری و تەنانەت لە ( کەلاری کۆن )ی ئێستاو ناوچەی زەنگابادو واتە دەوروبەری کوڵەجۆو ئاوایی شێخ لەنگەر بوون. کە بەزۆری ئەمانەی دوایی خەریکی . باخداری و ئاژەڵداری و ، ئەو کاروبارە بوون کە لەو ناوچەیەدا بۆیان دەستەبەر دەبوو . لەبارەی جوولەکەکانی کەلارو دەوروبەریەوە . ( کەریمی ئەحمەد لالە ) کە

پیاوێکی ته‌مه‌ن (٨٥) ساڵیه‌ وای ده‌گێڕێته‌وه : (( جووله‌که‌کان پێش له‌دایك بوونی من وه‌کو ئه‌وه‌ی له‌ باب و باپیره‌مه‌وه باسیان بۆ کردبێتم چه‌ند خێزانێکیان له‌م ده‌وروبه‌ره‌دا بوون . به‌تایبه‌تی له‌ شاری کفری ، که‌لار ، ناوچه‌ی زه‌نگابادو ئه‌وبه‌ری سیروان . به‌ڵام ئه‌وانه‌ی له‌ که‌لاری کۆن دا بوون ژماره‌یان (٦-٧) خێزان ئه‌بوون . یه‌کێك له‌و جووله‌کانه‌ی که‌ له‌ ناویاندا زۆر دیارو خه‌ڵکی که‌لار باسی لێوه‌ ده‌که‌ن ( نه‌سیم جووله‌که‌)بوو . دایکی ناوی ( ساڵحه‌)بوو و ، ژنه‌که‌شی ( مری ) یان پێ‌ده‌ووت . تا بڵێی پیاوێکی سه‌غی ته‌بیعه‌ت و دیار بوو له‌ناو خه‌ڵکدا . به‌رده‌وام ده‌ستی به‌ده‌م خه‌ڵکی هه‌ژارو لێقه‌وماوه‌وه‌ بوو . یه‌کێکی که‌شیان ناوی ( گه‌وری) بوو . وه‌کو له‌ یادم بێ کاتی خۆی کوڕێکی به‌ناوی ( حایی )یه‌وه‌ له‌ گوندی ( ئاوایی گه‌وره‌ )ی ئه‌وبه‌ری سیروان واته ناوچه‌ی ( بنکوره‌ ) کوژرا . هه‌ردوابه‌دوای ئه‌و کاره‌ساته‌ . که‌لاری کۆنی به‌جێهێشت و ، چووه‌ ( ئاوایی گه‌وره‌) و ، له‌وێشه‌وه‌ به‌یه‌کجاره‌کی چووه‌ ناو جووله‌که‌کانی شاری ( خانه‌قین ) ه‌وه . به‌زۆری ئه‌م جووله‌کانه‌ . له‌م ناوچه‌یه‌دا . خه‌ریکی عه‌تاری و ورده‌واڵه‌ فرۆشی و ؛ ئاژه‌ڵداریشیان ده‌کرد . ته‌نانه‌ت ( نه‌سیم جووله‌که ) یان له‌ که‌لاردا ڕانه‌ مه‌ڕێکی ( ٣٠٠ ) سه‌ری هه‌بوو . وێڕای ئه‌وه‌ که‌ زۆر ڕێزیان له‌ خه‌ڵك ئه‌گرت و تێکه‌ڵ به‌خه‌ڵك ئه‌بوون . هاوکات عاده‌تێکیشیان هه‌بوو ڕۆژانی شه‌ممان ئاگریان نه‌ده‌کرده‌وه . به‌ڵام ڕۆژی پێشتر به‌تایبه‌تی عه‌سری ( هه‌ینی ) یه‌ك مه‌نجه‌ڵ پلاویان ئاماده‌ ده‌کردو ده‌وری مه‌نجه‌ڵه‌کانیان هێلکه‌ڕێژ ده‌کرد . تا ئه‌گه‌یشته‌ سنوری ئه‌وه‌ی که‌ پێ‌بگه‌یشتایه‌ بۆ خواردن . پاشان به‌ڕێك و پێکی بانیان ئه‌ناو ڕۆژانی شه‌ممان ئه‌وه‌یان

ده‌خوارد . خۆ هه‌ر كه‌ مردووییه‌كیشیان لێ بمردایه‌ ئه‌وا ئه‌یانخسته‌ سه‌ر داره‌ مه‌یت و له‌ ئاوی ( سیروان ده‌یانپه‌ڕانده‌وه‌و ، ئه‌یانبرده‌ شاری خانه‌قی و له‌ گۆڕستانی تایبه‌تی خۆیاندا ئه‌سپه‌رده‌ی خاكیان ده‌كرد . ئه‌وه‌شم له‌ بیره‌ كاتێك شه‌ڕی جاف و تاڵه‌بانی ده‌ستی پێكرد له‌ سه‌ره‌تای چله‌كاندا ( نه‌سیم جووله‌كه‌ ) ی كه‌لاری كۆن پشتگیری له‌ جافه‌كان كرد ))[٣٢] . دیاره‌ ئه‌و ڕۆژانی ( شه‌ممه‌)یه‌ش كه‌ جووله‌كه‌كان به‌شێوازێكی گشتی به‌ڕۆژێكی پیرۆزو تایبه‌ت مه‌ندی داده‌نێن له‌به‌رئه‌وه‌یه‌ : (( كه‌ شه‌ممه‌ به‌هۆی ئایینی موساوه‌ بووه‌ به‌ ڕۆژێكی پیرۆز له‌ دیرۆكی جووله‌كه‌دا ))[٣٣] هه‌ر ئه‌مه‌ش وای كردوه‌ كه‌ دیارده‌یه‌كی وا ببێته‌ به‌شێكی گه‌وره‌ له‌ كه‌له‌پورو مێژووی جووله‌كه‌و ته‌نانه‌ت له‌ناو زۆر هۆنراوه‌ی فۆلكلۆری و په‌ندی كوردی دا ڕه‌نگی داوه‌ته‌وه‌و باسی لێوه‌ كراوه‌ هه‌روه‌ك له‌م گۆرانی‌یه‌ فۆلكلۆریه‌دا به‌ته‌واوی ڕه‌نگی داوه‌ته‌وه‌ كه‌ تیایدا ده‌ڵێ :-

هاتن ، هاتن دووبه‌دوو
كه‌ڵه‌گه‌ت و خاڵ له‌ ڕوو
له‌به‌ر خۆفی خوا نه‌بێ
وه‌ك جوو بۆی ئه‌گرم شه‌موو[٣٤]

سه‌باره‌ت به‌و كۆمه‌ڵه‌ جووله‌كه‌یه‌ش كه‌ كه‌وتبوونه‌ ناوچه‌ی زه‌نگابادو كوڵه‌جۆو واته‌ ئه‌و ڕێگایه‌ی كه‌ ئێستا له‌ شاری كه‌لاره‌وه‌ به‌ره‌و ( گولاڵه‌ – جه‌له‌ولا ) ده‌بێته‌وه‌ . كه‌ریمی ئه‌حمه‌د لاله‌ ده‌ڵێ : (( ناوی كه‌سانی وه‌ك حای و یاقوه‌ كوێرو ( شمێل )م زۆرچاك له‌ بیرماوه‌و ( ته‌نانه‌ت نه‌وه‌ی ئه‌مانه‌ تا كاتی نووسینی ئه‌م بابه‌ته‌ش هه‌ر ماون و

لەوانە لێیان ئێستا دانیشتووی گردەگۆزینەو کەلارن ا - ب نووسەر )
ئەمانە بەزۆری خەریکی ئاسیاوچێتی و دوکانداری لەبەرئەوەش
جێگایەکی وەك ( کوڵەجۆ ) کەوتبووە سەر ئاوی ( سیروان ) ەوە وای
لێکردبوون کە بەشێکی زۆریان خاوەنی باخی گەورەو ، بەرفراوان بوون .
لەکاتی ئێستاشدا گۆڕی یەکێك لە جوولەکەکانی ( کەلاری کۆن ) لە
خوارووی ئاوایی‌یەوە هەرماوە ، کە بە گۆڕی ( دانیاڵ جوولەکە )
ناسراوە . هەر لەبەرئەوەش لەوێ ئەوەیان ناشت . چونکە لەو دەمانەدا
بارودۆخ باش نەبوو و ، نەیانتوانی بیگوێزنەوە گۆڕستانی خۆیان .
کاتێکیش ئەم جوولەکانە لە زەمانی ( وەصی ١٩٣٩ - ١٩٥٣ )دا وڵاتیان
بەجێ‌هێشت هەموو شتەکانی خۆیان هەرزان فرۆش ئەکردو ، لە
سنورەکانی ئێرانەوە بۆی دەرئەچوون . بەڵام زۆر دڵگران ئەبوون بەوەی
کە ئێمەیان بەجێ‌ئەهێشت . بەڵام یەك شت هەیە حەزئەکەم باسی لێوە
بکەم ئەویش ئەوەیە بەزۆری جوولەکەکان کاتێ قسەیان دەکرد زمانیان
پەڵپ بوو )) [٣٥] دوابەدوای ئەمانە بوونی جوولەکەو نیشتەجێ‌بوونی
جوولەکە لە تەوەری گەرمیاندا تەنها پابەند نەبوون بەو شوێنانەی کە من
پێشتر لەسەریان دوام و قسەم لەسەر کردن . بەڵکو ژمارەیەکی زۆریشیان
لەو دێهات و ناوچانەدا گیرسابوونەوە کە ئەکەوتنە سەر سنورەکانی
نێوان( عێراق - ئێران )ەوە بەتایبەتی دەوروبەری ناحیەی ( قۆرەتوو ) و
ناوچەی مەیدان و ژمارەیەکیشیان لە دەوروبەری ( پێواز ) و شاری
( دەربەندیخان )دا بوون . بەڵام سەبارەت بە ناوچەی شارەزوور بەهۆی
ئاوەدانی و زۆری ژمارەی دێهات و گوندەکانی‌یەوە وای کردبوو کە
بەشێکی زۆر لە جوولەکەکانی کوردستان بکەونە ئەو هەرێمەوە .

بەڕادەیەکی ئەوتۆ شاری هەڵەبجە یەکێك بوو لەو ناوەندو مەڵبەندە سەرەکیانەی کە ژمارەیەکی زۆر جوولەکەی تیابوو کەچی بەپێی ئەوەی : (( خەڵکی ناوچەی هەڵەبجە دەڵێن جوولەکەکانی هەڵەبجە بەڕەسەن هەڵەبجەیی نین بەڵکو دوای ئاوەدانکردنەوەی شارو پاش ئەوەی کە زۆر جێیان پێ لێژ دەبێت دێنە پاڵ موسڵمانان و بەسەربەستی دەژین بەڵگەش بۆ ئەوە خانووی جوولەکەکان بە پشت خانوی موسڵمانەکانەوە بوە )) [٣٦] لەگەڵ ئەوەشدا دەبینی هەر لەم شارەدا کڵێسەی تایبەت بەخۆیان هەبووەو ، خواپەرستی خۆیانیان تیاکردوە . وەك دەشبینی جوولەکەکانی هەڵەبجە لە ڕووی داهات و ئاستی ئابووری و کاروباریانەوە لە دیارترین و ، دەوڵەمەندترین دانیشتوانی شار بوون . بەجۆرێ زۆربەی دوکان و بازاڕی شار بەدەستی ئەوانەوە بوەو : (( لە شاری هەڵەبجەشدا لەجیا گۆڕستانی خۆیان هەبووە کە لە گەڕەکی ( مۆردانە )دا بووەو لەوێ مردووی خۆیان ناشتووەو نەیان بردۆتە گۆڕستانی موسڵمانەکان )) [٣٧]. مامۆستا شاکیر فەتاح لە گەشتەکەیدا لەبارەی هەڵەبجەوە ئەڵێ : (( سێ ڕۆژ لە هەڵەبجە ماینەوە . جوولەکەکانی هەڵەبجە لە هی سلێمانی ، ئافرەتیشی دیسانەوە لە هی گەلێ جێگای تر سەربەست ترن )) [٣٨] . جگە لەوانەش هەر لە شاری هەڵەبجەدا پەیڕەوی جەژن و بۆنە تایبەتیەکانی خۆیان وەك ناوچەکانی تری کوردستان کردوە لەوانە جەژنی ( چەقاڵە ) و ( کەپرە شینە ) . هەر لەو کاتەوەو لە کۆتایی چلەکاندا ئەم هەرێمانەیان بەجێهێشتووە ئەمانیش وەك بەشێك لە خەڵکی کوردستان و ناوچەکە خەسڵەت و تایبەتمەندیان لەناو سامانی کەلەپوورو گۆرانی فۆلکلۆری کوردیدا

ڕەنگـی داوەتـەوە وەك دەبینـی لـەم هۆنـراوە فۆلکلۆریـەداو لـەکاتی بەیـەکجاری ئـاوارەبوون و پـەڕەوازەبوونیانداو لـەناو کۆمـەڵگای کوردەواریدا وایان لەسەر تۆمارکراوە :

هاتـۆ هاتـۆ لـە ژوورۆ
لـە بنـاری شـارەزوورۆ
وەك جوولەکەی فەلەستین
جەرگمی داوە تەنـورۆ [39]

جگە لەوە لە ڕووی ڕێکخراوەی سیاسیشەوە هەر لە شاری هەڵەبجەدا و وەك : (( ئەوەی کە مەڵبەندێکی گرنگی ناوچەی شارەزوورو هەورامان بووەو لە چلەکاندا لقی ڕێکخراوی ( حالوتس ) واتە ( پێشڕەو )ی تیابووە )) [40] . جا هەرچەندە ئەم ڕێکخراوەی جوولەکە لقی خۆی لە شارەکانی تری عێراق و کوردستانی وەك کەرکوك و هەولێرو ڕێکخراوێکی تریشیان هەر لە هەڵەبجەدا هەبوو بەناوی ( تەلحای )ەوە . بەجۆرێ هەموو ئەمانە ئەوەمان بۆ ئەسەلمێنن و یەکلایی دەکەنەوە کە ژمارەیەکی ئێجگار زۆریان لەم هەرێمەدا هەبووە، بەردەوام لە چالاکی و بزوتنەوەیەکی بەردەوامدا بوون . جا بۆیە هیچ بە دووریشی نازانم کە هەر ئەو جوولەکانەی بە ڕەسەن ( هەڵەبجە)یی بن کاتێك حکومەتی ( بەعس ) لە عێراقداو ، لە ڕۆژانی ١٦-١٩٨٨/٣/١٨ شاری ( هەڵەبجە)ی دایە بەر هێرشی چەکی کیمیاوی و دواتر هەر ئەوان بوبێتن کە لە : (( سەهرانەی ساڵی ١٩٨٨دا هەوڵیان دا سەرنجی جیهان ڕاکێشن بۆ ئەو شاڵاوە کیمیاویەی عێراق کردیە سەر کوردەکان بۆ لەناوبردنیان . ئەمانەو چەند نموونەیەکی دیکەی بەتەنگەوەهاتن و هاودڵی و هاودەردی کردنی کوردە



وێنەیەك لە کارەساتی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە لە ١٦ - ١٨/٣/١٩٩٨٨ بە دەستی رژێمی بەعس لە عێراقدا

جووله‌كـه‌كان بـۆ دۆسـته كـورده موسـڵمانه‌كانیان ئـه‌وه ده‌گه‌یـه‌نیٚ : پێوه‌ندی نێوانیان له كوردستان . له ڕاستیدا پێوه‌ندییه‌كی گه‌رم و گوڕو لـه دڵـه‌وه بـووه )) [٤١] . بـه‌ڵام سـه‌باره‌ت بـه‌و جووله‌كانـه‌ی كـه لـه دێـر زه‌مانـه‌وه لـه شـاری سـلێمانی و ده‌وروبـه‌ریدا بـوون ئـه‌وا گـه‌ڵیٚ لـه سه‌رچاوه‌كانی مێژوو جه‌خت له‌سه‌ر ئه‌وه ده‌كه‌ن كه‌وا گه‌ڕه‌كی تایبه‌ت به‌خۆیان و كڵێسـه‌و قوتابخانـه‌ی خۆشـیان هـه‌بووه . هـه‌روه‌ك مامۆسـتا جه‌مال بابان له‌باره‌ی ئه‌م جووله‌كانه‌وه ده‌گێڕێته‌وه كه گوایه : پێشتر له ده‌وروبه‌ری قه‌ڵاچۆلان بوون و دوایی هاتوونه‌ته ناو شاری سلێمانی‌یه‌وه وه‌ك لـه‌م باره‌یـه‌وه نووسـیویه : (( سـاڵی ١٨٦٨ ( لێـك لامـا ) ژمـاره‌ی دانیشتوانی به ( ٦٠٤٥ ) خێزان دائه‌نێت كه به‌م جۆره بوون :

٦٠٠٠ هه‌زار خێزانی موسڵمان .

٣٠ خێزانی دیان - كلدان .

١٥ خێزانی جووله‌كه [٤٢]

له هه‌مان سه‌رچاوه‌داو مامۆستا بابان كاتیٚ باس له گه‌ڕه‌كه‌كانی شاری سلێمانی ئه‌كا له باره‌ی گه‌ڕه‌كی ( شێخه باس )ه‌وه ده‌نوسیٚ : (( شێخ عه‌باس ئه‌میش هه‌ر شه‌خسێك بوو له خواروی شـاری سـلێمانی نزیـك بـه‌ڕێی ( قـه‌ره‌تۆغان ) به‌رامبـه‌ر بـه ماڵـه‌كانی ( وڵوبـه ) ئـه‌م شـوێنه لـه سـه‌رده‌می عوسمانی‌یـه‌كاندا ئـاوه‌دان كراوه‌تـه‌وه . جووله‌كـه‌ی تێـدا دائه‌نیشت و ناونرا گه‌ڕه‌كی جووله‌كه‌كان كه هه‌ر گه‌ڕه‌كی ( شێخه باس ) ئه‌گرێته‌وه‌و جووله‌كـه‌كان لـه كـاتی خۆیـدا ( خومچـی ) بـوون و لـه



هه‌واڵنامه‌ی كتێب

قه‌ڵاچۆڵانه‌وه هاتوونه سلێمانی )) [٤٣] و ، هه‌ر له‌م شاره‌دا گۆڕستانی تایبه‌ت به‌خۆیان هه‌بووه‌و شوێنه‌كه‌ی كه‌وتۆته ڕۆژئاوای گه‌ڕه‌كی جووله‌كه‌كانه‌وه . له ڕۆژگاری ئه‌مڕۆدا گه‌ڕه‌كی ته‌واریه‌كه جێگای گرتۆته‌وه . یه‌كێك له نه‌ریته باوه‌كانی ، جووله‌كه‌كانی شاری سلێمانی وه‌ك ئه‌وه‌ی له ڕۆژانی شه‌ممه‌دا ئاگریان نه‌كرۆته‌وه بۆ ئه‌و مه‌به‌سته ڕۆژێ پێشتر واته ڕۆژی هه‌ینی : (( ده‌چوون كووله‌كه‌یه‌كی گه‌وره‌یان ده‌هێنا .. پڕیان ده‌كرد له برنج و كشمیش و بادەم و جۆره‌ها كه‌ره‌سته‌ی تر . ئینجا توند سه‌ره‌كه‌یان ده‌به‌ست و ده‌یانخسته سه‌ر ژیله‌مۆی ئاگری ناو ته‌نوره‌وه . پاشان سه‌ری ته‌نوره‌كه‌یان جوان ده‌نایه‌وه ، ئینجا به‌حاڵ كونێكیان ده‌كرده گوڵێنه‌كه‌یه‌وه و وازیان لێده‌هێنا تاوه‌كو به‌جوانی ده‌پیشا ئینجا له ڕۆژانی شه‌مواندا به‌كاریان ده‌هێنا )) [٤٤] به‌ڕاده‌یه‌ك كووله‌كه به یه‌كێك له خواردنه سه‌ره‌كیه‌كانی جووله‌كه‌ناسراوه بۆیه له‌كاتی پێویست دا به‌كاریان هێناوه‌و ته‌نانه‌ت له‌ناو به‌یت و بالۆره‌و فۆلكلۆری كورده‌واریدا ناوی هاتووه وه‌ك :

چوومه ماڵی جووله‌كه – قوڵپه قوڵپی كووله‌كه
چوومه ماڵی گاور – قوڵپه قوڵپی ساوه‌ر
چوومه ماڵی ئه‌رمه‌نی – قوڵپه قوڵپی سه‌مه‌نی
چوومه ماڵی موسڵمان – ده‌نگی ئایه‌تی قورئان [٤٥]

دیارترین كه‌سایه‌تی جووله‌كه له شاری سلێمانی‌داو له سی‌یه‌كانی سه‌ده‌ی بیسته‌مدا ( خواجه سه‌عید ئیسحاق )یان بوو كه زۆرجار وه‌ك



فەرمانگەی خەزێنەی سلێمانی سالی ١٩٢٥ بە پێی ناسینیان نەمانەن :-دانیشتووەکان لە ڕاستەوە : علی ناجی ، میرزا عـارف ، مصطفی أفنـدی ( یـامور ) ، عوزێـر أفنـدی ( جووڵەکە ) ، جمیل صائب ، شێخ نوری شێخ صالح ، عارف أمین . ڕیزی دووەم لە ڕاستەوە : محمود أفندی ، أحمد رفیق ، حسین کریم بـەگ ، یوسفی کـوڕی عوزێـر أفنـدی ( جووڵەکە ) ، کریم صالح ئاغا ، عبدالرحمن أفندی ، علی أفندی ، حمـە سعید أفنـدی ( خطـاط ) .ڕیزی سێیەم لـە ڕاسـتەوە : ( نەناسـراوە ) ، حمـە صـالح أفنـدی ، ( نەناسراوە ) ، أحمد صبری ، ( نەناسراوە ) ، نەزهەد أفندی . ڕیزی پشتەوە لە ڕاستەوە : سا علی قادر سلێمان ، ( نەناسراوە ) ، ابراهیم ، علی حاجی عبداللە .

هەوڵنامەی کتێب

دەم سپی و باوەڕپێکراویان مامەڵەیان لەگەڵدا کردوەو یەکێکیش بووە لەوانەی لەکاتی دامەزرانی ( یانەی سەرکەوتن ) ی کوردانندا لە شاری بەغدا . بەناوی جوولەکەکانی شارەوە بڕی ( ٢٦ ) دیناری وەك پشتگیریەك بەخشیوە بەو یانەیە [٤٦] . لە هەمان بۆنەو بۆ هەمان مەبەست خواجە صالح یوسف نوری بەناوی جوولەکەکانی هەولێرەوە . بڕی ( ٣٥ ) دیناری بۆ هەمان یانە بەخشیوەو داویە بە ئەندامانی لیژنەی ( تبرعات ) کە مارف چیاوك سەرۆکی بووە لە سەرەتای چلەکاندا [٤٧] . لە سالانی سیەکانیشدا مەتی ئاکرەیی ژمارەی جوولەکەی بە ( ٨٠ ) هەزار خەملاندوەو بەگوێرەی ئەوەش ژمارەی جوولەکەکانی شاری سلێمانی بە ( ١٠٠٠ ) هەزار کەس لە قەڵەم داوە . هەرچی سەرژمێری سالی ١٩٤٧یشە ژمارەی جوولەکەکانی کوردستانی وا دەستنیشان کردوە کە لە شاری کەرکوکدا ( ٤٠٤٢ ) وە هەولێر ( ٣١٠٩ ) ، لە لیوای دیالەشدا کە بەشێکی زۆری جوولەکەکانی شاری خانەقین و دەوروبەری بوون بە ( ٢٨٥١ ) دانراوە . سەبارەت بە شاری سلێمانیش ژمارەیانی بە ( ٢٢٧١ ) کەس داناوە [٤٨] . ( ئەکرەمی سالەحی ڕەشە )ش لەو کتێبەیدا کە لەسەر ( شاری سلێمانی ) داینراوە زۆر لایەن و بابەتی ناوازەی لە بارەی جوولەکەکانیەوە تۆمار کردووە . وەك لە شوێنێکدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە کە جوولەکەکان گەڕەکی تایبەتی خۆیان هەبوەو ، سەرەڕای گۆڕستانی تایبەت بەخۆیان وەك ئەڵێ : (( گردی گۆڕە جوولەکە سەروو جوولەکەکان و خوار باریگەی پەروەردەی ئیدارە محلیەوە . بەرگی یەکەم ل ٨١ )) وەك دەردەکەوێ بەزۆری جوولەکەکانی شاری سلێمانی پیشەو کاری ڕۆژانەیان بریتی بووە لە دوکانداری و بازرگانی و

خومچێتی وەك ئەوەی نووسەر ناوی دوو وێنەگری جوولەکەی شاری سلێمانی دەس نیشان کردووە لەوانە :-

١- نوری جوولەکە : تەنیشت مزگەوتی موفتی بەرامبەر قوتابخانەی ( فیصلیة ) .

٢- یەهودا : ئەمیش جوولەکە بوو بەرامبەر حەوشی سەرا لە ماڵی حەسەنی دەوڵەت کە ئێستا بانقی ڕافیدەینە ، لەو حەوشەدا وێنەی دەگرت . هەر لەو ماڵەدا خنکاندیان چونکە پارەیان پێ شك دەبرد .[٤٩]

سەبارەت بەو تایەفە جوولەکانەش کە بەزۆری کەوتوونەتە کوردستانی عێراقەوە . سەرچاوەکانی جوولەکە خۆیان و بەپێی (( بیروڕای هەندێ لە تۆژەران ژمارەی ئەو تایەفەو کۆمەڵە جوولەکانەی کە کەوتوونەتە بەشی کوردنشین لە عێراقدا گەیشتۆتە ( ١٤٦ ) سەدو چل و شەش تایەفە ))[٥٠] . جگە لە شاری سلێمانی ژمارەیەکی تری جوولەکە لە ناوچەو دێهاتەکانی دەوروبەری قەڵاچوڵان ، ماوەت ، قەرەداغ ، پێنجوێن و ناوچەی هەوراماندا دابەشبووبوون و ، وەکو دانیشتوانی ناوچەکە خۆیان باسی لێوەدەکەن ئەم جوولەکانە تا ئەو کاتەی کۆچی جوولەکە دەستی پێکرد ئەوانیش هەر لە ئاستی خۆیانەوەو لە دەوروبەری بیارەو تەوێڵەوە چوونەتە دیوی ئێراندا و ناوچەکەیان بەجێهێشتووە . کەچی لەلایەکی کەشەوە ئیسحاقی کوڕی تەسفی کە دووەم سەرۆکی دەوڵەتی( ئیسرائیل )ی بووە وای دەگێڕێتەوە : (( کە جوولەکەکانی کوردستان لە دوازدە شوێنی گەورەدا نیشتەجێ بوون کە ئەوانەش زاخۆ ، سلێمانی ، موسڵ ، نصیبین ، ئورفە ، هەولێر ، کەرکوك ، ئورمیە ، سوندور ، تشرقیلە ( ؟ ) ، ئامێدی و نیرفە ))[٥١] بوون

## خشتەی ژمارە ( ٤ )

## پێکهاتەی ئاینی‌یە کارگێڕیە کوردنشینەکان بەپێی ڕێژەی سەدی

| هەرێم | ئیسلام | | تایفە یەزدانییەکان | | | مەسیحی | هی تر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | سوننە | شیعە | عەلەوی | یارسان | ئێزیدی | | |
| تورکیا: ئەدەنە • (*) | ٧٢،٧ | – | ٢٧،٣ | | | | |
| ئادیامان | ٧٧،٨ | – | ٢٢،٢ | | | | |
| ئاگری | ٩٥ | ٥ | – | | | | |
| ئاماسیە • | ٦٩ | – | ٣١ | | | | |
| عینتاب | ٩٦،١ | – | ٣،٩ | | | | |
| ئەنتاکیە • | ٦٢ | – | ٣٨ | | | | |
| بنگۆل | ٨٦،٧ | – | ١٣،٢ | | | | |
| بتلیس | ٩٨ | – | ٢ | | | | |
| جانکری •• | ٩٩ | – | ١ | | | | |
| چوروم • | ٨٣،٤ | – | ١٦،٦ | | | | |
| دیاربەکر | ٩٦،٦ | – | ٣،٤ | | | | |
| ئێلازگ | ٨٧،٥ | – | ١٢،٥ | | | | |
| ئەرزنجان | ٩٣،٧ | – | ٦،٣ | | | | |
| ئەرزروم • | ٩٢،٧ | – | ٦،٣ | | | | |
| هەکاری | ٩٩ | – | – | ١ | | | |
| گوموشانی •• | ٩٥،٥ | – | ٤،٥ | | | | |
| قەیسەری •• | ٩٧،٥ | – | ٢،٥ | | | | |
| قارس | ٨٤،٨ | ٨،٢ | ٥ | – | – | ٢ | |
| کرشەهر • | ٩٢،٣ | – | ٧،٨ | | | | |
| قونیە • | ٩٨،٢ | – | ١،٨ | | | | |
| مەلاتی | ٧٢،٢ | – | ٢٨،٨ | | | | |
| مەرەش • | ٧٩،٥ | – | ٢٠،٥ | ٥ | – | ٢ | |
| ماردین | ٩٥،٢ | – | ٢،٥ | ٥ | – | ٢ | |

هەواڵنامەی کتێب

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەفشەهر ● | ٩٥ | – | ٥ | | | | |
| نگدە ●● | ٩٧ | – | ٢ | | | | |
| سیرەت | ٨٦ | – | ٤ | – | ٦ | ٤ | |
| موش | ٩٠ | – | ١٠٠ | | | | |
| سێواس ● | ٦٧،٥ | – | ٣٢،٥ | | | | |
| تۆقات ● | ٧،٥ | – | ٢٤،٥ | | | | |
| دەرسیم | ١٣،٤ | – | ٨٦،٦ | | | | |
| ئورفە ● | ٩٥،١ | – | ٣،٩ | | | | |
| وان | ٩٥ | ٤ | | | | | |
| بۆزگات ● | ٩٧،٧ | – | ٢،٣ | | | | |
| ئێران : ئازەربایجـــانی رۆژهەلات ●● | ٨،٨ | ٧٦،٩ | – | ١٤،٢ | | | |
| ئازەربایجـــانی رۆژئاوا | ٣٥ | ٥٥ | – | ٩ | | | |
| گەیلان ●● | ١٥،٣ | ٧٥،٦ | – | ٩،١ | | | |
| هەمەدان ● | ١٧ | ٧٧،٨ | – | ٤ | | | ١،٢ جوولەکە |
| ئیلام | ٣٤ | ٤٦ | – | ٢٠ | | | |
| خوراسان ● | ١٧ | ٦٨ | ٤ | ٢ | ١ | – | ٨ ئیسماعیلی |
| کرماشان | ٤٧،١ | ١٣،٨ | – | ٣٧،٣ | – | – | ١٠،٨ جوولەکە |
| سنە | ٧٠ | ١٣ | – | ١٦ | – | – | ١ جوولەکە |
| لوڕستان ● | ٨،٦ | ٧١،٤ | – | ٢٠ | | | |
| مازندەران ●● | ٢١،١ | ٧١،١ | – | ٧،٨ | | | |
| عێراق :هەولێر | ٩٤ | – | – | – | – | – | |

هەواڵنامەی کتێب

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ديالى | ٥٢،٥ | ٤٧،٥ | | | | | |
| دهۆك | ٨٠،٥ | ٦،٥ | – | – | ٦،٥ | ٦،٥ | |
| كركوك ( * ) | ٨٧،٥ | ٨،٣ | – | – | – | ٤،٢ | |
| موسڵ | ٧٨،٥ | ٦ | – | – | ١٠ | ٥،٥ | |
| سلێمانی( * ) | ٩٧،٥ | – | – | – | – | ٢،٥ | |
| سوريا : حەسەکە | ٧٢ | – | – | – | ٣،٥ | ٢٢،٥ | |
| دێرزور * | ٩٧ | – | – | – | – | ٢ | |
| حەلەب * | ٨٥ | – | – | – | – | – | ١٣،٢ نیسماعیلی |
| حەما ** | ٥٨،٦ | – | ٢٢ | – | – | ٩،٤ | ١٠ دروز |
| لازقيە ** | ٢٤ | – | ٦٤ | – | – | ٢٤ | |
| حمص ** | ٦٠ | – | ٢٦ | – | – | ٢٤ | |
| ئدلب ** | ٣٨ | – | ٤٧ | – | – | ١٥ | |

هەواڵنامەی کێژ

هەر لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێ : (( تايەفەی جوولەکە لە کوردستاندا کە ڕووبەڕووی ڕۆژگارێکی خۆش و ناخۆشی قورس بووبوونەوە توانيان گەلێك زانای ڕۆحی لە نێوەنديانداو هەروەها بيريارو حاخاميان تيا هەڵبکەوێ لەوانە سەرۆکی کۆچ کەران ڕابی ديڤيدو ڕابی شموئيل ))[٥٢] هاوکات لە کوردستانی باشورو لە شارێکی وەك کۆيەدا ڕێژەيان بۆ ئەو ڕۆژگارە گەلێك زۆر بووە . وەك تاهير حوێزی لە ( مێژووی کۆيە )کەيدا نووسيويە :(( نزيکەی ٦٠ – ٧٠ خێزانی جوولەکە لە شاری کۆيەدا بوون و گۆڕستان و کەنيسەو گەڕەکی خۆيان هەبوو )) لە هەمان سەرچاوەو هەر لە بارەی جوولەکەکانی شاری کۆيەوە مامۆستا حوێزی

لە بارەی ( گردی جوان )ەوە دەڵێ : (( ئەمە گردێکی دوورو درێژە . کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی شارەوە . لە دەرەوەی شوورەی شار بووە . بەشی پێشەوەی پێی دەوترێ گردی جوان کە کۆنە گۆڕستانیان بووە لە هەرە خوارەوەش کە لەو دواییەدا مردوویان لێدەناشت . تا ساڵی ١٩٥١ کە جوو لە بەینی بەهارو هاوینیا شاریان بەجێهێشت و بەرەو فەلەستین بەڕێکەوتن . مردوویان لێدەناشت . تا پێشیان کرابێ ، مردوویان بە ڕووکاری جنوبی گردەکەوە ناشتووە )) [٥٣] ئەم جوولەکانەش بەپێی

تێبینیەك دەربارەی نەخشەی ژمارە (٤)ی سەرەوە :
هەرێمەکانی کە ئەستێرەیان بۆ نەکراوە ئەوانەن کە زۆرینەی کورد تیایدا نیشتەجێیە ئەوانەی یەك ئەستێرەیان بۆ کراوە کەمینەیەکی گەورەی کوردیان تێدایە ئەوانەش کە دوو ئەستێرەیان بۆ کراوە کورد تیایاندا ١٠٪ - ٢٠ ٪ی سەرجەمی دانیشتوان پێك دێنێ بۆ ئەو هەرێمانەش کە نیشانەیەکی ناوایان (✱ ) بۆ کراوە بڕوانە ئەم تێبینیانەی خوارەوە :
تێبینی : مەزەبە دینییەکانی تورکیا وەك جەعفەری ، قزڵ باش ، عەلەوی و نوسەیری دەکرێ بە لقی عەلەوی بژمێردرێن . لە تورکیا ژمارەیەکی زۆرکەمی لایەنگرانی شیعەی دوانزە ئیمامی هەن ئەوانەش بەگشتی لە ئازەری هەرێمەکانی ئاگری ، قارسوان لە هەموو ناوچەکانی دیکەدا هەموو ئەوانەی سەر بەو مەزەبەن وەك عەلەوی حیسابیان بۆ کراوە . ئامارەکان لەم ڕووەوە تێکەڵی و پێکەڵیەکی زۆریان پێوە دیارە چونکە بەشێکی زۆری خەڵکانی کەمینە دینییەکان لە ناوچەکاندا ناوی تایبەت بە دینەکەیان هەیەو هەندێکیان نەبا بێزار بکرێن دەترسن دینی ڕاستەقینەی خۆیان ئاشکرا بکەن و بەدرلاۆ خۆیان دەخەنە پاڵ دینی ڕەسمی دەوڵەتەوە هەرێمەکانی وەك ئورفەو عینتاب لە تورکیا ، سلێمانی، دیالەو کەرکوك لە عێراق نمونەیەکی باشن بۆ ئەو ناوچانەی کە کەمینە عەلەوی و یارسانەکان تیایدا ڕێ و ڕەسمی دینی خۆیان بە دزیەوە جێبەجێدەکەن . دانانی ڕێژەی ٢٥٪ - ٣٠٪ بۆ ژمارەی عەلەویەکان لە ئورفەو عینتاب ڕێژەی ١٥٪- ٢٠٪ بۆ یارسانەکان لە سلێمانی و دیالەو کەرکوك کارێکی ورد نییە . لە دوا دوایی هەفتاکاندا پارێزگای کەرکوك کەرت کەرت کراو لە سۆنگەی ئەمەوە پارێزگای تەئمیم تەنها شاری کەرکوك و دەوروبەرەکەی بۆ مایەوەو ناوچەکانی تری خرانە پاڵ پارێزگا تازە دامەزراوەکەی سەلاحەدینەوە کە تکریت ناوەندەکەی بوو لێرە ناوی ناوچەکان پەیڕەوی لە ناوە ڕەسمیەکان دەکا ( گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ، ژمارە (٢٧) ، ل ٣٩ ، ٤٠ ، ٤١ ) .

ئه‌و قسانه‌ی كه تاهیر حوێـزی باسـیان لێـوه ده‌كـاو سـاڵانی پێشـوتر :
(( به‌زۆری له كۆنه قه‌ڵاتی گه‌ڕه‌كی هـه‌واوان بـوون و كه‌نیسـه‌یان لـه‌وێ هه‌بووه . له‌پێش ( ١٥٠ ) ساڵێك چه‌ند ماڵێكیان گواستویانه‌ته‌وه گه‌ڕه‌كی ( بـه‌فری قـه‌ندی ) یـا ده‌روپشـتی مزگـه‌وتی ( حـه‌تك ) و ( مزگــه‌وتی گـه‌رمووك )ه‌وه‌و بـه‌وێیان ده‌وت : گـه‌ڕه‌كی جووله‌كــه‌كان و كه‌نیســه‌ی تایبـه‌تی خۆیـان لـه‌وێ هـه‌بوو )) (٥٤) . لـه دوایشـدا باسـی ئـه‌وه‌مان بـۆ ده‌گێڕێته‌وه . جووله‌كه‌كان چۆن مردوویان ناشـتوه‌و دوعـای خۆیانیـان به‌سه‌را خوێندوه‌و ، گۆڕه‌كه‌یان هه‌ڵبه‌ستووه . بۆئه‌وه‌ی له له‌ناوچوونی بپارێزن . جووله‌كه بۆخۆیان قه‌بریان هه‌ڵده‌كه‌ند ئه‌وانیش پیاوی هه‌ژارو بـه‌كاریان هـه‌بوو ، عه‌مه‌لـه‌ی ده‌كـردو پاره‌یـان ده‌دایه كه گۆڕه‌كه‌شـیان هه‌ڵكـه‌ند . سـه‌رنیگای جووله‌كـه‌كان به‌پێچه‌وانـه‌ی ئیسـلامه‌كان بـوو . سه‌ری ده‌كه‌وته ڕۆژهـه‌ڵات . له‌سه‌ر ته‌نیشتی ڕاسته‌ی درێژیان ده‌كـردو ڕووشیان له ڕۆژهـه‌ڵات ده‌كرد ، كه مه‌یته‌كه‌یان ده‌خسته ناو قه‌بره‌كـه ، ماڵم هه‌ر ناوه‌ناوه . هه‌ندێ شتیان ده‌خوێندو هـه‌ندێ خۆڵیان هـه‌ڵده‌گرت و ده‌یانخسته سه‌ر مه‌یته‌كه . كه به‌ردیشیان له‌سه‌ر سنگی داده‌نا . پڕیان ده‌كرده‌وه‌و ، به‌ردی سینیان له ده‌وری گۆڕه‌كه ده‌گرت . هـه‌تا گڵ كۆكه باران شۆرینیێو حه‌یوان تێكی نه‌دا . وه ماڵم به زوبان و به دینـی خۆیـان ته‌ڵقینیان ده‌داو دوعای بۆ ده‌كراو ، جووه‌كانیش شتێكیان ده‌ووت وه‌ك ئامین )) (٥٥) . بـه‌ڵام یـه‌كێ له نه‌ریتـه‌كانی جووله‌كـه‌كان ئـه‌وه‌بوو كـاتێك : ( كچێكی خۆیان به‌شوو دابا ئه‌وا ئه‌بوایه ماڵی كچه هه‌موو ئه‌رك و جل و پۆشاكێكیان بۆ كچه‌كه‌یان له ئه‌ستۆ بگرتایه‌و به‌زۆری ژن و ژن خوازیش هه‌ر له‌نێوان خۆیاندا ده‌كــرا زۆر جــاری واش هه‌ڵكه‌وتووه كه لێـیــان



ژنە جوولەکەی کوردستان ، کاری ڕۆژهەڵاتناسێکی ئینگلیز
سەدەی نۆزدەیەم

موسڵمان بۆته‌وه‌و مێردی به‌ كه‌سێكی ئیسلام ده‌كرد ) [٥٦] بۆ ئه‌مه‌ش وه‌كو پێشتر ئاماژه‌م بۆ كرد ڕووداوی له‌م جۆره‌ هه‌ر زۆر بووه‌ . سه‌باره‌ت به‌ مه‌سه‌له‌ی زیادنه‌بوونیان له‌ ناوچه‌ جۆربه‌جۆره‌كانی كوردستان و ده‌ره‌وه‌ی كوردستانیشدا به‌زۆری له‌به‌رئه‌وه‌ بووه‌ : (( كه‌ دینی جووله‌كه‌ دینێكی داخراوه‌و جووله‌كه‌ به‌رده‌وام له‌ كۆچ كردندا بووه‌ بۆ ئیسرائیل ، و ده‌وڵه‌ته‌كانی دیكه‌ی جیهان )) [٥٧] . وێڕای ئه‌وه‌ش زۆر به‌ سته‌میان زانیوه‌و ئێستاش له‌ وڵاتی ( ئیسرائیل ) خۆشی دا به‌ گرفت و و قۆرتێكی گه‌وره‌ی داده‌نێن كه‌ مه‌سه‌له‌ی ژن و ژنخوازی و په‌یوه‌ندی كۆمه‌ڵایه‌تیان له‌ نێواندا ڕووبدا به‌تایبه‌تی له‌ نێوان ( جووله‌كه‌ی سفاردیم ) و ( جووله‌كه‌ی ئه‌شكه‌ناز ) [٥٨] دا یان له‌گه‌ڵ ڕه‌گه‌زه‌كانی تری وه‌ك ڕۆژهه‌ڵاتیه‌كان و فلاشاكان و ... دا . ((خۆ ئه‌گه‌ر شتێكی له‌و بابه‌ته‌ش له‌نێوان ( سفاردیم ) و ( ئه‌شكه‌ناز )ه‌كاندا ڕووبدا ئه‌وا زۆر به‌ده‌گمه‌ن ده‌بێت )) [٥٩] . له‌ كاتێكدا مه‌سه‌له‌یه‌كی له‌م جۆره‌ له‌ناو كاروباری ده‌سه‌ڵات و حوكمڕانیه‌تی ئێستای ( ئیسرائیل )یش دا ڕۆژانه‌ ڕووده‌دات . وه‌ك ده‌بینی به‌زۆری كاری ده‌سه‌ڵات و حوكمڕانیه‌تی ئه‌م وڵاته‌ هه‌ر له‌ سه‌ره‌تای دروست بوونی كیانی (ئیسرائیل)یه‌وه‌ به‌زۆری جووله‌كه‌كانی ڕۆژئاوا به‌ڕێوه‌ی ده‌به‌ن و جووله‌كه‌ ڕۆژهه‌ڵاتیه‌كان به‌ كه‌سانی دواكه‌وتوو ناشارستانی له‌ قه‌ڵه‌م ده‌ده‌ن . (( بۆ نموونه‌ مه‌غریبیه‌كان به‌ توند خوو دڕو ته‌مبه‌ڵ داده‌نران ، كورده‌كان به‌ گێل و نه‌زان و كردبونیان به‌ مایه‌ی گاڵته‌و پێكه‌نینی نێوان ڕه‌گه‌زه‌كان . ڕسته‌ی ( انا كردي ) كه‌ واتای ( من كوردم ) ده‌گه‌یه‌نێ كرابوو به‌ نیشانه‌ بۆ

هەواڵنامەی کتێب

کوردەکان و ئەم واتایە وای دەگەیاند که کوردەکان دڵ و زمانیان یەکەو کاتێ دەئاخڤن بیر لە پەیڤەکانیان ناکەنەوەو ئەمەش ساویلکەیی و نەزانینیان دەردەخات و وشەی ( کورد ) لە ئیسرائیل مانایەکی خراپ دەگەیەنێ )) [٦٠] . لە کاتێکیشدا بەپێی دابەشبوون و نیشتەجێبوونی جوولەکە لە کوردستاندا قسە بکەین دەبینی لە شارێکی وەك کەرکوکداو وەکو پێشتر ئاماژەم بۆ کرد . حکومەتی بەریتانیا بەگوێرەی ئەو سەرژمێرییەی خۆی کە لەساڵی ١٩٢٠ دا سەبارەت بە جوولەکەکانی شاری کەرکوك بە ( ١٤٠٠ ) کەسی لەقەڵەم داون . بەڵام لە سەرژمێری ساڵی ١٩٤٧ و ئەوەی کە حکومەتی عێراق بەچەند ساڵێ پێش کۆچکردنی یەکجارەکیان بە ( ٤٠٤٢ ) کەسی خەمڵاندون [٦١] . سەرەڕای ئەوەی ئەمانەش وەك شوێن و شارو ناوچەکانی تر کڵێسەی تایبەت بەخۆیان و قوتابخانەی خۆشیان بۆ خوێندن هەبووە . جگە لەو چەندین ڕێکخراوەی جوولەکە کە لە شارەکەو دەوروبەریدا بۆ چالاکی سیاسی و فەرهەنگی جوولەکە هاتبوونە کایەوە . بەتایبەتی لە سیەکان و چلەکانی سەدەی بیستەمدا . لەوانەش وەك : (( ڕێکخراوی ( حالوتس واتە پێشڕەو ) کە لقی تایبەتی خۆی لەناو شاری کەرکوك دا هەبووەو بە لقی ( حالوتس )ی قعورت )) [٦٢] ناسرابوو و ، لە زۆر ڕووشەوە بە بەردەوامی کۆمەك و یارمەتی بزوتنەوەی جوولەکەی پێدراوە . وەك دەبینی لە ساڵی ١٩٤٦دا ، لقی ( حالوتس )ی شاری کەرکوك هەستاوە بە ئەنجام دانی پرۆژەیەکی کشتوکاڵی و تێیدا سەرکەوتنێکی وای بەدەس هێناوە کە لە کۆنگرەی ساڵی ١٩٤٧ی دا بە باشی باسی لێوە بکرێ و [٦٣] ، ژمارەی ئەندامانی ڕێکخراوی ناوبراویش لە شاری کەرکوك

و لە چلەکاندا گەیشتۆتە نزیکەی ( ٢٥ ) کەس [٦٤] . هەرچەندە شان بەشانی ئەمانە لە شارێکی وەك کەرکوکدا گەلێك ڕەگەزو زمان و ئایینی هەمەجۆری تیا بوەو لەم بارەیەشەوە ئەتوانی شاری کەرکوك بەوە ناوزەد بکرێ کە شاری ( برایەتی و پێکەوە ژیان بووە )و بە بەردەوامی هەموو ئەو ڕەگەزانەی لەم شارەدا بوون دەستیان لە ئاوەدانی و ، خزمەت کردنیدا هەبوو . هەروەك دیڤید ماکدوال ئەڵێ : (( مەسیحییەکان و جوولەکەکان هەمیشە هاوسێ و هاومالّی کوردان بوون )) [٦٥] لە شوێنێکی ترو لە بڕگەیەکی تری بۆچوونەکانیدا ماکدوال وای دەگێڕێتەوەو دەڵێ : (( جێی سەرنجە کە بزانین جوولەکەو مەسیحییەکان هەمان لەهجەی کۆنی هاوشێوەی ( سامی )یان بەکارهێنابێ ، ئەندامانی هەردوو ئاینەکە لە هەندێ شوێنی دیکەدا لەگەڵ کوردە موسڵمانەکان دا تێکەڵ بوون کە بە چەندین کاری هونەری و پیشەگەری وردو جوانەوە خەریك بوون کە بە واقعی ئەمان و لەناوچوون وەختێ بە ژمارەیەکی زۆر کۆچیان کرد )) [٦٦] وەك شوێنی جوگرافی و وەك ئەوەی شاری چەمچەماڵ کە کەوتۆتە نێوان هەریەك لە شارەکانی وەك سلێمانی و کەرکوکەوە ، هاوکات ناوەندێکی گرنگ و هەر لە سەرەتای بیستەکانەوە بوو بوە قەزا ئەمەش بۆخۆی وای لێکردبوو کە بەردەوام ڕێژەی دانیشتوانی بدا لە زیادی . بەڵام بەزۆری دانیشتوانەکەی کورد بوون و تەنها ئەوەنەبێ کە کەمینەیەکی جوولەکەش شان بەشانی دانیشتوانی ئەم شارە هەبوون و تا ڕۆژی کۆچ کۆچکردنیان زۆر بەئاسودەیی و بێگرفت . کاروباری ڕۆژانەی خۆیان بەڕێوەبردوە و لەگەڵ ئەوەشدا پەیرەوی هەموو داب و نەریت و بۆنەیەکی ئاینیی خۆیان



هەورنامەی کتێب


كردوو‌ی په‌یوه‌ندیه‌كی توندو تۆڵیشیان له‌گه‌ڵ ئه‌وبره جووله‌كه‌یه‌شدا هه‌بووه‌كه له‌شاری كه‌ركوكدا بوون . به‌زۆریش پیشه‌و كاری ئه‌مانه له‌م شاره‌دا بریتی بووه له دوكانداری و خومچێتی و زه‌ڕه‌نگه‌ری ته‌نانه‌ت : (( ئه‌وه‌ی بۆ یه‌كه‌مین جار دوكانێكی مه‌ی فرۆشتنی له‌م شاره‌دا كردۆته‌وه ئافره‌تێكی جووله‌كه بووه كه ناوی ( لولی ) بووه ، مێرده‌كه‌شی كه ناوی ( عبدالله جوو ) بووه ، كوڕه‌كه‌شی ناوی ( ناجی جوو ) بووه )) [٦٧] . هه‌ر ئه‌وه‌ی ئه‌م جووله‌كانه‌ش بوون كه (( یه‌كه‌م دوكانی ئاڵتون چێتی له‌لایه‌ن ( گه‌وری جووله‌كه‌)ه‌وه له‌م شاره‌دا كراوه‌ته‌وه )) [٦٨] به‌ڵام وه‌ك نه‌ریتێكی كۆمه‌ڵایه‌تی خۆیان زۆر به‌وردی و به سه‌لیقه‌یه‌كی زۆرانه‌وه ڕێزیان له‌و یاده‌وه‌ری و ، ڕۆژانه گرتووه كه به‌لایانه‌وه مه‌به‌ست بوون . بۆ نمونه كاتێك ڕۆژانی شه‌ممه كوتاڵ فرۆشه جووله‌كه‌كان له چه‌مچه‌ماڵدا دوكانیان نه‌كردایه‌ته‌وه‌و خه‌ڵك لێی بپرسیتایه بۆ دوكان ناكه‌نه‌وه ئه‌وانیش له وه‌ڵامدا ئه‌یانه‌وت : (( ئه‌ز گوری واته ( قوربان ) شه‌مه‌كه‌مان ده‌شكێت . لای مالووم و خزمه‌كانی كه‌ركوكمان ئابڕوومان ده‌چێت . لای ( خودا )و ( موسا ) ڕووڕه‌ش ده‌بین )) [٦٩] . ئه‌مانه‌ش بۆ خۆیان به‌ته‌واوی به‌ڵگه‌و ده‌لاله‌ت له‌وه ده‌كه‌ن كه جووله‌كه‌كان چۆن توانیویانه كه ده‌س به ئاینه‌كه‌یانه‌وه بگرن و هاوكات ڕێز له هه‌موو نه‌ریتێكی پیرۆزی خۆیان بگرن . به‌ڵام سه‌باره‌ت به شارێكی وه‌ك هه‌ولێر كه بۆخۆی ته‌مه‌نێكی له مێژینه‌و به‌چه‌ندین قۆناغ و سه‌رده‌می مێژوویی گرنگدا تێپه‌ڕیوه‌و ڕه‌نگه هه‌ر ئه‌مه‌ش وای لێكردبێ كه یه‌كه‌م شه‌پۆلی جووله‌كه‌و له كاتی هاتن و ده‌سبه‌سه‌ركردنیاندا هه‌ندێكیان له‌م شاره‌دا به‌تایبه‌تی له قه‌ڵای هه‌ولێردا

هه‌واڵنامه‌ی كتێب

گیرسابێتنه‌وه‌و ، له‌گه‌ڵ دانیشتوانه‌ سه‌ره‌كیه‌كه‌ی خۆیدا كه‌ له‌ باب و باپیرانی كوردن ژیابن و ده‌ستیان به‌ كاروباروو هه‌موو نه‌ریتێكی كۆمه‌لایه‌تی خۆیان كردبێ . دیاره‌ ئه‌وه‌ش له‌ كاتێكدا بووه‌ كه‌ هێشتا ئایینی پیرۆزی ئیسلام سه‌ری هه‌ڵنه‌داوه‌و زۆربه‌ی كوردو ئه‌و كه‌مینه‌ نه‌ته‌وه‌یی و ره‌گه‌زیانه‌ی له‌ ولاتی كوردستان و ده‌وروبه‌ریدا ژیابێتن . هه‌ریه‌كه‌یان له‌سه‌ر بیروڕاو بۆچوون و ئایینی تایبه‌ت به‌خۆیان بوون . جا هه‌ر له‌به‌رئه‌وه‌ش بووه‌ كه‌ هیچ كاتێك كورده‌كان نه‌بوونه‌ته‌ قۆرت و ته‌گه‌ره‌ له‌ رێگای بیروڕای ئه‌و جووله‌كانه‌دا كه‌ ئه‌م هه‌رێمه‌ باوه‌ش و به‌ركۆژی خۆی بۆ كردونه‌ته‌وه‌ تا رۆژی كۆچكردنیان داڵده‌ی داوون . له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا زۆر جێی سه‌رنج و تێ رامانه‌ كه‌ هه‌ندێ له‌ سه‌رچاوه‌كانی جووله‌كه‌ وا جه‌خت و باس له‌وه‌ بكه‌ن كه‌ گوایه‌ ئه‌وان واته‌ جووله‌كه‌كان توانیویانه‌ وا له‌و كوردانه‌ بكه‌ن كه‌ له‌ :(( خانه‌دانی فه‌رمانڕوایانی كوردی ئادیابین ( حدیاب أ – ب نووسه‌ر ) كه‌ پایته‌خته‌كه‌ی هه‌ولێر بوو . له‌ سه‌ده‌ی یه‌كه‌می پێش زایندا خۆی و ژماره‌یه‌كی زۆری هاولاتیانی كوردی شانشینه‌كه‌ چونه‌ته‌ سه‌ر ئاینی جووله‌كه‌ )) [٧٠] دیاره‌ بۆچونێكی له‌م بابه‌ته‌ش به‌پێی ئه‌و ئینسكلۆپیدیای جووله‌كانه‌یه‌ كه‌ خۆیان بلاویان كردۆته‌وه‌و هه‌موو شتێكیان به‌پێی ئه‌وه‌ لێك داوه‌ته‌وه‌ كه‌ مێژووی خۆیان له‌ هه‌موو ناوچه‌یه‌كدا وا ساغ بكه‌نه‌وه‌ كه‌ له‌ به‌رژه‌وه‌ندی كیان و قه‌ڵه‌م ره‌وی جووله‌كه‌ بێت . هه‌رچه‌نده‌ كورده‌كان و به‌گوێره‌ی لێكدانه‌وه‌ی جووله‌كه‌كان خۆیان : (( رێ به‌ مه‌رجه‌عه‌ دینی‌یه‌كانی جووله‌كه‌ درا جووله‌كایه‌تی له‌ نێوان كورده‌ خۆماڵی‌یه‌كاندا بلاوبكه‌نه‌وه‌ )) [٧١] . نه‌ك لێكدانه‌وه‌كه‌ به‌و جۆره‌ یه‌كلایی بكرێته‌وه‌ كه‌ كوردو جووله‌كه‌ ببرێنه‌وه‌

هەولنامەی کتێب

سه‌ر یه‌ك ڕه‌گه‌زو یه‌ك دابی كۆمه‌ڵایه‌تی . چونكه ئه‌م دوو نه‌ته‌وه‌یه هه‌ریه‌كه‌و به‌پێی خه‌سڵه‌ت و سیمای تایبه‌تی خۆیان و زمانی خۆیان و داب و نه‌ریتی خۆیان دواتریش ئاینی خۆیان زۆر لێكدی جیاوازن و هاوكات سه‌رچاوه‌یه‌كی بێ‌لایه‌نی باوه‌ڕپێكراو نی‌یه ڕایه‌كی ئه‌وتۆ به‌ته‌واوی بسه‌لمێنێ . ته‌نها ئه‌وه‌نه‌بێ كه كه‌سێكی وه‌ك ( میهرداد ئیزه‌دی ) [٧٢] تۆماری كردوه‌و دیاره بۆ ئه‌وه‌ش زیاتر پشتبه‌ستنی بووه به‌و ، ( تلمودد )ه‌ی كه جووله‌كه خۆیان به‌چه‌ند شێوه ده‌ستكاریان كردووه . به گوێره‌ی ئه‌و سه‌رژمێریانه‌ش كه له‌به‌رده‌س دان و له ساڵی ١٩٢٠دا حكومه‌تی به‌ریتانیا ژماره‌ی جووله‌كه‌كانی شاری هه‌ولێری ( ٤٨٠٠ ) كه‌س داناوه‌و به‌پێی سه‌رژمێری ساڵی ( ١٩٤٧ ) كه حكومه‌تی عێراق خۆی جێبه‌جێی كردوه ئه‌و ڕێژه‌یه دابه‌زیوه بۆ ( ٣١٠٩ ) [٧٣] كه‌س له‌م باره‌یه‌شه‌وه هادی چاوشلی ئه‌ڵێ : (( دانیشتوانی هه‌ولێر گشتی وه‌ك ئێستا ئیسلامی شافعی ( مذهب ) بوون . گه‌ڕه‌كێكی بچووك له خواره‌وه جووله‌كه بوون كه گشتی ژماره‌یان نزیكه‌ی هه‌زار كه‌س ئه‌بوون له ساڵی ١٩٥٠ – ١٩٥١ هه‌ولێریان به‌جێهێشت )) [٧٤] . له سه‌رده‌مانێكیشدا ئه‌و جووله‌كانه‌ی له قه‌ڵای هه‌ولێردا نیشته‌جێ‌بووبوون و له كۆتایه‌كانی ده‌سه‌ڵاتی ده‌وڵه‌تی عوسمانی‌دا ئه‌و ناوه‌نده‌یان گوازتۆته‌وه بۆ گه‌ڕه‌كێك هه‌ر له شاری هه‌ولێردا به‌ناوی ( ته‌عجیل )ه‌وه [٧٥] و ، له‌گه‌ڵ خه‌ڵكی تری شاره‌كه‌دا تێكه‌ڵ بوون . كه‌چی له شارێكی وه‌ك ئه‌وكاته‌ی ڕه‌واندزدا ، كه له‌دێر زه‌مانه‌وه ناوچه‌و شارێكی ئاوه‌دان و له ڕۆژگاری حوكمڕانیه‌تی ده‌وڵه‌تی عوسمانی‌داو له سه‌رده‌می ( میرنشینی سۆران )دا بۆ ماوه‌یه‌كی زۆر پایته‌ختی ئه‌و




نەخشەی ژمارە (١) سەبارەت بە تایەفە ئاینیەکانی کوردستان

هەواڵنامەی کتێب


میرنشینەی کورد بووە . بەتایبەتی لەو کاتەوە کە :(( میر مەحەمەد پاشای ڕەواندز ( کۆرە ) بانگەشەی سەربەخۆیی دا ( ١٧٨٣ - ١٨٣٦ ) لە دەوڵەتی عوسمانیدا )) [٧٦] هاوکات ناوچەیەکی سەرەمۆر بوو لە ڕەگەزەکانی وەك دیانەکان و جوولەکەکان شان بەشانی گەلی کورد بەجۆرێ جوولەکەکان تا ئەو کاتەی بەیەکجارەکی کۆچیان کردوە لە ڕەواندزا ماونەتەوەو تەنانەت عەلی سەیدۆ گۆرانی ( ١٩٠٨ - ١٩٩٢ ) لەو گەشتەیدا کە لە ( عەمان )ە بۆ ( ئامێدی ) کردویەتی کاتێ چۆتە ڕەواندز لە ساڵی ( ١٩٣١ )دا لەبارەیەوە نووسیویە : (( ژمارەی ماڵەکانی ٥٦٥ ماڵی کوردن و ٧ ماڵی جوولەکەشی تێدایە )) [٧٧] سەرەڕای ئەو ماڵە جوولەکانەش کە لەو سەروبەندەدا لە ڕانیەو قەڵادزەو دەوروبەریدا بوون . لە کاتێکیشدا کە سەردانی ناوچەی دهۆکی کردوەو لەبارەی چۆنێتی ژیان و نیشتەجێبوونی دانیشتوانەکەی و شێوازی ژیوارو ئیش و کاریانەوە ئەدوێ دەنووسێ : (( دانیشتوانی دهۆك پیشەیان وەرزێروکاریەو کەل و پەل سازی خۆماڵی و بازرگانییە . ژمارەیان ٤٠٠٠ کەسە ، ٢٥٠ جوولەکەن و ٣٥٠ی فەلەن و باقییەکەشی کوردن ، جوولەکەو فەلەکان پیشەی کوتاڵ سازی و جۆلاییان گرتۆتە ئەستۆ . دەوری ٢٠ نۆڵی جۆلایی ، لە شارەکەدا هەیە بۆ چنینی شاڵ و شەپك . ( بەرگێکی نەریتی کوردە ) ئەوەی فەلەکان دروستی بکەن لە ڕووی پتەوی و وردی کاریەوە پەسەندترە لە هی جوولەکە )) [٧٨] . جگە لەوەش هەر لە ناوچەی دهۆك دا سەردانی گوندی ( سەندور )ی جوولەکەنشینی کردوەو ، لەبارەیەوە وتویە : (( دوای ١١ یازدە کیلۆمەتر یەکەم گوندمان هاتە ڕێ ناوی ( سەندور ) بوو . بەسەر گردێکی بەرزەوە دروستکراوە .

هەواڵنامەی کێبڕ

ده‌وروبه‌ری گرده‌كه پڕه له باخچه‌و ئاوی فراوان . ژماره‌ی خانوه‌كانی ٢٥ ماڵه هه‌مووشیان جووله‌كه‌ن )) [٧٩] دكتۆر ئه‌حمد سوسه‌ش كاتێك باس له دابه‌شبوونی جووله‌كه‌كانی : (( ناوچه‌ی ئامێدی ، ئاكرێ ، دهۆك زاخۆ ، زێبار ، به‌رواری سه‌روو خوارو ، مه‌زووری و دۆسكی )) [٨٠] ده‌كات له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا وای ده‌گێڕێته‌وه كه ئه‌م جووله‌كانه : (( دوو گوندی تایبه‌ت به‌خۆیان هه‌یه كه ئه‌وانه‌ش ( سه‌ندور ) له ناوچه‌ی ( دهۆك ) و ( بیت النور )ه له به‌رواری بالاو زۆریشیان كه‌وتونه‌ته گوندی ( به‌راش )ه‌وه ، به جوتیاری و ڕه‌زگه‌ری و په‌روه‌رده‌كردنی ئاژه‌ڵه‌وه خه‌ریكن . لێشیان به‌كاری زه‌ڕه‌نگه‌ری ، بازرگانی ، پیشه‌گه‌ری و چنینه‌وه سه‌رگه‌رمن )) [٨١] و دوو كڵێسه ( كنیسه )شیان هه‌یه له ئامێدی كه ئه‌كه‌وێته سه‌ر قه‌ڵایه‌كه‌وه . یه‌كێكی كه‌شیان ئه‌كه‌وێته ( سه‌ندور )ه‌وه چواره‌میشیان له ( بیت النور)ه . : (( مه‌زارێكیشیان هه‌یه به‌ناوی ( كوڕی حه‌ڕان – ابن حران )ه‌وه واته داودی كوڕی یوسفی كوڕی ئه‌فرایم كه له ساڵی ١٠٣٠ كۆچی به‌رامبه‌ر ١٦٢٠ زاینی كۆچی دوایی كردووه گۆڕی ژنه‌كه‌ی ( الست نجاد ) یش ئه‌كه‌وێته شانیه‌وه . نزیك به كڵێسه‌یه‌ك له ئامێدی )) [٨٢] به‌جۆرێ هه‌ر له كاتێكیشه‌وه كه قوتابخانه‌ی ( الألیانس )ی جووله‌كه له سه‌ره‌تاكانی سه‌ده‌ی بیسته‌مدا له شاره‌كانی وه‌ك : (( موسڵ ، كازمیه ، حله ، عیماره‌و به‌سره دامه‌زرا له‌ژێر كارتێكردنی كۆمه‌ڵه فه‌ره‌نسی و به‌ریتانیه‌كاندا . هاوكات نێرراوی ئاینی به‌ریتانی به‌سه‌رپه‌رشتی دكتۆر دبیلو . ای . ویگرام كه‌وته چالاكی‌یه‌وه له باكوری عێراق و باشوریداو له شاری ( ئامێدی ) یشدا قوتابخانه‌یه‌كی بۆ دامه‌زران )) [٨٣] . سه‌باره‌ت به‌ناوچه‌ی ( بارزان )یش وه‌ك هه‌ر شارو



هەواڵنامەی کتێب



وێنه‌ی شوانێكی جووله‌كه‌ له‌ ناوچه‌ی بادینانی كوردستانی باشوور پێش كۆچ كردنیان

به‌ره‌و ئیسرائیل

شارۆچکەو ناوچەیەکی تری کوردستان و دەوروبەری ڕێژەیەك لە جوولەکەکانی کوردستان لەم ناوچەیەدا بەرچاوکەوتوون و پێکەوە لەگەڵ دیان و کوردو ڕەگەزەکانی تریدا ژیاون ، بەکاروپیشەگەری خۆیانەوە خەریك بوون هەر وەك ( پێ ڕەش ) لە کتێبی : (( بارزان و حرکة الوعي القومي الکردي ۱۸۲٦ - ۱۹۱٤ )) دا . وای تۆمار کردووە کە : (( لە گوندی بارزان دا جوولەکەکان و موسڵمانەکان و دیانەکان پێکەوە ژیاون و بۆ هەریەك لە خاوەنی ئەم ئاینانە شوێنی خواپەرستی تایبەت بەخۆیان هەیەو بۆچوونە ئاینیەکانی خۆیانی تیا پەیڕەو ئەکەن )) [٨٤] هەروەك : (( پیرو بەساڵاچووانی گوندەکە خۆیان دەیگێڕنەوە ژمارەی جوولەکەکان لە دیانەکان و موسڵمانەکان پێکەوە زۆرتر بوون )) [٨٥] بەجۆرێ زۆربەی ئەم جوولەکانەو خەڵکی ناوچەکەش بەزۆری بە باخەوانییەوە خەریك بوون ، ژمارەی ئەو باخانەش کە لەو دەمانەداو ، لەم ناوچەیەدا بوون زیاتر لە ( ۲۰۰ ) دووسەد باخ دەبوون کە هەریەك لەوانەش بەناوی خاوەنەکانیانەوە بووە وەك : (( باخی الیوك، باخی پولس ، باخی قەس ، باخی دیر ، باخی موشی .. تاد )) [٨٦] لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوازێکی ئەوتۆ ئەم باخ و بێستانانە بەڕێوەبراون بێ‌ئەوەی هیچ ئاژاوەو ناکۆکیەك لەنێوان ئەم تایەفانەدا دروست بکەن . هەروەك دەشبینی دیانەکان لە ناوچەیەکی وا سەرەڕای کەم بوونی ژمارەیان دوو گوندی تایبەت بەخۆیان هەبووە بەناوی ( بیدیاڵ ) و ( ئەردیل )ەوە . بەڵام جوولەکەکان گوندی تایبەت بەخۆیان نەبووە . کەچی لە شارێکی وەك زاخۆدا کە بۆخۆی ناوچەیەکی گرنگ و خاڵی سەرسنور بووە . هەر بۆیە ئەمەش وای لێکردووە کە ژمارەیەکی زۆر لە جوولەکە بە بەراورد لەگەڵ شارو

شارۆچکەکانی تری کوردستاندا لەم شارەدا کۆ ببێتەوە بەزۆریش بەکاری بازرگانییەوە خەریك بوون . وەك لەم بارەیەشەوە ( سەیدۆ گۆرانی ) لە گەشتەکەیدا نووسیویە : (( جۆگەی خاپور زاخۆ دەکات بە دووکەرتەوە . کەرتێکی موسڵمانن و کەرتەکەی تریشی بەزۆری جوولەکەن کە بازرگانی شارەکەشن )) (٨٧) لەبارەی دانیشتوانەکەشییەوە وای تۆمار کردوە کە : (( دانیشتوانی زاخۆ ( ٥٠٠٠ ) کەسن . بەزۆری کوردن و جوولەکە دەکەوێتە پلەی دووەم . سێیەمیش فەلەن کە بە بەرگ سازی کوردی ناویان دەرکردووە . تێکرا هەموو حەز لە ڕابواردن و خۆش گوزەرانی دەکەن و زۆریش ئاوارە دۆستن و ڕێزی باشی لێدەگرن . ژنیان هێندە جوانە پیاو خۆی بۆ ناگیرێت . ناچار دەبێت بە هەڵگرتن . ژنانی جوولەکە ئازادیان پترە وەك لە ژنانی کوردو فەلە )) (٨٨) تەنانەت لە بواری هونەری کوردیدا هەردوو کچە هونەرمەندی دانیشتووی گوندی ( دەحلەرێ )ی سەربە شاری ( ئاکرێ )ی بەرەگەز جوولەکە کە ناوی تەواویان ( خوخێ موشێ )و ( ماری مۆشێ )بووە لە نێوەندی هونەرو گۆرانی کوردیدا بە ( نازدارو ئەسمەر فەرهاد ) ناسرابوون لەوانە بوون لەسەرەتای پەنجاکانداو پێش کۆچ کردنیان بۆ ئیسرائیل دەیان گۆرانیان بەزمانی کوردی لە ڕادیۆی کوردی بەغداوە تۆمارکرد کە لەو دەمانەدا ئەم دوو خوشکە : (( تەمەنیان لە دەوری ٢٠ساڵیدا بووە )) (٨٩) و بە جۆرێ تائێستا چۆن ( سەلیمە مراد )ی بە ڕەگەز جوولەکە کە لە نێوەندی هونەرو گۆرانی عێراقی هاوچەرخدا جێگایەکی تایبەتی بۆخۆی کردۆتەوە هەر ئاواش ( نازدارو ئەسمەر فەرهاد ) کە هونەرمەندی گەورە عەلی مەردان ئەم نازناوانەی پێبەخشیوون دەنگ و ئاوازیان

ڕەسەنایەتیەکی ئەوتۆی پێوە دیارە کە هەردەم هونەری کوردی خۆ بە قەرزاری ئەو دوو کیژە هونەرمەندە کوردەی بە ڕەگەز جوولەکە بزانێ .

هەروەها ڕێژەیەکی تر لە جوولەکانی کوردستان کەوتبونە شاری ( ئاکرێ )وەو ناودارترین کەسایەتی کە تا ئێستاش خۆی شەهادەتی بۆ دەداو سۆزی خۆی بۆ کوردو کێشەکەی دووپات دەکاتەوە ئەوەش ( ئیسحاق مەردەخای ) ، ( وەزیری بەرگری ) پێشووی سوپای ئیسرائیلیە : (( کە لە ساڵی ١٩٩٦دا ئەم پۆستەی وەرگرت و ئەمەش کاتێك کۆچی کرد بەرەو ئیسرائیل لە تەمەنی ٦ ساڵی‌دا بوو دوای ئەوەی کە عێراقیەکان ئەوەیان بۆ ئاشکرا بوو کە باوکی یەکێکە لە کەسایەتیە چالاکەکانی بزوتنەوەی زایۆنی )) [٩٠] هەروەك خۆشی لە بارەی ئینتمای کەسێتی خۆیەوە ئەڵێ :(( من کوردم و خەڵکی عەقرەی کوردستانم )) [٩١] تەنانەت لە چاوپێکەوتنێکی‌دا بۆ ڕۆژنامەی ( الشرق الأوسط ) لەو پرسیارانەی کە لەبارەی عێراق و کوردستانەوە ڕووبەڕووی کراوەتەوە لەوانە :


( پ / هیچت دەربارەی کوردستان و عێراق لە یادە ؟

وەلام : تەمەنم چوار ساڵان بوو ئەو کاتەی کۆچمان کرد . هەندێ شتم وەك خەیاڵ لە یادە . باوکم لە بەغداد بازرگان بوو . پیاوێکی ئایینی بوو زۆر جارمان ماڵ دەگواستەوەو لە شوێنێك جێگیر نەبووین . تا لە بیرمدا بچەسپێ .

پ/ هەست دەکەیت کە پەیوەندیەکی تایبەتی بە گەلی کوردەوەت دەبەستێ ؟

وەلام : بێگومان کورد گەلێکە وەك هەر گەلێکی دیکەی جیهان و

دووچاری شه‌ڕی كۆكوژی و دڕندایه‌تی بۆته‌وه . مرۆڤایه‌تیم وام لێده‌كات سۆزم به‌رامبه‌ر به‌ كورد هه‌بێ كه‌ ئه‌وان ( حوكمی زاتی )یشیان ده‌ویست به‌ گازی كوشنده‌ وه‌ڵامیان ده‌درایه‌وه‌ )) [٩٢] . وێڕای ئه‌وه‌ی كه‌ ( ئیسحاق مه‌رده‌خای ) ماوه‌یه‌ك پۆستی وه‌زیری به‌رگری سوپای ئیسرائیلی پێبه‌خشرا . پێشتر : (( سه‌رۆكی سه‌ركردایه‌تی ناوه‌ندی سوپای ئیسرائیل )) [٩٣] بووه‌ . هه‌ر به‌پێی ئه‌و نیشته‌جێبوونه‌ی كه‌ كاتی خۆی كورده‌ جووله‌كه‌كان له‌ وڵاتی كوردستاندا هه‌یانبووه‌ ، ئه‌مه‌ش بۆخۆی وای كردووه‌ كه‌ به‌ به‌رده‌وامی ئینتمای خۆیان بۆ ئه‌م ناوچه‌یه‌ هه‌بێ .




ئیسحاق مه‌رده‌خای

وه‌زیری به‌رگری سوپای ئیسرائیلی له‌ ساڵی ١٩٩٦ دا

( من كوردم و خه‌ڵكی عه‌قره‌ی كوردستانم . مرۆڤایه‌تیم وام لێ ده‌كات سۆزم به‌رامبه‌ر كورد هه‌بێ )

چونكه ئه‌وان گه‌لێك شوێنی پیرۆزی خۆیان و پاشماوه‌ی ئه‌وتۆیان له‌م ناوچه‌یه‌دا له‌دوا به‌جێماوه كه به‌رده‌وام جێی بایه‌خ پێدانیانه . بۆ نموونه هه‌ندێ له‌و : (( زیاره‌تگایانه‌ی جووله‌كه ئه‌مڕۆ هه‌موو جووله‌كه ڕێزیان لێده‌نێن هه‌ندێكی له كوردستانه له‌وانه زیاره‌تگاكانی ئه‌و پێغه‌مبه‌رانه‌یان ناویان له ته‌ورات دا هاتووه وه‌ك ناحوم له ئه‌لكیش ، یونس له نه‌بی یونس ( نه‌ینه‌وای كۆن ) ، دانیال له كه‌ركوك ، حه‌باكوك له تویسیركان ، مۆرده‌خای و شاژن ئستر له هه‌مه‌دان و چه‌ند ئه‌شكه‌وتێك كه ده‌ڵێن گوایه ئیلیا سه‌ردانی كردوون )) [٩٤] . ئه‌مه جگه له‌وه‌ی كه ئه‌و ناوه‌نده زانستی و تایبه‌تانه‌ی كه له‌م ناوچه‌یه‌دا هه‌یانبووه‌و تا ئه‌و ڕۆژه‌ی كۆچیان كردووه . به‌رده‌وام له هه‌وڵی ئه‌وه‌دا بوون زیاتر گه‌شه‌ی پێبده‌ن و تایبه‌تمه‌ندی خۆی وه‌رگرێ ، هه‌رچه‌نده ئه‌وه‌ش له‌كاتی خۆیدا زۆر له ڕێكخراوه چالاكه‌كانی جووله‌كه‌ی جیهانی له پشته‌وه پشتگیریان لێكردوه‌و ؛ به‌هه‌موو شێوه‌یه‌ك ده‌سگرۆیان كردووه . جا بۆیه هه‌ر له خۆڕاش نه‌بووه كه له كۆتایه‌كانی سه‌ده‌ی نۆزده‌یه‌مداو له وڵاتێكی وه‌ك عێراقدا مه‌سه‌له‌ی خوێندن ته‌نها ( مۆنۆپۆل ) كراوبێ بۆ چه‌ند كه‌سێكی دیار له منداڵی سه‌ره‌ك خێڵه‌كان و له : (( شاره گه‌وره‌كانیشدا ئه‌وه ته‌نها بۆ نه‌سرانی ( دیان ) و جووله‌كه‌كان )) [٩٥] . بووبێ‌و خوێندنگاكانی : (( یه‌كێتی ( الالیانس )ی ئیسرائیلی له‌نێو ئه‌مانه‌داو له‌ڕووی زانستی‌یه‌وه پێشكه‌وتووتر بووبێ )) [٩٦] . چونكه دیارده‌یه‌كی ئه‌وتۆش له سه‌ره‌ڕای ڕێكخراوه‌كانی جووله‌كه خۆیان ته‌نانه‌ت وڵاته گه‌وره‌كانیش له پشته‌وه‌ی پرۆسه‌یه‌كی له‌و بابه‌ته‌وه بوون و ؛ به‌رده‌وام ئه‌وانیش

پشتگیریان لێکردووە . دواتریش لە مەسەلەی دامەزرانی دەوڵەتدا بۆیان ، هەر خۆیان بەزۆری ئەو ڕۆڵەیان گێڕاوەو بۆ نموونە لە ڕۆژگاری دوای ( هەڵگەڕانـــەوەی عوسمـــانی ١٩٠٨ )دا بـــاڵوێزی بـــەریتانیا لـــە ( قەســتەنتینیە – قسـطنطينية ) لـە نامەیـەکیدا بـۆ وەزیـری دەرەوەی وڵاتەکەی خۆیان جەخت لەسەر دامەزرانی : (( وڵاتێکی سەربەخۆ دەکا بـۆ جوولەکـەکان لـە فەلەسـتین یـان لـە عـێراقدا )) (٩٧) . هەرچـەندە جوولەکـــەکان خۆیـــان بەتایبـــەتی : (( تیـــودور هرتـــزڵ مەجـــەری ١٨٦٠ – ١٩٠٤ ) * لە ساڵەکانی ١٩٠١ و ١٩٠٢دا هەوڵی دا کە سوڵتانی عوسمانی عبدالحمید ڕازی بکا بەوەی کە فەلەستین بکا بە نیشتمانێ بۆ جوولەکـە )) (٩٨) بـەلام تیایدا سـەرکەوتوو نـەبوو دواتـر کەوتـە : (( وتوێـژەوە لەگـەڵ بەریتانیەکاندا سەبارەت بە بیابانی ( سـیناء ) لـە وڵاتـی میسـر )) (٩٩) و پاشـان هـەرخۆیان لـە کۆنگـرەی شەشـەمیاندا لـە ساڵی ١٩٠٣دا ( پرۆژەی ئوغەندا )یان هێنایـە کایەوە . بەڵام زۆربـــەی

* ثیودور هرتزل : بە ڕەچەڵەك یەكێكە لە جوولەكەكانی وڵاتی مەجەڕستان ، ساڵی ١٨٦٠ لـە شـاری ( بودابسـت ) لـەدایك بـووە . خوێندنـی یاسـای لـە ڤیـەننا تـەواوكردووە. دواتـر ڕووی كردۆتـە كـاری ڕۆژنانەنووسـی و ، بـەوەش شـۆرەت و ناوبانگیەكی گەورەی پەیدا كردووە . لە ساڵی ١٨٩٦ دا یەكەم كتێبی خۆی بەناوی ( دەوڵـەتی جوولەكـە )ەوە ( Der Juden Staat ) لـە ڤیـەننا بڵاوكردۆتـەوە ، لە ٢٩ – ٣١ی ئابی ١٨٩٧ سەرۆكی یەكەمین كۆنگرەی جیهانی زایۆنی بووە لە شاری ( بازل )ی سویسرا لێرە بەدواوە كراوە بە یەكەمین سەركردەی ڕێكخـراوی زایۆنـی جیهانی و تا ساڵی ١٩٠٤ و ڕۆژی مردنی بە سەرۆكی ئەم ڕێكخراوە ماوەتەوە .



هەواڵنامەی کتێب

ثیودور هرتزل ١٨٦٠ - ١٩٠٤

دانه‌ری یه‌كه‌م كتێب به‌ناوی ( ده‌وڵه‌تی جووله‌كه- Der Juden Staat )

ئه‌ندامانی كۆنگره به‌تایبه‌تی جووله‌كه‌كانی وڵاتی ڕوسیا زۆر به‌توندی دژی وه‌ستان [١٠٠] . جووله‌كه‌كانی وڵاتی كوردستانیش . تا ئه‌وكاته‌ی له كوردستاندا مابوونه‌وه به : (( گشتی به زمانی كوردی باش ده‌دوان ، له‌ناو خۆشیاندا بۆ نوێژو دوعاو به‌ڕێوه‌بردنی سه‌ریمۆنیای ئاینی زمانی ( ئارامی )یان به‌كارده‌برد )) [١٠١] له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شداو : (( به‌هۆی ده‌ستگرتنیانه‌وه به ئایینه‌كه‌یانه‌وه ده‌چه‌وسێنرانه‌وه‌و به چاوێكی كه‌م

سەیر دەکران لە ڕابردوودا مرۆی جوو دەبوایە نیشانەیەکی تایبەتی هەڵگرێ . دەبوایە پەڕۆیەکی شین لە جلی خۆی بداو ناچاریش بوو باجی ( سەرانە ) بدات . بەڵام حەمە حوسێن خان سەرداری شاری بۆکان لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا جووەکانی لەم بارە ڕزگارکرد )) [١٠٢] . وێڕای ئەو گۆشەگیریی و دورەپەرێزیەیان لە هەندێ ناوچەی کوردستاندا ( نەك هەمووی أ - ب نووسەر ) تا ڕادەیەك جۆرە تێکەڵ بوون و سۆزێکی ئەوتۆیان لا دروست بووبوو کە لەگەڵ دانیشتوانی کوردستاندا بژین و ئەمەش وایان لێبکا کە ببنە خاوەنی ئینتیماو خەسڵەتێکی ئەوتۆ بەباشی بەم خاکەیانەوە ببەستێ‌و هەرکە ئەم هەرێمەیان بەجێ‌هێشت و کۆچیان کرد. لە دوایداو لەوێ خۆیان بەخەڵکێکی نامۆ دەزانی جا بۆیە لەخۆڕاش نیيە کە کەسێکی وەك موردەخای زاکین لەم بارەیەوە بڵێ : (غەریب کەوتنی کوردە جوولەکەکان بۆ کوردستان سەیرێکە سەیرانی لێبکەوێتەوە) دیارە هەر ئەو سۆزو نامۆ بوونەیە کە بە بەردەوام وایان لێبکات دڵیان لای کوردستانێ بێ کە پێشترلێیەوە کۆچیان کردووە.

هەواڵنامەی کێشێر

## پەراوێزەکان :-

١- يوسف ابراهيم الجهماني ، تركيا و اسرائيل ، دمشق ١٩٩٩ ص١١ .

٢- يوسف ابراهيم ، نفس المصدر ، ص١١ .

٣- الدكتور جعفر هادي حسن ، سبتاي صفي و يهود الدونمة ، مجلة العربي ، كانون الأول ، ١٩٨٥ ، ص٤٦ .

٤- يوسف ابراهيم الجهماني ، تركيا واسرائيل ، المصدر السابق ، ص١٢ .

٥- هشام الدجاني ، اليهودية و الصهيونية ، صص٦-٧ .

٦- هشام الدجاني ، المصدر السابق ، ص٧ .

٧- دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد ، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامە نووسی

کوردیدا ، بەغدا ١٩٧٨ ، ل ٤٣-٤٤ .

٨- نجم عمر السورجي ، مصير ولاية الموصل ( كردستان الجنوبية ) مابعد عام ٢٠٠٠ ، السليمانية ١٩٩٩ ، ص٣٤ .

٩- وثيقة ( الجمعية الكردية ) ، تقرير حزب الأمة عن قضية الموصل ، المركز العام ، بغداد ١٩٢٥ ، العدد ٧٩٢ .

١٠- صادق السوداني ، النشاط الصهيوني في العراق ، ص١٦ .

١١- دبيلو أى ويگرام ، ادگار . تى . اى . ويگرام ، مهد البشرية ، الحياة في شرق كوردستان ، ترجمة : جرجيس فتح الله ، بغداد ١٩٧١ ، ص٧١ .

١٢- السوداني ، المصدر السابق ، ص١٧ .

١٣- نفس المصدر ، ص٢١ .

١٤- نفس المصدر ، ص٢٧ .

١٥- نفس المصدر ، ص٢٢ .

١٦ - دکتۆر جەلیلی جەلیل ، کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ، وەرگێڕانی : دکتۆر کاوس قەفتان ، بەغدا ١٩٨٧ ، ل٣٢ .

١٧- الدكتور فاضل البراك ، المدارس اليهودية و الأيرانية في العراق ، بغداد ١٩٨٤ ، ص٣١ .

١٨- صادق السوداني ، النشاط الصهيوني في العراق ، ص٦١-٦٢ .

١٩- چاوپێکەوتنێ لەگەڵ ( حاجی بەهمەن خانەقینی ) لەدایک بووی ( خانەقین - ١٩٢٨ ) لە تەشرینی دووەمی ١٩٩٤ .

٢٠- چاوپێکەوتنێ لەگەڵ ( ئەحمەدی مەحمود ئیبراهیم )ی باجەلاندا ، لەدایک بووی ( ئاوایی گەورە - ١٩٢٦ ) لە تەشرینی دووەمی ١٩٩٤ .

٢١- ساسۆن ، کوردە جوولەکەکانی ئیسرائیل ، گۆڤاری ( مامۆستای کورد ) ، ژمارە (١٩) ، پایزی ١٩٩٣ ، ل٣٥ .

٢٢- مسەفا نەریمان ، بیرەوەریەکانی ژیانم ، بەغدا ١٩٩٤ ، ل٣٠ .

٢٣- مستەفای نەریمان ، هەمان سەرچاوە ، ل٣١ .

٢٤- چاوپێکەوتنێ لەگەڵ ( ئەحمەدی حاجی حەمۆمینی بیجان )دا کە لەدایک بووی

هەواڵنامەی کتێب

( ١٩٢٩ )ی شاری کفرییە لە تەشرینی دووەمی ١٩٩٤دا .

٢٥- یادگاری یانەی سەرکەوتن ، ژمارە ( ١ ) ، پەیامی تبرعات ، باربو ، بەغدا ، چاپخانەی نجاح ، ١٩٤٣ - ١٩٤٤ ، ل٦٧ .

٢٦- نەریمان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٢ .

٢٧- عبدالعزیز سلیمان النوار ، داود پاشا والی بغداد ، القاهرة ١٩٤٩ ، ص١٣٧ .

٢٨- بەکر حمە صدیق عارف ، لاپەڕەیەك لە مێژووی هەڵەبجە ١٧٠٠ - ١٩٥٨ ، چاپی یەکەم ١٩٩٧ ، ل٢٦ .

٢٩- بەکر حمە صدیق ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٦ .

٣٠- یعقوب یوسف کوریە ، یهود العراق ، تأریخهم ، احوالهم ، هجرتهم ، لبنان ١٩٩٨ ، ص٢٠٥ .

٣١- الدکتور فاضل البراك ، المدارس الیهودیة و الأیرانیة في العراق ، دراسة مقارنة ، بغداد ١٩٨٤ ، صص٦٢-٦٣ .

٣٢- چاوپێکەوتنێ لەگەڵ ( کەریمی ئەحمەد لالە )ی کەلاری کۆن لە تەشرینی دووەمی ١٩٩٤ دا .

٣٣- مەحەمەد مەردان مەجید ، ڕۆژەکانی هەفتە ، گۆڤاری کەلەپوری کورد ، ژمارە ( ١٢ ) ل ٢٦ .

٣٤- مەحەمەد مەردان مەجید ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٦ .

٣٥- چاوپێکەوتنێ لەگەڵ ( کەریمی ئەحمەد لالە ) تەمەن ( ٨٥ ) ساڵ و ( حاجی ساڵەحی کەریم جانی ) لەدایك بووی ( ١٩٢٧ ) و لە تەشرینی دووەمی ١٩٩٤ ، لە گوندی کەلاری کۆن .

٣٦- بەکر حمە صدیق ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٦ .

٣٧- سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٧ .

٣٨- شاکیر فەتاح ، گەشتی هەڵەبجەو هەورامان ، لەساڵی ١٩٢٣ ، گەشت و گوزار ، ژمارە (٤) ساڵی ١٩٧٣ ، ل١٥ .

٣٩- ئەم گۆرانییە فۆلکلۆریەم لە ( حمە عەلی تازەدێ )ەوە گوێ لێ بوەو ، بەدەنگی خۆی بۆی وتووم .

٤٠- صادق السوداني ، النشاط الصهيوني في العراق ، ص١٥٣ .

٤١- مۆردیخای زاکین ، گەڕانەوەی کوردە جوولەکەکان لە کوردستانەوە بۆ ئیسرائیل ، وەرگێڕانی : زێرەڤان توڤی ، گۆڤاری ( ئەمڕۆی ڕووناکبیری ) ، ژمارە (١) ، کانونی یەکەمی ١٩٩٧ ، ل١٩ .

٤٢- جەمال بابان ، سلێمانی شارە گەشاوەکەم ، بەغدا ١٩٩٣ ، ل٤٨ .

٤٣- جەمال بابان ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٣-٥٤ .

٤٤- مەحەمەد مەردان مەجید ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٦ .

٤٥- مەحەمەد مەردان ، هەمان سەرچاوە ، ل٣٨ .

٤٦- یادگاری یانەی سەرکەوتن ( باربو ) بەغدا ١٩٤٣-١٩٤٤ ، ل٦٧ .

٤٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل٧٣ .

٤٨- صادق السوداني ، النشاط الصهيوني في العراق ، ص١٨ .

٤٩- ئەکرەمی مەحمودی ساڵەحی ڕەشە ، شاری سلێمانی بەرگی یەکەم ، ل٤٩٨ .

٥٠- شلومونكد يمون ، الموساد في العراق و دول الجوار ، انهيار الآمال الاسرائيلية و الكردية ، ترجمة : بدر عقيلي ، دار الجيل ١٩٧٧ ، ص٢٥ .

٥١- شلومونكد يمون ، الموساد في العراق ، المصدر السابق ، ص٢٥ .

٥٢- المصدر السابق ، ص٢٥ .

٥٣- تاهیر ئەحمەد حوێزی ، مێژووی کۆیە ، بەرگی دووەم ، بەشی یەکەم ، ل٤٢ .

٥٤- تاهیر حوێزی ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل٤٢-٤٣ .

٥٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل٤٣ .

٥٦- چاوپێکەوتنێ لەگەڵ ( زینت رحیم ) دانیشتووی ناوچەی بنکورەو لەدایك بووی (١٩٢٧) ، تەشرینی دووەمی ١٩٩٤ .

٥٧- جەزا تۆفیق تالب ، بایەخی جیۆپۆلەتیکی ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان ، چاپی یەکەم ١٩٩٩ ، ل١٦٧ .

٥٨- ابراهيم صقر أبو عمشه ، التمييز العنصري أبرز معالم الصهيونية ، تونس ، ( سنة الطبع ، بلا ) ، ص١٠٠ .

٥٩- ابراهيم صقر ، نفس المصدر ، ص١٠٠ .

٦٠- موردەخای زاکین ، گەڕانەوەی کوردە جوولەکەکان لە کوردستانەوە بۆ ئیسرائیل ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٣ .

٦١- فاضل البراك ، المدارس اليهودية و الايرانية في العراق ، ص٦٣ .

٦٢- صادق السوداني ، النشاط الصهيوني في العراق ، ص١٥٣ .

٦٣- النشاط الصهيوني ، المصدر السابق ، ص١٥٢ .

٦٤- فاضل البراك ، المدارس اليهودية والأيرانية ، نفس المصدر ، ص٦٣ .

٦٥- ديڤيد ماکدواڵ ، کورد نەتەوەیەکی نکوڵی لێکراو ، وەرگێڕانی : شێرزاد حەسەن ، کوردستانی نوێ ، ژمارە ( ١١٩٤ ) ، هەینی ١٩٩٦/١/١٩ .

٦٦- ديڤيد ماکدواڵ ، هەمان سەرچاوەی پێشوو .

٦٧- هاشم سەيد ئەحمەد ، چەمچەماڵ لە یادەوەریمدا ، سلێمانی ٢٠٠٠ ، ل٦٣ .

٦٨- هاشم سەيد ئەحمەد ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٥ .

٦٩- شاکیر فەتاح ، کۆمەڵە ڕۆژنامەی چەمچەماڵ ، زنجیرەی ژمارە ( ٥٠ ) ، ١٩٨٣ ، ل١٣ .

٧٠- میهرداد ئیزەدی ، ئاین و تایفە ئاینیەکان لە کوردستاندا ، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ، ژمارە ( ٢٧ ) ، ل٩٩ .

٧١- میهرداد ئیزەدی ، هەمان سەرچاوە ، ل٩٩ .

٧٢- هەمان سەرچاوە ، ل٣٧ .

٧٣- هادي رشيد الجاوشلي ، تراث أربيل التأريخي ، اربيل ١٩٨٥ ، ص٤٧ .

٧٤- هادی ڕەشید چاوشلی ، هەولێر لەگەڵ کاروانەکەی فەلەك ، بەغدا ١٩٨٧ ، ل١٢.

٧٥- هادي رشيد الجاوشلي ، تراث أربيل التأريخي ، المصدر السابق ، ص٤٧ .

٧٦- ئەحمەد باوەڕ ، میرنشینی سۆران و پەیوەندی نێوان هەردوو محەمەد پاشای کورد ، گۆڤاری ( کاروان ) ، خولی ڕاپەڕین ، ژمارە (٨) ، ل٦ .

٧٧- عەلی سەیدۆ گۆرانی ، لە ( عەمان )ەوە بۆ ئامێدی گەشتێك بە کوردستانی باشوردا ، وەرگێڕانی : تالب بەرزنجی ، سلێمانی ٢٠٠٠ ، ل١٥٤ .

٧٨- عەلی سەیدۆ گۆرانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٨٥ .

٧٩- سەیدۆ گۆرانی ، هەمان سەرچاوە ، ل١٨٨ .

٨٠- الدكتور احمد سوسه ، حياتي في نصف قرن ، بغداد ١٩٨٦ ، ص٨٧ .

٨١- الدكتور احمد سوسه ، المصدر السابق ، ص٨٩ .

٨٢- المصدر السابق ، ص٨٩ .

٨٣- العراق في الوثائق البريطانية ، ١٩٠٥ - ١٩٣٠ ، ترجمة و تقديم : فؤاد قزانجي ، بغداد ١٩٨٩ ، ص٦٠ .

٨٤- پێ ڕەش ، بارزان و حركة الوعي القومي الكردي ١٨٢٦ - ١٩١٤ ، مكان الطبع (بلا) ، ١٩٨٠ ، ص٢٥ .

٨٥- پێ ڕەش ، المصدر السابق ، ص٢٥ .

٨٦- نفس المصدر ، ص٢٥ .

٨٧- عەلی سەیدۆ گۆرانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٠٤ .

٨٨- سەیدۆ گۆرانی ، هەمان سەرچاوە ، ل٢٠٥ .

٨٩- دیدەوانی یەعقوب ، نازدارو ئاسمەر فەرهاد ئەو دوو كچە جوولەكەیەی بە كوردی سۆرانی گۆرانیان وت ، كوردستانی نوێ ، ژمارە ( ٢١٣٨ ) ، ٢٠٠٠/٥/٦ .

٩٠- شلومونكد يمون ، الموساد في العراق و دول الجوار ، المصدر السابق ، ص٢٥ .

٩١- عەبدوڵا تاهیر بەرزنجی ، یەهودی عێراق ، یەهودی كوردستان ، گەلاوێژی نوێ ، ژمارە (١٦) ، ل١٠٨ .

٩٢- كوردستانی نوێ ، پێنج شەممە ، ١٩٩٧/٤/١٠ ، دوا لاپەڕە ، لە ڕۆژنامەی ( شرق الأوسط )ەوە وەرگیرابوو .

٩٣- مۆردیخای زاكین ، گەڕانەوەی كوردە جوولەكەكان لە كوردستانەوە بۆ ئیسرائیل ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٥ .

٩٤- میهرداد ئیزەدی ، ئاین و تایفە ئاینییەكان لە كوردستاندا ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل١٠٠ .

٩٥- المستر ستيفن هيمسلي لونكريك ، أربعة قرون من تأريخ العراق الحديث ، ترجمة : جعفر الخياط ، الطبعة السادسة ١٩٨٥ ، ص٣٨٠ .

٩٦- المستر ستيفن هيمسلي لونكريك ، المصدر السابق ، ص٣٨٠ .

٩٧- دور اليهود و الماسونين في الأنقلاب العثماني ، ترجمة : الدكتور : محمد توفيق

هەولێرنامەی دێر

حسين ، مجلة ( آفاق عربية ) ، العدد(٩) ، آيار ١٩٧٨ ، ص٥٧ .

٩٨- جون . هـ . ديڤيز ، السلام المراوغ ، ترجمة محمد فتحي ، الهيئة المصرية العامة للتأليف و النشر ، ١٩٧٠ ، ص١٤ .

٩٩- جون . هـ . ديڤيز ، السلام المراوغ ، نفس المصدر ، ص١٤ .

١٠٠- المصدر السابق ، ص١٤ .

١٠١- دكتۆر : ڕەشاد میران ، ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە كوردستاندا ، چاپی دووەم ، كوردستان ٢٠٠٠ ، ل٣١ .

١٠٢- دكتۆر : ڕەشاد میران ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٣١ .

هەواڵنامەی كتێب

هەواڵنامەی کتێب

# به‌شی سێیه‌م

## هۆكاره‌كانی كۆچ كردنی جووله‌كه‌و جووله‌كه‌كانی ڕۆژهه‌ڵاتو كوردستان بۆ ئیسرائیل

هەواڵنامەی کتێب

ئه‌گه‌ر سه‌رچیغ نه‌چوبیتم ره‌نگه دیارده‌ی كۆچ كردن له‌ناو هه‌موو گه‌ل و نه‌ته‌وه‌و وڵاتانی دونیادا . دیارده‌یه‌كی سروشتی بیّ‌و ، ئه‌وه‌ش به‌پێی كات و هه‌ل و مه‌رج و واقیعی رۆژگار گۆرانی به‌سه‌ردابیّ . وێرای ئه‌وه زۆر رووی ترو ، مه‌غزایه‌كی ئه‌وتۆ له‌خۆ ده‌گریّ كه له قاوغه سروشتی‌یه‌كه‌ی خۆی بچێته ده‌ره‌وه‌و ، وا له ئینسان بكا به‌شێوازێكی ترو ؛ به تایبه‌تمه‌ندیه‌كی تره‌وه خۆی بۆ ئاماده بكا . هاوكات هه‌وڵی ئه‌وه‌ش بدات ژیرانه ترو ، ژیربێژیانه تر خۆی له پاشماوه سه‌لبی‌یه‌كانی قوتار بكا . به‌ڵام وه‌كتر ده‌بینی ئه‌م دیارده‌یه . خه‌سڵه‌تێكی ترو سیمایه‌كی تری له‌خۆ گرتووه‌و ، له‌سه‌ر بنه‌مای جیّ پیّ لێژكردن و په‌ره‌وازه‌كردنی گه‌لان و نه‌ته‌وه‌كان هاتۆته كایه‌وه . نه‌وه‌ك ئه‌وه‌ی دیارده سروشتی‌یه‌كان گه‌ڵاڵه‌یان كردبیّ‌و پاڵپشت و فاكته‌رێكی دروست كراوی له پشته‌وه نه‌بووبیّ . له‌م باره‌یه‌وه كاتیّ سه‌رنج ده‌ده‌ی له گه‌لێكی وه‌ك جووله‌كه‌ی له كورد سه‌رلێشێواو تری ئێستا ده‌بینی به‌درێژایی مێژوو و، به‌پێی گۆرانكاری و قۆناغه‌كانی مێژوو ، تووشی ئاواره‌یی ، ماڵ وێرانی و ، دووركه‌وتنه‌وه‌یه‌كی ئه‌وتۆ هاتوون . بروا ناكه‌م هیچ نه‌ته‌وه‌و گه‌لێكی تر ، له رۆژگاره دێرینه‌كانه‌وه له هه‌ل و مه‌رجێكی ئه‌وتۆدا ژیابیّ . هه‌رچه‌نده به‌پێی هه‌ندیّ له‌و سه‌رچاوانه‌ی كه له مێژووی كۆن ده‌دوێن . وایان باس لێوه‌كردوون . كه ئه‌مانه هه‌ر به‌خۆیان نه‌ته‌وه‌یه‌كی كۆچ كه‌رو گه‌شته‌وه‌ر بوون وه‌ك له ( كاروانی ژیاری - مسيرة الحضارة )دا وا ئامازه‌یان بۆ كراوه كه : (( عبرانیه دێرینه‌كان گه‌شته‌وه‌ر بوون )) [1] . ته‌نانه‌ت موسای په‌یامبه‌ریان : (( له كۆتایه‌كانی سه‌ده‌ی سێیه‌می پێش زاییندا رێبه‌رایه‌تی خێڵه عیبرانیه‌كانی كردووه ( له وڵاتی میسره‌وه ) بۆ

فەلەستین )) [٢] . خۆ ئەگەر هەنگاوێکی لەم بابەتەش وەك لایەنە سروشتی‌یەکەی مامەڵەی لەگەڵدا بکەین و ، بۆ ئەوە بووبێ کە حەزرەتی ( موسا ) لە هەوڵ و کۆششی ئەوەدا بووە . کە چۆن پەیامەکەی خۆی بگەیەنێتە کۆمەڵانی خەڵك و بڵاوی بکاتەوە . بەڵام جەخت کردنی من بۆ لایەنێکی وا زیاتر ئەو دەس بەسەرکردن و ، پەرەوازە کردنەیانە کە سەرکردەیەکی وەك شای کلدانی ( بابل ) ، کە پێشتریش باسم لێوە کردووە . چۆن هێناونیە باشووری عێراق و یا ئەوانەیان کە ئاشوورییەکان هێناویانەتە ناوچە کورد نشینەکانی وڵاتی کوردستانەوە جگە لەوانەشیان کە بەزۆریەی زۆری وڵاتانی دونیادا بڵاوبوونەتەوەو قەت ڕۆژێك خاوەنی کیان و قەڵەم ڕەوێکی سەربەخۆ نەبوون . هەر بەم جۆرەش : (( ئاوارە بوونی جوولەکەکان پەرەی سەندو هەر دەستەی ڕوویان لە لایەك کردو پەنایان بۆ وڵات و نەتەوەکان برد )) [٣] . دیارە هەموو ئەم سەربردەو ، ئاوارە بوونەش وای لێکردوون کە جۆرە یەکێتی و هاوسۆزییەکی ئەوتۆیان لە نێواندا دروست ببێ کە : (( ئامانجی سەرەکی ئەمان پاراستنی پاکی و خاوێنی ئایین و ڕەگەزەکەیان )) [٤] بێ . نەك ململانێکردن و ، دژایەتی کردنی نەتەوەو ئەو ڕەگەزانەی کە تیایاندا بڵاوبووبوونەوەو ، پەنایان بۆ بردوون . لەگەڵ ئەوەشدا خۆیان سەرڕای پەرەوازەییان . گەلێکی شارەزاو لە هەڵسوڕانی کاروباری ڕۆژانەیاندا سەردەرچوو بوون . بەردەوامیش لە هەوڵی ئەوەدا بوون : (( دەستی یارمەتیان بۆ یەکتر درێژ کردووەو ، بەزەیان بە یەکتردا هاتۆتەوە . شانازیان بە یەکترەوە کردووە ، ئێرەیی و حەسوودیان بە یەکتر نەبردووە. هیچ کات بۆ ماڵی دونیا خۆیان نەفرۆشتووە )) [٥] . بەڕادەیەك

ئه‌م جۆره یه‌كێتی و به‌ته‌نگه‌وه چوونه‌یان بۆ یه‌كتر وای لێكردوون كه ئینتیمایان بۆ گه‌ل و وڵاتی خۆیان به‌هێزتر بێ‌و ، عه‌قیده‌و بیروڕایان پته‌وتر بێ وه‌ك جیمس فریزه‌ر له كتێبی ( الفولكلور فی العهد القدیم ( التوراة ) دا نووسیویه : (( عه‌قیده پێداویستیه‌كی ڕۆحانیه‌و له هه‌موو كات و شوێنێكدا له‌ناخی مرۆڤه‌وه هه‌ڵ ئه‌قوڵێ )) [6] و چه‌كه‌ره ده‌كا تا وای لێبكا كه بتوانێ له‌گه‌ڵ ڕه‌وشی واقیعێك دا ئالوده ببێ‌و داكۆكی له بیروباوه‌ڕو نه‌ریته كۆمه‌لایه‌تیه‌كانی خۆی بكا . به‌جۆرێ كه ڕه‌وڕه‌وه‌ی ڕۆژگار ئه‌و كه‌له‌پوورو پاشماوه كۆنینه‌و دێرینانه‌ی كه له ناخی‌دا گه‌شه‌ی كردووه‌و ، به‌به‌رده‌وامی بره‌وی پێداوه ، له‌ده‌س نه‌چێ . تا ئه‌و كاته‌ی كایه‌یه‌كی تازه‌و ده‌روازه‌یه‌كی ئه‌وتۆی تازه ده‌دۆزێته‌وه . بۆ ده‌ربازبوون و ڕزگاربوون . له‌و قه‌فه‌زه‌ی كه حوكمی مێژوو و ، ناعه‌داڵه‌تی كۆمه‌لایه‌تی ڕۆژگار به‌سه‌ریدا سه‌پاندویه‌تی . بۆ ئه‌مه‌ش خۆ ئه‌گه‌ر حوكمی ڕۆژگارو بالاده‌س بوونی ده‌سه‌لاتێك له ناوچه‌یه‌كدا بۆ سه‌ر هه‌رێم و ناوچه‌یه‌كی تر نه‌بوایه . چۆن كه‌سێكی وه‌ك شه‌لمانسه‌ری سێیه‌می ( ٨٥٨ – ٨٢٤ پ . ز ) شای ئاشووری توانیویه‌تی جووله‌كه ڕاگوێزراوه‌كان له كوردستاندا نیشته‌جێ بكا [7] و ، بتوانێ به‌و شێوه‌یه له‌سه‌ر زێدو حاڵ و ماڵی خۆیان ده‌ریان بكاو دووریان بخاته‌وه . به‌درێژایی ئه‌و ماوه‌یه‌ش كه به‌دوورخراوه‌یی ماونه‌ته‌وه : (( جووله‌كه‌كان هه‌ر بنده‌ست و ئاواره‌و كۆیله بوون )) [8] جا بۆیه هه‌ر ئه‌م ئاواره‌یی و بنده‌ستیه وای لێكردوون كه به‌رده‌وام وه‌ك خه‌ڵكێكی كۆچه‌ر بچنه كایه‌ی وڵاتانی تره‌وه‌و به‌و شێوه‌یه به‌سه‌ر زۆربه‌ی وڵاتانی دونیادا دابه‌ش بن . هه‌ر له‌خۆڕاش نه‌بووه كه وڵاتێكی وه‌ك ئیسرائیل كه تائێستاو ، بۆ نیو

هەولێرنامەی کیری

سـەدەو زیـاتر ئـەچیٚ دامـەزراوە دەبینـی دانیشـتوانەکەی بـەزۆری لـەو جوولەکانە پێك هاتوون کە : (( هـی سـەدو پـازدە وڵاتـی جیـهانن و بـە هەشتاو پێنج زمانی جیاواز قسە دەکەن )) [٩] . بەڕادەیەکی وا دەتوانریٚ ڕووسیا بەوە ناوزەد بکریٚ کە لە : (( کۆتایەکانی سەدەی هەژدەیەمەوە . بەگـەورەترین جیٚنشـینگەی ژمـارەی جوولەکـە دابـنریٚ لـە جیـهانداو ، ژمارەیـان پێش جەنگی جیهانی یەکەم نزیکەی ( ٥، ٢١٥، ٠٠٠ ) کەس بـووە . لـە کـۆی ( ١١،٥٠٠،٠٠٠ ) جوولەکـە لـە جیـهاندا )) [١٠] . بـەڵام بەهۆی سەردەرچوویی ئەم جوولەکانە خۆیانەوە لە کاروباری بازرگانی و



جوولەکەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو کاتی گەیشتنیان
بە فڕۆکەخانەی ( بنگۆریون ) لە فەلەستین دا .

هەڵسوڕانی ئیش و کاری ڕۆژانەدا وای لیٚکردوون کە ئامانجێکی ئەوتۆ وایان لیٚبکا لە شوێنێکەوە کۆچ بکەن بۆ شوێنێکی تر . بۆ نموونە دەبینی

زۆر لەو جوولەکانەی کە لە عێراق و ، بەتایبەتی لە شاری بەغدادا بوون کۆچ بکەن بۆ وڵاتی هیندو ؛ لەویش بەڕادەیەکی زۆر بازاڕە فراوان و دەوڵەمەندەکانی ئەو ناوچەیە لەلایەن ئەمانەوە قۆرخ بکرێ . وەك ئەوەی ( حنا بطاطو ) باسی لێوە دەکا : (( زۆر لە جوولەکەکانی وڵاتی هیند لە بنەچەدا بەغدادی بوون )) [11] ئەم کۆچ کردنەش بەزۆری لەو کاتەوە دەستی پێکردووە کە : (( کۆمپانیای هیندی رۆژهەڵاتی مافی قۆرخ کردنی بازرگانی خۆی لە ساڵی (١٨٣١)ەوە هەڵوەشاندۆتەوە . ئەمەش وای لە بازرگانە جوولەکەکانی بەغدا کردووە کە ژمارەیەکی زۆریان ڕوو لە هیند بکەن . بە مەبەستی قازانج کردن و هەندێکیشیان لەوێ نیشتەجێ بوون . وەك خێزانی ساسۆن لە ( بۆمبای )و ؛ خێزانی یەهوداو عزرا کە لە ( کلکۆتا ) نیشتەجێ بوون )) [12] . جگە لەوە بەپێی باس لێوەکردنێکی نهێنی کە لە شاری بەغدا بڵاوکراوەتەوە ئەڵێ : (( جوولەکەکان بازرگانی ناوخۆیان بە هەموو واتایەکی‌یەوە بۆ خۆیان قۆرخ کردوەو ؛ لەمەشدا نە موسڵمانەکان و نە ( دیانە )کانیش نەیانتوانیوە پێشبڕکێیان بکەن )) [13] . کەچی سەرەڕای ئەوانەش ئینتیمای نەتەوەیی و هاوسۆزیان بۆ نیشتەجێبوون لە وڵاتێکی سەربەخۆدا وای لێکردوون بگەڕێنەوە بۆ شوێن و زێدو ، بۆ وڵاتێك کە لەلایەن وڵاتە گەورەکانەوە بەتایبەتی بەریتانیاو ڕێکخراوە سیاسی و رووناکبیریەکانی جوولەکە خۆیانەوە ڕەنگیان بۆ ئەڕشت و هەموو ئاسانکاریەکی پێویستیان لەو بارەیەوە بۆ دەستەبەر ئەکرد . بەتایبەتی : (( لە کۆتایەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا کە یەکەم کتێب بەناوی ( دەوڵەتی جوولەکە )ەوە لە جیهاندا بڵاوکرایەوەو ؛ لەلایەن دکتۆرێکی

هەواڵنامەی کیژ

دانیشتووی ( ڤیەننا )ی پایتەختی ( نەمسا )ەوە . کە ناوی ( ثیودور هرتزل ) بوو ))[١٤] . هەروەها لەو ساڵانەشدا : (( یەکەمین کۆنگرەی جیهانی جوولەکەکان لە ( بازل ) لە ساڵی ١٨٩٧ دا بەستراو ))[١٥] و هرتزل خۆی سەرۆکایەتی کارەکانی کرد . ئەمەش زیاتر هەلی بۆ دیاردەی کۆچ کردنی جوولەکە بەرەو وڵاتی فەلەستین ڕەخسان و هانی بەردەوامی دەدان . سەرەڕای بڕیاردانی پێویست لەو بارەیەوە . جگە لە دامەزرانی یەکەمین ( ڕێکخراوی زایۆنی جیهانی ) کە هرتزل خۆی لەو دەمانە بەدواوە ڕێبەری دەکردو ؛ ئەو کتێبەشی کە بەناوی ( دەوڵەتی جوولەکەوە – Der Juden Staat ) بڵاوی‌کردەوە بەدرێژایی ڕۆژگار لای جوولەکەکان بە : (( تەوراتی بزوتنەوەی زایۆنی ))[١٦] ناسراو ، ڕێکخراوەکەش تا کاتی مردنی لە ساڵی ١٩٠٤ دا هرتزل خۆی بەڕێوەی دەبرد . لێرە بەدواوە ڕێگا خۆشبوو بۆئەوەی دەیان کۆمەڵەو ڕێکخراوی سیاسی جوولەکە لە سەرتاسەری دونیادا دروست ببیٚو بە مەبەستی ئاسان کردن و ؛ پاڵپشتی کردنی کۆچ کردنی جوولەکەکانی جیهان . بەرەو وڵاتی فەلەستین و ئەو وڵاتەی کە ئەمڕۆ لە نێوەندی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی‌دا بە ( ئیسرائیل ) ناسراوەو ، وێڕای ئەوانە لایەنێکی تر لەو هۆکارانەی کە ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لە پاڵپشتی کردنی جوولەکەکانی جیهاندا بۆ نیشتەجێبوونیان لە وڵاتی فەلەستین ئەو هەوڵە بەردەوامەی ( حایم وایزمان )ی بە ڕەگەز جوولەکەی ڕووسی بوو ، لای کەسایەتیە ناسراوەکانی وڵاتانی جیهان بەتایبەتی بەریتانیاو وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بۆ : (( بنیادنانی نیشتمانێکی نەتەوەیی سەربەخۆ بۆ جوولەکە لە وڵاتی فەلەستین ))[١٧] دا . کە لە ئەنجامدا بەڵێنی ( ئارثەر جیمس

بلفـۆر )ی وەزیـری دەرەوەی بـەریتانیای لێکەوتـەوە . سـەبارەت بە پێك هێنانی وڵاتی ناوبراوو ، بە بەردەوامی دەسگرۆیی کردنی . بەشێوازێکی وا کە ژمارەی کۆچکردوان : (( لە نێوان ساڵانی ١٩١٩ – ١٩٢٣ گەیشتبوە (٩) نۆ هەزار کۆچکەر لە ماوەی یەك ساڵدا . زۆربەی ئەمانەش لە ( خالو تزیم )ەکان بوون . واتە لەو جوولەکە پێشڕەوا ( رواد )نە بوون کە لە ئەوروپای ڕۆژهەڵاتەوە هاتبوون )) [18] بە ساڵێ دوای ئەوە (٨٤) هەزار جوولەکە لەوانەی کە سەر بەچینی ناوەندو سەرمایەدارەکان بوون ڕوویان کردەوە وڵاتی فەلەستین لە نێوان ساڵانی ١٩٢٤ – ١٩٣١ داو وە لە ئەنجامی ئەو قەیرانە ئابووری‌یەی کە لە وڵاتی



( حایم وایزمان )

جوولەکەی بەڕەگەز ڕووسی

هەواڵنامەی کتێب

پۆڵندا ڕووی دا لە نێوان ساڵانی ١٩٣٢ – ١٩٣٩ ( ٢٦٥ ) هەزاری ئەو کۆچکردووە جوولەکانە بوون کە لە ئەورووپای ناوەندو ئەڵمانیاوە هاتبوون . کەچی لەو دەمانەشدا کە سیستەمی ( ئینتداب ) لە گۆڕێدا بوو . لە وڵاتە جۆربەجۆرەکانی جیهانداو ، بەزۆری وڵاتە

هاوپەیمانەکانی سالآنی جەنگی جیهانی یەکەم ( ۱۹۱٤ - ۱۹۱۸ ) لە ناوچەکانی ژێر دەسەلآتی خۆیاندا . بەرێوەیان دەبرد . زۆر هانی مەسەلەی کۆچکردنیان دەداو دەسگرۆیی بەردەوامی خۆیانیان بۆ دووپات دەکردەوە . بۆ ئەو مەبەستەش ( سندوقی نەتەوەیی جوولەکە ) بەرپرسیار بوو لە پرۆسەی کۆچ کردن و ، پێشوازی کردن لەو کۆچ کردووە . جوولەکانەی کە بە بەردەوامی دەهاتنە ولآتی ( فەلەستین )ەوە . لەم بارەیەشەوە دەکرێ . قۆناغەکانی کۆچ کردنی جوولەکەکانی زۆربەی ولآتان بەرەو ( ئیسرائیل ) لە سالی ( ۱۹٤۸ )ەوە کە بە سالی دامەزرانی دەولەتی ئیسرائیلی دادەنرێ .تا سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەم لەم قۆناغانەی خوارەوەدا چڕیان بکەینەوە :-

## یەکەم : ماوەی نێوان سالآنی ۱۹٤۸ - ۱۹۵۱

ئەم ماوەیە بەوە دەستنیشان دەکرێ . ناوی ( کۆچکردنی بەکۆمەل)ی لێ بنرێ . بەهۆی ئەو شەپۆلە کۆچکردووەی کە بە لێشاو ئەهاتنە ولآتی ( ئیسرائیل )ەوەو ، ژمارەیان هەر لەو سالآنەدا گەیشتبوە نزیکەی ( ٦٥٨ ) هەزار کۆچ کەر . تەنانەت ئەم شەپۆلی کۆچ کردنە لە سالآنی جەنگی ۱۹٤۸ی ( عەرەب - ئیسرائیل )یشدا نەوەستاو تەنها لە دوای ئەو چوار مانگەوە کە بانگەشەی دەولەتی ئیسرائیلی تیادرا . نزیکەی ( ۲۳ ) هەزار جوولەکە بەرەو ئیسرائیل بوونەوەو ، بەزۆری لەم سێ تەوەرەی ولآتانی جیهانەوە ڕێگەیان گرتبووەبەر :-

۱- جوولەکەکانی ئەورووپای خۆرئاواو قوبرس .

۲- جوولەکەکانی ئەورووپای ڕۆژهەلآت .

۳- ئەوانەی کە لە ولآتە عەرەبییەکان و کوردستان و هەندێ لە ولآتانی

تری ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ئیسرائیل بووبوونەوە .

## دووەم : ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٥٢ - ١٩٥٤

لەم دوو ساڵەدا شەپۆلی کۆچ کردنی جوولەکە . لە دابەزینێکی بەرچاودا بوو . بەجۆری تیایدا ژمارەی کۆچ کردووەکان خۆی دەدا لە تەنها ( ٥٠ )هەزار کۆچ کەرو ؛ لە ناویاندا ڕێژەی ( ٧٨ ٪ )یان لە جوولەکەکانی ڕۆژهەڵات بوون . هۆی سەرەکی ئەمەش بەزۆری ئەگەڕایەوە بۆ ئەو قەیرانە ئابووری‌یەی کە وڵاتی ئیسرائیل لەم ماوەیەدا بەخۆوە دیبووی .

## سێیەم : ماوەنی نێوان ساڵانی ١٩٥٥ - ١٩٥٧

لەم قۆناغەدا . کۆچ کردن لە بەرزبوونەوەیەکی بەردەوامدا بوو . بەهۆی چاك بوونی بارودۆخی ئابووری لە لایەك و ؛ بەهۆی ئەو ڕێکەوتنامەی پێبژاردن کە ئەڵمانیای ڕۆژئاوای ئەوکات . لەگەڵ ( ئیسرائیل )دا مۆری کرد . بەڵام وەك کۆچ کردن ژمارەیان لەم یەك دوو ساڵەدا گەیشتە ( ١٦٠ )هەزار . نزیکەی ( ١٠٠ ) هەزاریان لە وڵاتانی خۆرئاوای عەرەبی و ، ئەوانی کەشیان لە پۆڵنداو هەنگاریاو هەندێ وڵاتی ترەوە هاتبوون .

## چوارەم : ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٥٨ - ١٩٦٠

وەك دەبینی لێرەدا ڕێژەی کۆچ کەران لە دابەزین دایەو ، ژمارەیان تەنها (٧٥)هەزار کۆچ کەر بووە . چونکە لەم ماوەیەدا وڵاتێکی وەك ( مەغریب ) سەربەخۆیی خۆی وەرگرت و ڕێگای لە مەسەلەی کۆچ کردن گرت . سەرەڕای سەرهەڵدانی سیستەمێکی تازە لە وڵاتی ( تونس )دا [١٩] و بڕیاری ڕاگرتنی کۆچ کردن لە وڵاتەکەیداو ژمارەی کۆچ کردوانیش لەم

هەولێرنامەی کتێب

ماوەیەدا لە جیهانی عەرەبی و ئەفریقیادا گەیشتە نزیکەی ٣٠٪ .

### پێنجەم : ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٦١ – ١٩٦٤

کۆچ کردن لەم ماوەیەدا بە سایەی بوژانەوەی ئابووری ( ئیسرائیل )ەوە زیادی کرد . بەجۆرێ جوولەکەکانی ئاسیا ، ئەفریقیاو جیهانی عەرەبی ڕێژەی ( ٥٤ ٪ )ی ژمارەی کۆچ کردوانیان پێك ئەهێنا .

### شەشەم : ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٦٥ – ١٩٧٣

بەهۆی ڕەوش و قنیاتی( تقشف ) ئابووری‌یەوە . مەسەلەی کۆچ کردن دابەزینێکی دیاری بەخۆوە بینی و ؛ ژمارەیان لەم ماوەیەدا گەیشتە نزیکەی (٥٤)هەزار کۆچکەر . کە لە ناویاندا جوولەکەکانی ڕۆژهەڵات ( ٦٩ ٪ )یانی پێك هێنابوو .

هەواڵنامەی کتێب

## ◈ کۆچکردنی جوولەکەکانی عێراق و کوردستان بەرەو ئیسرائیل

وەك پێشتر قسەم لەسەر ئەو لایەنە کرد . ئەو جوولەکانەی کەوتبوونە وڵاتی عێراق و کوردستانەوە . بەزۆری پاشماوەی ئەو جوولەکە دەسبەسەرانە بوون کە لە قۆناغی یەکەمدا : (( ئاشوورییەکان لە سەدەی حەوتەمی پێش زایندا لە ( فەلەستین )ەوە هێنابوونیانە چیاکانی کوردستان )) [٢٠] و شەپۆلی دووەمیان : ئەوانە بوون کە بە دوو کاتی جیاواز لەلایەن شای کلدانی ( بابل )ی ( نبوخز نەسر ) ی دووەمەوە لە ساڵەکانی : (( ٥٩٧ پ . ز و ٥٨٦ پ . ز )) [٢١] بەدەسبەسەری

هێنابوونیە باشوری عێراقەوە . بەڵام شەپۆلی سێیەمیان بەزۆری لەو: (( برە جوولەکە بوون کە لە دوورگەی عەرەبی و ، لە سەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتابدا هاتبوونە عێراقەوەو ، لە ناوچەی فوراتی ناوەند نیشتەجێ بوون )) [٢٢] کەچی سەبارەت بە کۆچکردن و ڕێ پێدانیان بۆ گەڕانەوە . تەنها ئەوانەیان نەبێ کە لە سەردەمی کۆرشی دووەمی فارسیداو ، لە ساڵی ( ٥٣٩ پ . ز ) کە بابل و ناوچەکانی باشووری عێراقی داگیرکرد : (( کۆرشیش ساڵێك دوای گرتنی بابل ڕێگای بە جوولەکەکان دا تا بگەڕێنەوە ئیسرائیل )) [٢٣] بەو پێیە نزیکەی ( ٤٠ )هەزار جوولەکە گەڕاونەتەوە شاری ( ئۆرشەلیم ) . ئیدی لەم کاتە بەدواوە مەسەلەی کۆچکردنی جوولەکە بەرەو فەلەستین لە وڵاتگەلێکی وەك عێراق و کوردستانەوە بەشێوازێکی دیاری کراو ( محدد ) بووە . واتە تا ئەو کاتەی کە بۆ جاری یەکەم بانگەشەی دەوڵەتی ( ئیسرائیل )ی لە ساڵی ١٩٤٨دا بڵاوکراوەتەوەو ، زۆربەی وڵاتە گەورەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەم دانیان بەو دەسەڵات و قەڵەم ڕەوەی جوولەکەدا ناوە لە وڵاتی ( ئیسرائیل )دا . جا بۆیە دەکرێ لێرە بەدواوە ، بە دیارترین ماوەو قۆناغێك دەستنیشان بکرێ سەبارەت بە چڕی شەپۆلی دیاردەی کۆچکردنی جوولەکەکانی زۆربەی وڵاتانی جیهان بە ( عێراق و کوردستان )یشەوە بەرەو وڵاتی ئیسرائیل .

سەبارەت بە ( عێراق )یش لە ساڵەکانی ( ١٩٤٨ - ١٩٤٩ )وە ژمارەیەکی زۆر لە جوولەکەکانی عێراق لە ڕێگای ( ئێران )ەوە کەوتنە کۆچکردنی بەکۆمەڵ و : (( لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٤٩دا حکومەتی عێراق ڕێگەی دا بەو جوولەکانەی کە ئارەزووی کۆچکردنیان هەیە بە مەرجێ دەس

هەواڵنامەی کتێب

هه‌ڵگرن له‌و شوناسنامه‌( جنسيه ) عێراقیه‌ی كه‌ هه‌یانه‌ . به‌وه‌ش ( ٦٣ ) هه‌زار كه‌سیان كۆچیان كرد له‌ ڕێگای هێڵی ئاسمانی ئه‌مه‌ریكی‌یه‌وه‌ )) [٢٤] . به‌ڵام ئه‌م پرۆسه‌ی كۆچكردنه‌ هه‌روا ڕوداوێكی ئه‌وتۆ نه‌بوو كه‌ پێشتر نه‌خشه‌ی بۆ نه‌كێشرابێ و قسه‌ی له‌سه‌ر نه‌كرابێ به‌ڵكو : (( كۆچكردنی جووله‌كه‌كان بێ وتووێژی په‌رله‌مانی عێراقی بڕیاری له‌سه‌ر نه‌دراو له‌ كۆتایدا حكومه‌تی عێراق خۆی ڕازی بوو له‌سه‌ری )) [٢٥] . جا بۆ ساڵی دواترو له‌ ئازاری ساڵی ١٩٥٠دا ساڵه‌ح جه‌بری وه‌زیری ناوخۆی عێراق پرۆژه‌یه‌كی یاسایی خسته‌ به‌رده‌م په‌رله‌مانی عێراقی و وای ئه‌سه‌پانده‌ سه‌ر هه‌موو جووله‌كه‌یه‌كدا كه‌ ئاره‌زووی كۆچكردنی هه‌یه‌ له‌ عێراق ، ئه‌بێ واز له‌ شوناسنامه‌ عێراقیه‌كه‌ی خۆی بهێنێ [٢٦] له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا یه‌كێ له‌ قسه‌كانی ئه‌وه‌ی بوو كه‌ ئه‌یووت : (( به‌هیچ جۆرێك له‌ به‌رژه‌وه‌ندی عێراقدا نی‌یه‌ كه‌ داوا له‌ جووله‌كه‌كانی بكا له‌ وڵاتدا بمێننه‌وه‌ )) [٢٧] بڕیارێكی له‌م بابه‌ته‌ش بۆخۆی ئه‌وپه‌ڕی فاكته‌ری سه‌ره‌كی بوو بۆ كۆچكردنی جووله‌كه‌كانی عێراق و ناوچه‌ كوردنشینه‌كان و ئه‌و پرۆسه‌یه‌ش كه‌ زیاتر ڕۆڵی سه‌ره‌كی خۆی ده‌گێڕا له‌ گوێزانه‌وه‌ی جووله‌كه‌ كۆچكه‌ره‌كاندا پرۆسه‌یه‌ك ( عملية ) بوو كه‌ پێی ده‌وترا ( عزرا نحاميا - علي بابا ) كه‌ وڵاته‌ یه‌كگرتووه‌كانی ئه‌مه‌ریكاو ڕێكخراوی زایۆنی جیهانی پراكتیزه‌یان ده‌كرد . سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ش جووله‌كه‌كان خۆیان به‌ پیاده‌و له‌ ڕێگای ( خانه‌قی - قه‌سری شیرین )ه‌وه‌ . په‌نایان ده‌برده‌ به‌ر وڵاتی ئێران ، به‌تایبه‌تی جووله‌كه‌كانی كوردستان و ناوه‌ڕاستی عێراق . له‌وێشه‌وه‌ به‌ فڕۆكه‌ ئه‌برانه‌ ( قبرص ) و دوایی ئه‌گوێزرانه‌وه‌ بۆ ( اللد ) له‌ فه‌له‌ستین .

ڕێگایەکی کەشیان ئەوەبوو کە بەزۆری جوولەکەکانی ناوچەو شارەکانی وەك : موسڵ ، زاخۆ ، ئامێدی و تەنانەت هەولێریش لێیەوە ئەچوونە تورکیاوە . لەوێشەوە بۆ ئیسرائیل . بەڵام ئەو برە جوولەکانەی کە لە باشووری عێراقدا بوون لە ڕێگای ( شط العرب )ەوە بە زەورەقی بچووك خۆیان ئەگەیاندە عەبادان و وڵاتی ئێران . تەوەرێکی تری کۆچکردنیان لە دەوروبەری ڕەمادی و بەرەو ناوچەی ( رطبة )ی سەر سنوورو شانشینی ئەردەنی ئەچوون . ئەمەش نەك هەر جوولەکەکانی وڵاتی عێراق بەڵکو زۆرجار جوولەکەی وڵاتی تریشیان تێکەڵ ئەبوو : (( تەنانەت جارێکیان لە ٣/١٠/١٩٤٠دا فەرمانگەی گومرگی سەر بە میرنشینی ڕۆژهەڵاتی ئەردەن کاتێ سەیارەیەکی عێراقیان لەسەر سنوور پشکنیوە تیایدا ( ١٣ ) سیازدە کەسی دەسگیر کردووە ، کە سێ منالیان لەگەڵدا بووە . لەنێوان ئەو جوولەکانەدا جوولەکەی ئەفغانی و یەك جوولەکەی ئەلمانیشیان لەگەڵدا بووە.))[٢٨] خاوەنی ئەو سەیارەیەش کە بەنهێنی ئەم جوولەکانەی گەیاندبووە سەر سنوور ، ویستویەتی بەرەو ( ئیسرائیل )یان بکاتەوە . عێراقیەك بووە بەناوی ( مەزلوم یاسین )ەوە کە لەلایەن جوولەکەیەکی دەوڵەمەندی عێراقییەوە هان درابوو بۆئەوەی ئەو کارە جێبەجێ بکا . بەڵام کاتێ سەیارەکە نزیکی سنووری ئەردەن بووەتەوە . لەوێ سایەقی سەیارەکە کە ناوی ( اسماعیل وەلی ) بووە . هەمووویانی دابەزاندووەو دوایی جێگایەکی تایبەتی بۆ دروست کردوون لەناو سەیارەکەدا کە لەجۆری ( لۆری ) بووەو ، پێی گواستوونیەتی‌یەوە . لەسەر سنوورو لەکاتی پشکنین دا گریانی یەکێك لە منداڵەکان ئاشکرای کردوون کە کۆمەڵێك خەڵك لەژێر

| ساڵ | ژمارەی کۆچ کردوان |
| --- | --- |
| ١٩١٩ | – |
| ١٩٢٠ | – |
| ١٩٢١ | ٤٩ |
| ١٩٢٢ | ١٠٥ |
| ١٩٢٣ | ١٧ |
| ١٩٢٤ | ٧٧٦ |
| ١٩٢٥ | ٧٥٣ |
| ١٩٢٦ | ٧٧٧ |
| ١٩٢٧ | ٣١١ |
| ١٩٢٨ | – |
| ١٩٢٩ | – |
| ١٩٣٠ | – |
| ١٩٣١ | – |
| ١٩٣٢ | – |
| ١٩٣٣ | ١ |
| ١٩٣٤ | ١٢ |
| ١٩٣٥ | ٩٦ |
| ١٩٣٦ | ١٢ |

هەواڵنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| ١٩٣٧ | ٢ |
| ١٩٣٨ | ١ |
| ١٩٣٩ | - |
| ١٩٤٠ | ٢ |
| ١٩٤١ | ١ |
| ١٩٤٢ | ٣٥١ |
| ١٩٤٣ | ١٦٩ |
| ١٩٤٤ | ١٠٠ |
| ١٩٤٥ | ٢ |
| سەرجەم | ٣٥٣٩ |

خشتەی ژمارە ( ٥ )

سەبارەت بە ژمارەی کۆچکردووە جوولەکەکانی

دانیشتووی عێراق لە نێوان سالانی

( ١٩١٩ - ١٩٤٥ )*

شت و مەکدا خۆیان حەشار داوە . هاوکات کۆچکردنی ئەم جوولەکانەو ؛ بەو شێوەیە گەلێ لایەنی سەلبی و خراپی لێکەوتەوە لە بوارە جۆربەجۆرەکانی وەك : ئابووری ، ڕوناکبیری و کۆمەلایەتیدا. وەك

* يعقوب يوسف كوريه ، يهود العراق ، تأريخهم ، اصولهم ، هجرتهم ، لبنان ١٩٩٨ ، صص ١٦٠ - ١٦١ .

کەوالەکانی کتێب

شاعیری گه‌وره‌و كۆچكردووی عێراق ( جه‌واهیری ) له‌م باره‌یه‌وه وتویه‌تی : (( به‌ڕاستی شێخه‌كانی مقاماتی عێراقی زۆربه‌یان یه‌هودی عێراقی بوون . به‌ڵام ئه‌وان ئێستا له‌وێن !! چیرۆكێكی دووروودرێژه ، چۆن ئێمه ئه‌وانمان دا به ئیسرائیل ، خۆیان دایانن به ئیسرائیل و ئێستاش دێین باسی نیشته‌جێكردنی یه‌هود ده‌كه‌ین . سی چل هه‌زار گه‌نج و پیاوی كارامه‌و ڕۆشنبیری جووله‌كه‌ی عێراقمان دا به ئیسرائیل )) [٢٩] به‌ڕاده‌یه‌كی وا ئه‌و جووله‌كانه‌ی كه له وڵاتی عێراقه‌وه كۆچیان كردبوو به‌ره‌و ئیسرائیل له : (( له ساڵی ١٩٥٤ ( ڕاسته‌كه‌ی ١٩٥١ ە ا - ب ) دوای دامه‌زرانی ده‌وڵه‌تی ئیسرائیلی ژماره‌یان گه‌یشتبووه ١١٥ هه‌زار جووله‌كه‌ی عێراقی )) [٣٠] . هه‌رچه‌نده ئه‌و ڕێژه‌یه‌ی پێشتر ده‌ستنیشانم كرد له‌وانه‌یه به‌زۆری جووله‌كه‌كانی كوردستانیش بكه‌ونه چوارچێوه‌ی ئه‌و خه‌مڵاندنه‌وه كه یه‌كێكی وه‌ك ( فریتز غروبا ) باسی لێوه كردووه له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا سه‌رنج ده‌ده‌ی كه ئه‌و بڕیاره‌ی سه‌باره‌ت به جووله‌كه‌ی كوردستان دراوه بۆ گه‌ڕانه‌وه‌و ، كۆچكردنیان به‌ره‌و ئیسرائیل بڕیارێكی تایبه‌ت بووه . بۆ ئه‌وه‌ش : (( زۆربه‌ی جووله‌كه‌كانی كوردستان له‌گه‌ڵ جووله‌كه‌كانی تری عێراقدا و له ساڵی ١٩٥٠دا به‌ره‌و فه‌له‌ستین بوونه‌وه )) [٣١] . وه‌ك ئه‌وه‌ی سه‌رچاوه‌كانی كورده جووله‌كه‌كان خۆیان له‌و باره‌یه‌وه ده‌ڵێن : (( پاش ساڵی ١٩٥٠ له‌لایه‌ن ئینگلیزه‌وه به كورده جووله‌كه‌كانی كوردستان ڕاده‌گه‌یه‌نرێ كه خۆیان ئاماده‌بكه‌ن بۆ گه‌ڕانه‌وه به‌ره‌و خاكی ئیسرائیل )) [٣٢] ئه‌م بڕیاره‌و ئه‌م پرۆسه‌یه‌ش كه سه‌باره‌ت به هه‌موو كوردستان بووه : (( گه‌وره‌ترین كۆچی كورده جووله‌كه‌كانه بۆ خاكی ئیسرائیل )) [٣٣] ئه‌م كورده جووله‌كانه‌ش وه‌ك

كەواڵەنامەی كتێب

چۆن ڕەفتاری کاربەدەستانی عێراق بەگشتی لەگەڵ هەموویاندا خراپ بوو . هەمان هەڵوێست ئەو جوولەکانەشی دەگرتەوە . کە کەوتبوونە ناوچە کوردنشینەکانەوە . بۆیە بە بەردەوامی ئەوان خۆیان بە خاوەنی ئەم خاك و ناوچانە نەدەزانی و هاوکات کارو پیشەیەکشیان دەگرتە ئەستۆ کە لەگەڵ هەل و مەرج و ژیانی ڕۆژانەیاندا بگونجێ . سەرەڕای جێبەجێکردنی هەر بڕیارێك کە لە دەوڵەتەوە دەربچوایە . کەچی ئەوانەشیان کە ئارەزووی گەڕانەوەیان نەبوو : (( بۆئەوەی بمێننەوە بوونە موسڵمان . تا ئەمڕۆش خێزانی کوردی ( بن جوو ) لە هەموو شوێنێکی کوردستاندا دەبینین ))[٣٤] بەڵام ئەو جوولەکانەی کە تائێستا: (( کۆچیان نەکردووەو ؛ ماونەتەوە ، زۆربەیان لە خوڕەم ئابادو کرماشان دەژین ))[٣٥] بەجۆرێ لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەم بەشانە لە چوارچێوەی کوردستانی گەورەدا دەکەونە کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە . کاتێك جوولەکەکانیش کارئاسانیان بۆ کراو ، بەشێکی زۆریان گەیشتنەوە ئیسرائیل . کەچی لێرە بەدواوە . وەك چۆن پێشتر خۆیان بە خەڵکانێکی چەوساوەو زوڵم لێکراو دەزانی . سەیر ئەکەی هەمان هەڵوێست و هەمان ئەو بارودۆخە بەگشتی تووشی جوولەکەکانی ڕۆژهەلات بۆتەوە . بەتایبەتی ئەو جوولەکانەی کە لە وڵاتی کوردستانەوە . گەیشتبونە ( ئیسرائیل ) . وەکو جوولەکەکان خۆیان لەو بارەیەوە دەڵێن : (( هەرچی کاری گران و ناخۆش بوو بەر ئێمە دەکەوت . چونکە لە هەموو جوولەکەکانی وڵاتان هەژارتر ئێمە بووین . چونکە پێشتر ئێمەیان هەر لە کوردستان ڕووت کردبووەوە . بەو پێیە ئێمەیان بۆ کرێکاری و کارە سەختەکان هەڵبژاردبوو . دەنا ئەو جوولەکانەی لە وڵاتانی ترەوە

هەواڵنامەی کتێب

دەگەڕانەوە هیچیان وەکو ئێمە ڕووت نەکرابوونەوە هەموویان پارەی باش و ژیانی باشیان هەبوو )) [٣٦] . سەرەڕای ئەوەی کە جۆرە ناهاوسەنگی و نەگونجانێك لە نێوان جوولەکەکانی ڕۆژهەڵات ( سفاردیەکان ) و ڕۆژئاوایەکان ( ئەشکەنازەکان ) دا هەیە لە هەموو ڕووەکانەوە . هاوکات دەسەڵات دارانی ئیسرائیل ئەو حەق و حیساب بۆکردنەیکە بۆ جوولەکەکانی ڕۆژئاوا دەیکەن و کاروباریان پێدەسپێرن و گوێیان لێدەگرن . کەچی ئەو مامەڵەکردن و هەڵسووکەوتە لەگەڵ ڕۆژهەڵاتیەکاندا ناکەن . بەڵکو ئەمانە بە خەڵکانی گەوج و دواکەوتوو دادەنرێن و ، بەچاوی سووك لەناو کۆمەڵگەی ( ئیسرائیل )یدا سەیردەکرێن . بەتایبەتی ئەو کوردە جوولەکانەی کە لە کوردستانەوە خۆیان گەیاندۆتە ئەوێ و ، بەزۆریش لە ناوچە گوندنشینەکانی ئەو وڵاتەدا نیشتەجێ کراون . وەك ئەوەی لەم سەروبەندەدا : (( زیاتر لە سێسەد هەزار کورد لە ئیسرائیل دەژین )) [٣٧] و . کەچی لە ڕووی دەسەڵاتەوە کارێکی ئەوتۆیان بەدەستەوە نییەوە ، ئەوەشی هەبێ زیاتر بەر ئەو جوولەکانە کەوتووە کە لە وڵاتانی ئەورووپاو ئەمەریکاوە هاتوون و ، ئەمانی لێ بێبەرین . بەڕادەیەکی وا : (( ئەگەر کەسێ لە ئیسرائیل نەزان بێ پێی دەڵێن مەگەر تۆ کوردی )) [٣٨] . یانی بە سادەیی سەیرکردنی کوردە جوولەکەکان . گەیشتۆتە سنوورێکی وا کە لە ناو دەزگا هەرە باڵاکانی دەوڵەتدا ڕەنگ بداتەوەو ، بە ڕاشکاوی باسی لێوە بکرێ وەك دەبینین :

(( لە کۆبوونەوەیەکی وەزیرانی ئیسرائیلدا . سالی ١٩٧٣ لە ئیسحاق ڕابینی سەرەك وەزیرانی ئەوسای ئیسرائیلیان پرسی : ئایا ئیسرائیل خۆشی دێ لەوەی کوردەکان تینیان بۆ عێراق هێناوەو داخۆ وڵاتە

یه‌ككگرتووه‌كانی ئه‌مه‌ریكا ده‌ستی ناوه‌ته ڕێـی كورده‌كـان ؟ وه‌ڵامه‌كـه‌ی ( مـن نـازانم ) بـوو . دكتـۆر ( یوسـف بـۆرگ )ی شـالیار ده‌مـو ده‌سـت هه‌ڵیدایه‌و به‌ ته‌وسه‌وه‌ وتی ( أنا كوردي ) واته‌ وه‌ڵامه‌كه‌ی ئیسحاق ڕابین نه‌زانی و گه‌وجی ده‌گه‌یه‌نیّ )) [٣٩] به‌و واتایه‌ی به‌ سـووك سـه‌یركردنی كورده‌كان . به‌تایبه‌تی له‌ سه‌ره‌تاكانی دامه‌زرانی ده‌وڵه‌تی ( ئیسرائل )دا گه‌یشـتبووه‌ قۆنـاغێكی وا كـه‌ ئـه‌م كـورده‌ جووله‌كانـه‌ لـه‌ وڵاتـی ( ئیسرائیل )دا : (( ته‌نیا كاتی هه‌ڵبژاردن و په‌رله‌مان تـوّزه‌ قه‌درێكیان



**ئیسحاق ڕابین**

**سه‌ره‌ك وه‌زیرانی ده‌وڵه‌تی ئیسرائیل له‌ سه‌ره‌تای حه‌فتاكاندا**

كتێبخانه‌ی هه‌ولێرنامه‌

هه‌یه‌ . لـه‌كاتی هـه‌ڵبژاردن و پـه‌رلـه‌مان ده‌هـۆڵ و زوڕنایـان بـۆ لیّده‌ده‌ن و هه‌ڵیان ده‌په‌ڕێنن . هـه‌تا هـه‌ڵبژاردن تـه‌واو ده‌بیّ . ئیتر دوای ئـه‌وه‌ كـه‌س حیسابیان بۆ ناكـا )) [٤٠] هه‌رچـه‌نده‌ تـا ڕاده‌یـه‌ وه‌كـو پێشـتریش باسـم لێوه‌كرد كه‌ نه‌وه‌ی هه‌ندیّ له‌م كورده‌ جووله‌كانه‌ گه‌یشتوونه‌ته‌ پله‌ی به‌رز له‌ ده‌سه‌ڵات و لـه‌ ده‌وڵـه‌تی ئیسـرائیلی‌دا . له‌وانه‌ ئیسحاق مرده‌خـای كـه‌ ماوه‌یه‌ك بووبه‌ سه‌رۆكی سه‌ركردایه‌تی ناوه‌ندی له‌ سوپای



وێنه‌ی كوردێكی جووله‌كه له ده‌وڵه‌تی ئیسرائیلی ئه‌مڕۆدا

ئیسرائیلی‌داو: (( لە ساڵی ١٩٩٦ەوە بوو بە وەزیری بەرگری لە سوپادا )) [٤١] . لە ساڵی ١٩٧٤ یشدا کەسایەتیەکی کوردی جوولەکە بەناوی ( حەبیب شەمعون )ەوە کە لە ساڵی ١٩٧٠ەوە سەرۆکی ( کۆمەڵەی کوردان )ی ئیسرائیلی بوو . تەنها جارێك : (( کرا بە ئەندامی پەرلەمانی ئیسرائیل لە کیسەی پارتی کارگەری ئیسرائیل )) [٤٢] . کەچی لەرووی ئاخاوتن و زمان و قسەکردنیانەوە تا ئێستاش زۆربەی کوردە جوولەکەکان پێکەوە دەژین و پەیڕەوی هەموو داب و نەریت و کارێکی ڕۆژانەی خۆیان کردووە . جگە لەوە کوردە جوولەکەکان . سەرەڕای زمانی عیبری کە زمانی ڕەسمی وڵاتی ( ئیسرائل )ە هاوکات : (( زمانی ماڵەوەی زۆربەی کوردە جوولەکەکان لێرە زمانی ئارامی نوێیە . هەر ئەو زمانەیە کە لەکاتی خۆیدا لە کوردستان زمانی هاوبەشی جوولەکەکان و کریستیانەکان بووە )) [٤٣] . سەرەڕای بایەخدانیان بە ئاوازو گۆرانی و هەموو دابە ڕەسەنەکانی ناو کۆمەڵگای کوردەواری وەك لە هەریەکێك : (( لەم ماڵە کوردانەدا دەیان کاسێتی ئاوازو گۆرانی کوردی دەبینرێ و لە ستران بێژە خۆشەویستەکانیان )) [٤٤] تائێستا کەسانی وەك مەحەمەد عارفێ جەزیری ، حەسەن جەزراوی و عیسا بەرواری ، نازدارو ئەسمەر فەرهادن . جا هەرچەندە هەموو ئەمانە وەك جۆرێ لە کەلەپوورو شوناسنامەی ڕەسەن لەناو کوردە جوولەکەکانی ( ئیسرائیل )دا ماوەتەوە . لەگەڵ ئەوەشدا : (( زمان و فەرهەنگی کوردی ئیسرائیل ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو لەناوچوون دەچێ )) [٤٥] . بەزۆری لەناو ئەمانەدا . ئەو کوردانە زیاتر تایبەت مەندی و ڕۆڵی سەرەکیان هەیە . کە لە کوردستانی ( پێکەوە گرێدراو ) بە عێراقەوە کۆچیان کردووە بە بەراورد لەگەڵ ئەو

کوردە جوولەکانەی کە لە پارچەکانی تری کوردستانەوە ڕۆیشتوون .

## ◈ ناوەندە سەرەکی یەکانی نیشتەجێ بوونی کوردە جوولەکەکان لە ئیسرائیل

سەبارەت بەو شوێن و جێنشینگانە ( مستوطنة )ی کە ئەمرۆ لە وڵاتی ئیسرائیلدا کوردە جوولەکەکانی تیا گیرساونەتەوە بەزۆری دەتوانین شێوازو ساڵی نیشتەجێ بوونیان بەپێی ئەم ناوەندە سەرەکیانە دەستنیشان بکەین :-

١- **الرێ** : ئەم ناوەندە لە ساڵی ( ١٩٣٥ )ەوە جوولەکە کۆچکردووەکانی وڵاتی کوردستان . دایان مەزراندوەو ، ئەکەوێتە ناوچەی ( یزراعیل )ەوە . لەسەر چیای ( شیخ بریك ) ژمارەی ئەو کۆچکردوانەش کە تیایدا نیشتەجێ بوون . لە ساڵی ١٩٦٥دا سەرژمێریان خۆی داوە لە نزیکەی ( ٥٦١ ) کەس .

٢- **کفاریروحام** :- ئەم جێنشینگەیە ( مستوطنة ) ناوەکەی بە واتای ( تل رحمة ) دێ و ، لە ساڵی ١٩٥١ ەوە کراوەتەوە . لە ساڵی ١٩٦١دا سەرژمێری دانیشتوانەکەی خۆی داوە لە ( ١٣٠٠ )کەس ، لە ساڵی ١٩٦٥ەوە ئەو ژمارەیە زیادی کردووە بۆ ( ٤٥٠٠ )کەس و ؛ جوولەکە نیشتەجێ بووەکانیشی لەوانەن کە بەزۆری لە وڵاتی ڕۆمانیاو کوردستانەوە . ڕوویان لێکردووە . کە دەکەوێتە ناوچەی

هەوالنامەی کتێب

( بئر السبع )ەوە لە باشووری شارەکەدا ، شوێنەکەشی بە بەرزایی ( ١٨٤٠ ) پێ لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە .

٣- **ناوەندی ( مضطاحم )** : ئەمەش هەر لە ساڵی ١٩٥١ەوە بۆ ئەو جوولەکانە کراوەتەوە کە لە وڵاتی کوردستانەوە کۆچیان بۆ کردووەو ، ئەم شوێنە سەرەکیەش ، دەکەوێتە ناوچەی ( بئر السبع )ەوە . لە ( نەقەب )ی خۆرئاواو ، ڕۆژهەڵاتی ( ڕەفەح ) کە دەکەوێتە نزیکی غەزەوە .

٤- **ناوەندی نسهاریم** : لە ساڵی ( ١٩٥٠ )ەوە دامەزراوە زۆربەی دانیشتوانەکەی لەو جوولەکە کۆچ کردوانەن کە لە وڵاتی کوردستانەوە ڕوویان تێکردووە . نزیک بە شارۆچکەی ( دیر الهوا )یە لە ناوچەی ( قدس )ی پایتەختدا [٤٦] .

٥- **نعوز زیون کاستەل** : ناوەندێکی نزیکە لە شاری ( قدس )ەوەو ، ئەمەش یەکێکە لەو : (( کۆمۆنانەی کە بەزۆری کوردە جوولەکەکانی تێدا دەژین )) [٤٧] . لەگەڵ ئەمانەشدا . کۆمەڵێکی تر لە کوردە جوولەکەکانی کوردستان بە پەرش و بڵاوی لە زۆر ناوچەو هەرێمی تری وڵاتی ( ئیسرائیل ) دا . نیشتەجێ بوون . لەوانە هەردوو : (( کۆمۆنی ( کاتامونیم و کاستیل ) لەگەڵ چەندێکی دیکە لە کۆمۆنەکانی ئەو ناوچەیە گیانی کوردایەتی بەهێزو ئاشکرایە . هەر لەبەرئەوەی زۆربەی دانیشتوانیان لە کوردە جوولەکەکانن )) [٤٨] . وەکو پێشتریش وتم : ئەم جوولەکانەی کورد : (( لەناو خۆیاندا زمانی ئارامی نوێیان بەکاردەهێنا لە کوردستان ئێستاش لە کۆڵان و ڕێوبانەکانی ئەم کۆمۆنانەدا ئەم زمانە

وا دەبیستریێ هەر دەڵێی هێشتا هەر لە کوردستانن )) [٤٩] . وێڕای ئەوەی کۆمەڵێکی زۆر لە دانیشتوانی ئەم ناوەندانە بە جلی کوردی دێرین و ؛ بە بەردەوامی پەیڕەوی هەموو ئەو داب و نەریتە کوردانەی خۆیان دەکەن کە پێشتر لە وڵاتی کوردستاندا پێی ناسرابوون . سەرەڕای جەخت کردنی بەردەوامیان لەسەر ئینتیمای نەتەوەیی و ئەو بۆنەو ، سەربردانەی کە شکۆمەندی و سەروەری ئەوان دووپات ئەکاتەوە . وەك ئەوەی لە ١٩٩٩/٢/١٦ دا کە سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان : (( عەبدوڵڵا ئۆجەلان ڕفێنرا ئەو جوولەکە کوردانەی ئەوێش بە خۆپیشاندان و مانگرتن نارەزایی خۆیان دژی حکومەت دەربڕی کێشەکەیان بە بەشێك لە تایبەت مەندییە نەتەوەییەکانی خۆیان داناو خستیانە سەرووی بەرژەوەندی کیانی ئیسرائیلەوە )) [٥٠] هەرچەندە هەر لەو کاتانەدا ( باڵوێزخانە )ی ئیسرائیل لە وڵاتی ( هۆڵەندا ) تەقەیان لەو کوردانە کرد کە نارەزاییان بۆ پشتگیری کردن لە کێشەی خۆیان و دەسگیرکردنی ئۆجەلان دەردەبڕی و ، ئەنجامەکەشی لەلایەن ( ئیسرائیل )یەکانەوە بووە هۆی کوشتنی ( ٣ )کەس لەو کوردە ڕاپەڕیوانە .

## پەڕاوێزەکانی ئەم بەشە :-

١- بهجة المعرفة ، موسوعة علمية مصورة ، المجموعة الثانية (٣) ، مسيرة الحضارة ، مجلد اول ، دراسة خاصة ( نخبة من اساتذة الجامعات العربية ) ، طرابلس ١٩٨٢ ، ص ١١٤ .

٢- بهجة المعرفة ، المصدر السابق ، ص ١١٥ .



هەواڵنامەی کتێب

٣- ساسۆن ، كورده جووله‌كه‌كانی ئیسرائیل ، مامۆستای كورد ، ژماره (١٩) ، پاییزی ١٩٩٣ ، ل٣٠ .
٤- دكتۆر ڕه‌شاد میران ، ڕه‌وشی ئایینی و نه‌ته‌وه‌یی له كوردستاندا ، كوردستان ، چاپی دووه‌م ٢٠٠٠ ، ل٣٠ .
٥- ساسۆن ، هه‌مان سه‌رچاوه‌ی پێشوو ، ل٣١ .
٦- جیمس فریزه‌ر ، الفولكلور في العهد القديم ( التوراة ) ، الجزء الأول ، ترجمة : دكتورة نبيلة ابراهيم ، دار المعارف المصرية ١٩٨٢ ، ص ١٥ .
٧- میهرداد ئێزه‌دی ، ئاین و تایه‌فه ئاینی‌یه‌كان له كوردستاندا ، گۆڤاری سه‌نته‌ری لێكۆڵینه‌وه‌ی ستراتیجی ، ژماره (٢٧ ) ، ئابی ١٩٩٩ ، ل٩٩ .
٨- ساسۆن ، سه‌رچاوه‌ی پێشوو ، ل٣٠ .
٩- سه‌رچاوه‌ی پێشوو ، ل٣١ .
١٠- فلاح حسن الأسدي ، هجرة اليهود السوفيت الى اسرائيل ، مجلة ( المنار ) ، العدد ( ٦٢ ) ، شباط ١٩٩٠ ، ص ١٠٢ .
١١- حنا بطاطو ، العراق ، الطبقات الأجتماعية و الحركات الثورية من العهد العثماني حتى قيام الجمهورية ، الكتاب الأول ، ترجمة : عفيف الرزاز ، بيروت ١٩٩٠ ، ص ٢٨٩ .
١٢- حنا بطاطو ، المصدر السابق ، ص ٢٨٩ .
١٣- حنا بطاطو ، المصدر السابق ، ص ٢٨١ .
١٤- جوزف گر ، سرگزشت دين هاى بزرگ ، تهران - نيورك ١٣٤٠ ، ص ١٨٥ .
١٥- الدكتور عبدالقادر ياسين ، الهجرة اليهودية ، مجلة ( آفاق عربية ) العدد ( ٦ ) ، شباط ١٩٧٨ ، ص ٩ .
١٦- جون . هـ . ديفز ، السلام المراوغ ، ترجمة : محمد فتحي ، الهيئة المصرية العامة ، ١٩٧٠ ، ص ١٢ .
١٧- جون . هـ . ديفز ، المصدر السابق ، ص ٢٣ .
١٨- الدكتور عبدالقادر ياسين ، المصدر السابق ، ص ١٠ .
١٩- نفس المصدر ، ص ١٢ .

هەواڵنامەی کتێب

٢٠- سعد سلمان المشهداني ، النشاط الصهيوني في العراق و دوره في تهجير يهود العراق الى فلسطين ، بغداد ١٩٩٢ ، ص ٦ .

٢١- يعقوب يوسف كورية ، يهود العراق ، تأريخهم ، اصولهم ، هجرتهم ، لبنان ١٩٩٨ ، ص ١٩ .

٢٢- المشهداني ، النشاط الصهيوني ، المصدر السابق ، ص ٧ .

٢٣- شاسوار . خ . هەرشەمی ، مێژووی ئارامیەکان لە کوردستاندا ، چاپی دووەم ، سلێمانی ١٩٩٩ ، ل ١٩٤ .

٢٤- الدكتور عبدالقادر ياسين ، المصدر السابق ، ص ١٥ .

٢٥- الدكتور مهنا يوسف حداد ، الرؤية العربية لليهودية ، الكويت ١٩٨٩ ، ص ٢٨١.

٢٦- ابراهيم صقر ابو عمشة ، التمييز العنصري ابرز معالم الصهيونية ، تونس ( سنة الطبع بلا ) ، ص ٣٥ .

٢٧- ابراهيم صقر ، المصدر السابق ، ص٣٥ .

٢٨- صادق السوداني ، النشاط الصهيوني في العراق ، بغداد ١٩٨٦ ، صص ١٠٦ - ١٠٧ .

٢٩- عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی ، یەهودی عێراق ، یەهودی کوردستان ، گەلاوێژی نوێ ، ژمارە ( ١٦ ) ، ١٩٩٩ ، ل ١٠٦ .

٣٠- الدكتور فريتز غروبا ، رجال و مراكز قوى في بلاد الشرق ، ترجمة : فاروق الحريري ، الجزء الأول ، بغداد ١٩٧٩ ، ص٢٨١ . وكذلك ( نجدة فتحي صفوة ، العراق في مذكرات الدبلوماسين الأجانب ، بغداد ١٩٨٤ ، ص ١٢٥ ) .

٣١- رحلة المشرق الى العراق و سوريا و فلسطين ، الرحالة الهولندي الدكتور ليونهارت راوولف ، ترجمة : سليم طه التكريتي ، بغداد ١٩٧٨ ، ص ١٩٦ .

٣٢- ساسۆن ، کوردە جوولەکەکانی ئیسرائیل ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٢ .

٣٣- ساسۆن ، هەمان سەرچاوە ، ل ٣٢ .

٣٤- شاسوار . خ . هەرشەمی ، مێژووی ئارامیەکان ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٩٩ .


هەواڵنامەی کتێب

٣٥- عەبدوڵلا غەفور ، جوگرافیای کوردستان ، سلێمانی ٢٠٠٠ ، ل ١٩٢ .
٣٦- ساسۆن ، کوردە جوولەکەکانی ئیسرائیل ، هەمان سەرچاوە ، ل ٣٣ .
٣٧- ساسۆن ، هەمان سەرچاوە ، ل ٣٤ .
٣٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٤ .
٣٩- مۆردیخای زاکین ، گەڕانەوەی کوردە جوولەکەکان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٤.
٤٠- ساسۆن ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٥ .
٤١- شلومونكد يمون ، الموساد في العراق و دول الجوار ، ترجمة : بدر عقيلي ، دار الجيل ١٩٩٧ ، ص ٢٦ .
٤٢- مۆردیخای زاکین ، هەمان سەرچاوە ، ل ١٧ .
٤٣- زاکین ، هەمان سەرچاوە ، ل ١٢ .
٤٤- هەمان سەرچاوە ، ل١٢ .
٤٥- ساسۆن ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٥ - ٢٦ .
٤٦- صادق السوداني ، النشاط الصهيوني في العراق ، المصدر السابق ، صص ٢٨٦ ، ٢٩٣ ، ٢٩٤ .
٤٧- مۆردیخای زاکین ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١ .
٤٨- زاکین ، هەمان سەرچاوە ، ل ١١ .
٤٩- هەمان سەرچاوە ، ل١١ .
٥٠- عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجی ، یەهودی عێراق ، یەهودی کوردستان ، هەمان سەرچاوە ، ل ١٠٨ .

پەرتووکخانەی کتێب

# دەرئەنجام

بە قەناعەتێکی تەواوەوە دەبێژم : کوردە جوولەکەکان یا وەکتر ئەو جوولەکانەی ، کە لە سەدەی حەوتەمی ( پ . ز )و دواترەوە . لە وڵاتی کوردستاندا نیشتەجێ بوون و ؛ تا ئەو سەروبەندەی ، ئەم هەرێمەیان بەجێهێشت و ، بەرەو ئیسرائیل بوونەوە . وەك بەشێکی دانەبڕاو لە کۆمەڵگای کوردەواری و ، لە وڵاتی کوردستانا باسیان لێوە دەکراو هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیان لەگەڵ دەکرا . هەرچەندە ئەوان بە بەردەوامی خۆیان بە خەڵکێکی نامۆو تا ڕادەیەك بە گۆشەگیری دەژیان و ، پەیڕەوی هەموو داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکانی خۆیان دەکرد . بەڕادەیە بڕوا ناکەم ناوچە ، گوند ، شارو شارۆچکە مابێ لە کوردستاندا بەشێکی ئەگەر کەمیش بووبێ لەوانی تیا نەگیرسابێتەوە . تەنانەت لە شارو شارۆچکەو گوندی وادا هەبووە کە یەك گەڕەکی تەواو جوولەکەکان پێکیان هێنابوو ، شان بەشانی ئەوە کلێسەی خۆیان و ؛ گۆڕستانی خۆیان و بەزۆری قوتابخانەی تایبەت بەخۆیان هەبووە . هەر لەخۆڕاش نەبووە کە کەسێکی وەك عەلی سەیدۆی گۆرانی کورد لە گەشتەکەیدا لە ( عەمان )ەوە بۆ ئامێدی و بۆ کوردستانی باشوور لەبارەی شارێکی وەك زاخۆوە بڵێ : ( جۆگەی خاپور زاخۆ دەکات بە دوو کەرتەوە . کەرتێکی موسڵمان و کەرتەکەی تریشی بەزۆری جوولەکەن ) . یا گوندێکی وەك ( سەندور )ی دەوروبەری ( دهۆك ) تا ڕۆژی کۆچ کردنی جوولەکەکان ، لە ناوەندەکانی سەدەی بیستەمدا . سەرپاکیان لە کوردانی جوولەکە بوون .

هەواڵنامەی کتێب

له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شداو ، به‌پێی ئه‌و هه‌موو شه‌هاده‌ته‌ی كه جووله‌كه‌كان خۆیان جه‌ختی له‌سه‌ر ده‌كه‌نه‌وه‌و ، پیرو به‌ساڵاچووانی ئێستای كوردستان ده‌یگێڕنه‌وه . گه‌لی كورد ، ڕه‌نگه تاقه نه‌ته‌وه بێ به‌درێژایی مێژوو و ، به‌درێژایی ئه‌و چه‌ندین ساڵه‌ی كه په‌یوه‌ندی و دۆستایه‌تی له‌نێوان كورده‌كان و جووله‌كه‌كه‌دا هه‌بووبێ . به‌ته‌واوی و وه‌ك خۆڵاتیه‌ك هاوكاریان كردوون و ، پێكه‌وه وه‌ك برا ژیابێتن . ئه‌وه‌تا كه‌سێكی وه‌ك ( ساسۆن)ی به ڕه‌گه‌ز جووله‌كه‌ی كوردستان ، به‌خۆی په‌رده له‌سه‌ر ئه‌م ڕاستی‌یه هه‌ڵده‌ماڵێ‌و ده‌نووسێ : ( به‌پێی مێژوو و قسه‌ی پیره پیاوانی جووله‌كه‌كانی كوردستان . نه‌ته‌وه‌ی كورد زیاتر له هه‌موو نه‌ته‌وه‌كانی تر قه‌دری جووله‌كه‌كانیان گرتووه‌و وه‌كو هاوڵاتیه‌كی كورد سه‌یریان كردوون و پاراستوویانن و هیچ كات به‌چاوی سووك و بێگانه سه‌یری كورده جووله‌كه‌كانیان نه‌كردووه ) . له كاتێكدا جووله‌كه‌كانی وڵاتێكی وه‌ك ئه‌ڵه‌مان له كۆتایی سی‌یه‌كان و ، له ساڵانی جه‌نگی دووه‌می جیهانی ( ١٩٣٩ - ١٩٤٥ )دا نازیه‌كان به‌پێی ئه‌و پلانی ( هۆلۆكۆست )ه‌ی كه بۆی ڕێكخستن نزیكه‌ی : ( شه‌ش ملیۆن جووله‌كه قه‌تل و بڕ كران . بێجگه له خاكی كوردستان كه ته‌نیا بۆ به‌ڵگه‌ش جووله‌كه‌یه‌ك خوێنی نه‌ڕژا ) . دیاره ئه‌مانه بۆخۆیان ئه‌وپه‌ڕی به‌ڵگه‌و ده‌لیلی گونجاون بۆئه‌وه‌ی ئێمه وا جه‌خت له‌و ڕێزگرتنه‌ی كورد به‌رامبه‌ر به جووله‌كه بكه‌ین كه ئه‌وانیش ئه‌مڕۆ وه‌ك ئه‌وه‌ی ئێستا خاوه‌نی ده‌وڵه‌تی خۆیان و ؛ سه‌روه‌ری نێو ده‌وڵه‌تی خۆیانن . كێشه‌ی ڕه‌وای گه‌لی كورد وا سه‌یربكه‌ن و ، وا بۆچوونی تایبه‌تی خۆیان بۆ هه‌بێ كه كێشه‌ی گه‌ل و وڵات و ؛ نه‌ته‌وه‌یه‌كه . ئه‌بێ له دواڕۆژو ئاینده‌دا ببێته خاوه‌ن كیان و ، قه‌ڵه‌م

ڕەوێکی سیاسی سەربەخۆ ، لە وڵاتێکدا کە پێی دەوترێ کوردستان و ، لە سەرەتاکانی ئەم هەزارەی ( سێیەم )ەدا . ژمارەی دانیشتوانەکەی خۆی دەدا لە نزیکەی ( ٤٠ ) چل ملیۆن کورد لە وڵاتێکی داگیرکراوو ، بەزۆر دابەش کراودا .

## سەرچاوەکان

### یەکەم : بە زمانی عەرەبی


١- الدكتور احمد سوسه ، مفصل العرب و اليهود في التأريخ ، بغداد ١٩٨١ .

٢- الدكتور أحمد سوسه ، حياتي في نصف قرن ، بغداد ١٩٨٦ .

٣- صادق حسن السوداني ، النشاط الصهيوني في العراق ، بغداد ١٩٨٦ .

٤- يوسف ابراهيم الجهماني ، تركيا و اسرائيل ، دمشق ١٩٩٩ .

٥- دبيلو اى ويگرام ، ادگار . تى . اى . ويگرام ، مهد البشرية ، الحياة في شرق كوردستان ، ترجمة : جرجيس فتح الله ، بغداد ١٩٧١ .

٦- نجم عمر السورجي ، مصير ولاية الموصل ( كردستان الجنوبية ) مابعد عام ٢٠٠٠ ، السليمانية ١٩٩٩ .

٧- هشام الدجاني ، اليهودية و الصهيونية ، بيروت ، الطبعة الأولى ١٩٨٥ .

٨- الدكتور فاضل البراك ، المدارس اليهودية و الأيرانية في العراق ، بغداد ١٩٨٤ .

٩- عبدالعزيز سليمان النوار ، داود باشا والي بغداد ، القاهرة ١٩٤٩ .

١٠- يعقوب يوسف كوريه ، يهود العراق ، تأريخهم ، اصولهم ، هجرتهم ، لبنان ١٩٩٨.

١١- شلومونكد يمون ، الموساد في العراق و دول الجوار ، انهيار الآمال الأسرائيلية و الكردية ، ترجمة : بدر عقيلي ، دار الجيل ١٩٩٧ .

١٢- ابراهيم صقر ابو عمشة ، التميز العنصري أبرز معالم الصهيونية ، تونس ( سنة الطبع بلا ) .

١٣- هادي رشيد الجاوشلي ، تراث أربيل التأريخي ، اربيل ١٩٨٥ .

١٤- العراق في الوثائق البريطانية ١٩٠٥ - ١٩٣٠ ، ترجمة : فؤاد قزانجي ، بغداد ١٩٨٩ .

١٥- بى رەش ، بارزان و حركة الوعي القومي الكردي ، ١٨٢٦ - ١٩١٤ ( مكان الطبع بلا ) ، ١٩٨٠ .

١٦- المستر ستيفن هيمسلي لونكريك ، أربعة قرون من تأريخ العراق الحديث ، ترجمة : جعفر خياط ، بغداد ١٩٨٥ .

١٧- جون . هـ . ديفز ، السلام المراوغ ، ترجمة : محمد فتحي ، الهيئة المصرية العامة للتأليف و النشر ١٩٧٠ .

١٨- بهجة المعرفة ، موسوعة علمية مصورة ، مسيرة الحضارة ، مجلد اول ، نخبة من أساتذة الجامعات العربية ، طرابلس ١٩٨٢ .

١٩- جيمس فريزر ، الفولكلور في العهد القديم ( التوراة ) ، ترجمة : دكتورة نبيلة ابراهيم ، دار المعارف المصرية ١٩٨٢ .

٢٠- حنا بطاطو ، العراق ، الطبقات الأجتماعية و الحركات الثورية من العهد العثماني حتى قيام الجمهورية ، الكتاب الأول ، ترجمة : عفيف الرزاز ، بيروت ١٩٩٠ .

٢١- سعد سلمان المشهداني ، النشاط الصهيوني في العراق و دوره في تهجير يهود العراق الى فلسطين ، بغداد ١٩٩٢ .

٢٢- الدكتور مهنا يوسف حداد ، الرؤية العربية لليهودية ، الكويت ١٩٨٩ .

٢٣- الدكتور فريتز غروبا ، رجال و مراكز قوى في بلاد الشرق : ترجمة : فاروق الحريري ، الجزء الأول ، بغداد ١٩٧٩ .

٢٤- نجدة فتحي صفوة ، العراق في مذكرات الدبلوماسين الأجانب ، بغداد ١٩٨٤ .

٢٥- الدكتور ليونهارت راوولف ، رحلة المشرق الى العراق و سوريا و فلسطين ، ترجمة : سليم طه التكريتي ، بغداد ١٩٧٨ .

## دووەم : بە زمانی فارسی


١- جوزف گر ، سرگزشت دین های بزرگ ، ترجمه : ایرج پزشك نیا ، تهران – نیورك ١٣٤٠ .


## سێیەم : بە زمانی کوردی


١- دکتۆر ڕەشاد میران ، ڕەوشی ئاینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا ، چاپی یەکەم ، ستوکهۆڵم ١٩٩٣ .

٢- دکتۆر ڕەشاد میران ، ڕەوشی ئاینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا ، چاپی دووەم ، کوردستان ٢٠٠٠ .

٣- دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد ، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا ، بەغدا ١٩٧٨ .

٤- دکتۆر جەلیلی جەلیل ، کوردەکانی ئیمبراتۆریەتی عوسمانی ، وەرگێڕانی : دکتۆر کاوس قەفتان ، بەغدا ١٩٨٧ .

٥- مستەفا نەریمان ، بیرەوەریەکانی ژیانم ، بەغدا ١٩٩٤ .

٦- یادگاری یانەی سەرکەوتن ، پەیامی تبرعات ، باربو ، بەغدا ، ١٩٤٣ – ١٩٤٤ .

٧- بەکر حمە صدیق عارف ، لاپەڕەیەك لە مێژووی هەڵەبجە ١٧٠٠ – ١٩٥٨ ، چاپی یەکەم ١٩٩٧ .

٨- شاکیر فەتاح ، گەشتی هەڵەبجەو هەورامان ، ١٩٧٣ .

٩- جەمال بابان ، سلێمانی شارە گەشاوەکەم ، بەغدا ١٩٩٣ .

١٠- ئەکرەمی مەحمودی ساڵەحی ڕەشە ، شاری سلێمانی ، بەرگی یەکەم ، بەغدا ١٩٨٧ .

١١- تاهیر ئەحمەد حوێزی ، مێژووی کۆیە ، بەرگی دووەم ، بەشی یەکەم ، بەغدا ١٩٨٤ .

١٢- جەزا توفیق تالب ، بایەخی جیۆپۆلەتیکیی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان ،

چاپی یەکەم ، سلێمانی ١٩٩٩ .
١٣- هاشم سەید ئەحمەد ، چەمچەماڵ لە یادەوەریمدا ، سلێمانی ٢٠٠٠ .
١٤- شاکیر فەتاح ، کۆمەڵە ڕۆژنامەی چەمچەماڵ ، ١٩٨٣ .
١٥- هادی ڕەشید چاوشلی ، هەولێر لەگەڵ کاروانەکەی فەلەك ، بەغدا ١٩٨٧ .
١٦- عەلی سەیدۆ گۆرانی ، لە ( عەمان )ەوە بۆ ئامێدی گەشتێك بە کوردستانی باشووردا ، وەرگێڕانی : تالب بەرزنجی ، سلێمانی ٢٠٠٠ .
١٧- شاسوار . خ . هەرشەمی ، مێژووی ئارامیەکان لە کوردستاندا ، سلێمانی ، چاپی دووەم ١٩٩٩ .
١٨- عەبدوڵلا غەفور ، جوگرافیای کوردستان ، سلێمانی ٢٠٠٠ .
١٩- دکتۆر فەرهاد پیرباڵ ، سەرچاوەکانی کوردناسی ، سلێمانی ١٩٩٨ .

## گۆڤارو ڕۆژنامەو بەڵگەنامەکان

### یەکەم : بە زمانی عەرەبی

١- الدكتور جعفر هادي حسن ، سبتاي صفي ويهود الدونمة ، مجلة ( العربي ) ، كانون الأول ١٩٨٥ .
٢- الدكتور محمد توفيق حسين ، دور اليهود و الماسونين في الأنقلاب العثماني ، مجلة ( آفاق عربية ) ، العدد (٩) ، آيار ١٩٧٨ .
٣- فلاح حسن الأسدي ، هجرة يهود السوفيت الى اسرائيل ، مجلة ( المنار ) العدد (٦٢) ، شباط ١٩٩٠ .

### دووەم : الوثائق

١- وثيقة ( الجمعية الكردية ) تقرير حزب الأمة عن قضية الموصل ، المركز العام ،

هەواڵنامەی کتێب

العدد (٧٩٢) ، بغداد ١٩٢٥ .

## سێیەم : بە زمانی کوردی

١- ساسۆن ، کوردە جوولەکەکانی ئیسرائیل ، مامۆستای کورد ، ژمارە (١٩) ، پاییزی ١٩٩٣ .
٢- مەحەمەد مەردان مەجید ، ڕۆژەکانی هەفتە ، کەلەپووری کورد ، ژمارە (١٢) ، ١٩٩٩ .
٣- مۆردیخای زاکین ، گەڕانەوەی کوردە جوولەکەکان لە کوردستانەوە بۆ ئیسرائیل ، وەرگێڕانی : زێرەڤان توفی ، گۆڤاری ( ئەمڕۆی ڕوناکبیری ) ، ژمارە (١) ، کانوونی یەکەمی ١٩٩٧ .
٤- میهرداد ئێزەدی ، ئاین و تایفە ئاینییەکان لە کوردستاندا ، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ، ژمارە (٢٧) ، ئابی ١٩٩٩ .
٥- ئەحمەد باوەڕ ، میرنشینی سۆران و پەیوەندی نێوان هەردوو مەحەمەد پاشای کورد ، گۆڤاری ( کاروان ) ، خولی ڕاپەڕین ، ژمارە (٨) ، ١٩٩٣ .
٦- عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی ، یەهودی عێراق ، یەهودی کوردستان ، گەلاوێژی نوێ ، ژمارە (١٦) ١٩٩٩ .

## چوارەم : ڕۆژنامەکان

١- ئەحمەد باوەڕ ، یەهودیەکانی کوردستان لە یادداشتەکانی دکتۆر ئەحمەد سوسەدا ، ڕۆژنامەی ( ئاڵای ئازادی ) ، ژمارە (١٠٥) ، ١٩٩٤/١/١٦ .
٢- دیڤید ماکدواڵ ، کورد نەتەوەیەکی نکوڵی لێکراو ، وەرگێڕانی : شێرزاد حەسەن ، کوردستانی نوێ ، ژمارە ( ١١٩٤ ) ، هەینی ١٩٩٦/١/١٩ .

٣- کوردستانی نویٚ ، پێنج شەممە ١٩٩٧/٤/١٠ ، دولاپەڕە ، لە ڕۆژنامەی ( شرق الأوسط )ەوە وەرگیراوە .

٤- دیدەوانی یەعقوب ، نازدارو ئەسمەر فەرهاد ئەو دوو کچە جوولەکەیەی بە کوردی سۆرانی گۆرانیان وت ، کوردستانی نویٚ ، ژمارە ( ٢١٣٨ ) ، ٢٠٠٠/٥/٦ .

## پێنجەم : چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ ئەم کەسایەتیانە :-

١- حاجی بەهمەن خانەقینی ، لەدایك بووی ١٩٢٨ ، خەڵکی خانەقین ، تەشرینی دووەمی ١٩٩٤ .

٢- ئەحمەدی مەحمود ئیبراهیم ، لەدایك بووی ١٩٢٦ ، خەڵکی ئاوایی گەورە ، تەشرینی دووەمی ١٩٩٤ .

٣- ئەحمەدی حاجی مەحەمەد ئەمینی بیجان ، لەدایك بووی ١٩٢٩ ، خەڵکی کفری ، تەشرینی دووەمی ١٩٩٤ .

٤- کەریمی ئەحمەد لالە ، تەمەن ( ٨٥ ساڵ ) ، خەڵکی کەلاری کۆن ، تەشرینی دووەمی ١٩٩٤ .

٥- زینەت ڕەحیم ، لەدایك بووی ١٩٢٧ ، خەڵکی ناوچەی ( بنکورە ) ، تەشرینی دووەمی ١٩٩٤ .

٦- حەمە عەلی تازەدیٚ ( تەمەن ٦٥ ساڵ ) ، خەڵکی گوندی تازەدیٚی گەرمیان ، ئابی ١٩٩٠ .

٧- حاجیساڵەحی کەریم جانی تەمەن ( ٧٠ ) ساڵ خەڵکی گوندی کەلاری کۆن ، تەشرینی دووەمی ١٩٩٤ .

هەواڵنامەی کتێب

## ناوەرۆک

پێشەکی ........................................................................ 6

بەشی یەکەم : کورتەیەك دەربارەی کێشەی جوولەکەو ، سەرهەڵدانیان لە ڕۆژهەڵات و کوردستاندا ......................... 21

بەشی دووەم : ڕەگەزە سەرەکیەکانی جوولەکە لە جیهانداو شێوازی دابەشبوونیان لە کوردستانی باشووردا ..................

- سەرەتایەکی کورت دەربارەی پۆلێن کردن و دابەشبوونی جوولەکە لە جیهاندا ........................................ 22

یەکەم : جوولەکەی سفاردیم ................................

دووەم : جوولەکەی ئەشکەنیزم ...............................

سێیەم : جوولەکەی دۆنمە ............................ 27

چوارەم : جوولەکەکانی ڕۆژهەڵات و کوردستان . 92

هەواڵنامەی کتێب

بەشـــی ســـێیەم : هۆکارەکـــانی کـــۆچ کردنـــی جوولەکـــەو جوولەکەکانی ڕۆژهەڵات و کوردستان بۆ ئیسرائیل .......... 103

◈ کۆچ کردنی جوولەکەکانی عێراق و کوردســـــتان بەرەو ئیسرائیل ........................................................ 115

◈ ناوەندە ســـەرەکییەکانی نیشـــتەجێ بوونی کـــوردە جوولەکەکان لە ئیسرائیل ................................ 121

- دەرئەنجام ...................................... 123

- سەرچاوەکان ................................. 128

- ناوەڕۆك ........................................ 130

– لە بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر ........................ 131

– نووسەر لەچەند دێڕێکدا ..................................... 132

هەواڵنامەی کتێب

لە بەرهەمە چاپكراوەكانی نووسەر :-

١- كۆمەڵەو ڕێكخراوە كوردیەكان لە ســــــاڵانی نینتیدابی بەریتانیـادا ١٩٢٠ - ١٩٣٢ - سلێمانی ١٩٩٨ .

٢- نۆزدەمیرو كورد ، كورتەیەك لە مێژووی ململانێی بەریتانیـــــاو تورك لە كوردستانی باشووردا ، سلێمانی ٢٠٠٠ .

٣- جووڵەكەكانی كوردســتان ، بنەچەیان ، داب و نەریتیـــان ، هۆی كــــۆچ كردنیان . سلێمانی ٢٠٠٠ .

هەواڵنامەی کتێب



نووسەر لەچەند دێڕێکدا :-

- ساڵی ١٩٦٧ لە گوندی ( غێدان )ی ناوچەی بنکورە لەدایك بووە .

- پلەکانی خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندی لە کەلار تەواوکردووە .

- دەرچووی بەشی ( مێژوو - کۆلێژی ئاداب - زانکۆی بەغدا )یە ساڵی ١٩٩١ - ١٩٩٢ .

- لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە دەستی بەنووسین و بڵاوکردنەوە کردووە .

- تائێستا سەدان وتارو لێکۆڵینەوەو بابەتی ئەدەبی ، مێژوویی و ڕۆژنامەیی ، بەزمانی کوردی و عەرەبی . لە گۆڤارو ڕۆژنامە کوردی و عێراقیەکان و دەرەوەدا بڵاوکردۆتەوە .

- ئێستا مامۆستای بابەتی ( کوردۆلۆجی - کوردناسی )یە لە پەیمانگای تەکنیکی کەلار .

هەواڵنامەی کتێب

## ئەو کتێب و بڵاوکراوانەی وەزارەتی رۆشنبیری لە ساڵی ١٩٩٩ داچاپی کردوون و هاوکاری کردوون

| ژ | ناوی کتێب | ناوی خاوەن کتێب | جۆری کتێب | جۆری چاپ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | سێدارەکانی بەهەشت | قوبادی جەلی زادە | هۆنراوە | چاپکردن |
| ٢ | کورژنی خوێن | غەفور سالح | رۆمان | چاپکردن |
| ٣ | مەرگی سوشاب | عەلی کەریم | شانۆیی | چاپکردن |
| ٤ | بەسەرهاتی کەڵەپیاوێك | وەرگێرانی حسین عوسمان نێرگزەجاری | رۆمان | چاپکردن |
| ٥ | مێژووی هۆزی جاف | حەسەن فەهمی جاف | مێژوویی | چاپکردن |
| ٦ | ژوورەکەی دەلیا | ئاکۆ کەریم مەعروف | کورتە چیرۆك | چاپکردن |
| ٧ | سەرەتایەکی زمان ناسی | میدیا | زمانەوانی | چاپکردن |
| ٨ | بیبلۆگرافیای کورد وکوردستان | ئەکرەم قەرەداخی | رۆژنامەگەری | چاپکردن |
| ٩ | کورد | و . د. عیزەدین مستەفا رەسول | مێژوویی | چاپکردن |
| ١٠ | نامیلکەی چالاکیەکانی وەزارەتی رۆشنبیری بۆ ساڵی ١٩٩٩ | ئامادەکردنی فەرید زامدار | رۆژنامەگەری | چاپکردن |
| ١١ | حەپسەخانی نەقیب | پەخشان جەلال حەفید | مێژوویی | چاپکردن |
| ١٢ | وتنەوەی بیرکاری پۆلی یەکەم و دووەمی سەرەتایی | عەلی ئەحمەد | زانستی پەروەردەیی | چاپکردن |
| ١٣ | ئینسکلۆپیدیای کیمیا | جەمال عەبدول | زانستی | چاپکردن |
| ١٤ | کورتەجوگرافیای کوردستان | کەریم زەند | جوگرافیا | چاپکردن |
| ١٥ | دەفرە فڕیوەکان چین لەکوێوە هاتوون | سالح محەمەد | زانستی | چاپکردن |
| ١٦ | مردووەکان بنێژن | و.یاسین بەرزنجی | شانۆگەری | چاپکردن |
| ١٧ | میرزا مارف | ئومێد ئاشنا | ژیان و بەرهەمەکانی | چاپکردن |
| ١٨ | هاواری دڵ | بوار نورەدین | مەزهەری خالقی | چاپکردن |
| ١٩ | بابەتەکانی پەروەردەی نوێ | فواد قەرەداخی | پەروەردەیی | هاوکاری |
| ٢٠ | وێنەکەی خوشکت | رۆوف حسن | کورتە چیرۆك | چاپ کردن |
| ٢١ | کلوە بەفرەکانی خۆر | هوشیار بەرزنجی | هۆنراوە | یارمەتی |
| ٢٢ | گوناهەکانی بەفرو سێبەر | محەمەد کاکە رەش | هۆنراوە | چاپ کردن |
| ٢٣ | گوێرایەڵی بۆ ئامۆژگاریەکانی دایەو بابە | و. حەسەن عبدالکریم خانەی منداڵان ب.گ.رۆشنبیری و هونەر | چیرۆکی منداڵان | چاپ کردن |

هەواڵنامەی کتێب

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢٤ | گوێ درێژ و پاشا | و.لەتیف هەڵمەت<br>خانەی منداڵان<br>ب.گ.رۆشنبیری و هونەر | چیرۆکی منداڵان | چاپ کردن |
| ٢٥ | جوان وچۆلەکەکان | و.نوری سەعید قادر<br>خانەی منداڵان<br>ب.گ.رۆشنبیری و هونەر | چیرۆکی منداڵان | چاپ کردن |
| ٢٦ | گێژاوی پۆڵەندە | و.بورهان قانع | مێژوویی | چاپکردن |
| ٢٧ | گۆڤاری دایەلۆك | ژمارە(٤) ی گۆڤار | رۆژنامەگەری | هاوکاری |
| ٢٨ | گۆڤاری شانۆ | ژمارە(٩) ی گۆڤار | رۆژنامەگەری | هاوکاری |
| ٢٩ | گۆڤاری ئاران | گۆڤار | رۆژنامەگەری | هاوکاری |
| ٣٠ | دیاریەك بۆ یادی سەدویەك<br>ساڵەی رۆژنامەگەری کورد | ئامادەکردنی ئومێد ئاشنا | رۆژنامەگەری | هاوکاری |
| ٣١ | کۆمەڵزانیی کورد | فؤاد طاهر صادق | کۆمەڵایەتی | چاپکردن |
| ٣٢ | باخچە رەژووەکانی حەقیقەت | شازین مێرش | هۆنراوە | چاپکردن |
| ٣٣ | ئاوییەر | صدیق بۆرەکەیی | هۆنراوە | چاپکردن |
| ٣٤ | هەناسەیەك لە تەنهاییدا | بەناز کوێستانی | پەخشان | چاپکردن |
| ٣٥ | دیوانی رەمزی مەلا مارف | رەمزی مەلا مارف | هۆنراوە | چاپکردن |
| ٣٦ | حەپسەخانی نەقیب لە<br>ئاوێنەی مێژوودا | رۆوف عثمان | مێژوویی | چاپکردن |
| ٣٧ | چارە نووس | صابرگرد عارەبانی | رۆمان | چاپکردن |
| ٣٨ | مدن کوردیة قدیمة | مەلا جەمیل رۆژ بەیانی | مێژوویی | چاپکردن |
| ٣٩ | خۆزگەکانی بەرد هەڵکەنێك | ئا : جمال عارف امین<br>ب . رۆشنبیری وهونەر | چیرۆکی منالآن | چاپکردن |

هەواڵنامەی کتێب

## ئەوکتێب و بڵاوکراوانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری لە ساڵی ٢٠٠٠ دا چاپی کردوون و هاوکاری کردوون

| ژ | ناوی کتێب | ناوی خاوەن کتێب | جۆری کتێب | جۆری چاپ |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| ١ | مناڵ و شیعر | محمد کەساس | هۆنراوە | چاپکردن |
| ٢ | ڕۆژنامەگەری | و . مجید صالح | ڕۆژنامەگەری | چاپکردن |
| ٣ | ئافرەت لەمۆسیقاو گۆرانی کوردیدا | سەردار خدر حسین | کۆمەڵایەتی | چاپکردن |
| ٤ | ئۆزدەمیروکورد | ئەحمەد باوەڕ | مێژوویی | چاپکردن |
| ٥ | دەچڵ نێرگز | محمد رحیم رمضان | چیرۆکی مناڵان | چاپکردن |
| ٦ | مێژووی کتێبخانەکانی سلێمانی | مارف ناسراو | مێژوویی | چاپکردن |
| ٧ | شایەت | و ، ئاشتی عوسمان دانش | شانۆیی | چاپکردن |
| ٨ | هەفتەبزانی | و . شێرزاد حسن | ڕۆژنامەگەری | چاپکردن |
| ٩ | چەند گیروگرفت ودیمەنێکی دەروونی | و . جلال خلف ژاڵەیی | زانستی | چاپکردن |
| ١٠ | فەرهەنگی زەوی زانی وێنەدار | کمال جلال غریب | فەرهەنگی زانستی | چاپکردن |
| ١١ | لەبازنەی شانۆدا | عەلی کەریم | شانۆیی | چاپکردن |
| ١٢ | بووژاندنەوەی ڕۆشنبیری ونەتەوەییی‌کورد | و . صدیق صالح | مێژوویی | چاپکردن |
| ١٣ | چەند بابەتێك دەربارەی کەلتووری نەتەوەی کورد | سەلام مەنمی | کەلتوری | چاپکردن |
| ١٤ | مەرگی وەنەوشە | یاسین قادر بەرزنجی | چیرۆکی ڕۆژنامەنووسی | هاوکاری |
| ١٥ | زوبدەی عەقیدە | مەولەوی | شیعر | چاپکردن |
| ١٦ | گۆڤاری شەهید | بنکەی شەهید ڕێباز | گۆڤار | هاوکاری |
| ١٧ | گۆڤاری پەلکە زێڕینە | بنکەی ئەدەبی منالان | گۆڤاری مناڵان | هاوکاری |
| ١٨ | گۆڤاری دیلانێ | مناڵپارێزی بەریتانی | گۆڤاری مناڵان | هاوکاری |
| ١٩ | خونچە گوڵ | عوسمان هەورامی | شیعری منداڵان | چاپکردن |
| ٢٠ | سەمای لاولاو | ئەژی گۆران | هۆنراوە | چاپکردن |
| ٢١ | گۆڕستانی ئەپیکۆڕۆس | هاشم سەراج | هۆنراوە | چاپکردن |
| ٢٢ | ماچی باران و خاك سروەو پەیامی کوردایەتی | ئەحمەد هیرانی | هۆنراوە | چاپکردن |
| ٢٣ | شۆڕشی ئاگری داغ | کاوە بەیات | مێژوویی | چاپکردن |
| ٢٤ | ورچی میهرەبان | حسەین ی نەجاتی | چیرۆکی مناڵان | چاپکردن |
| ٢٥ | ڕێبەندان | تەها ئەحمەد ڕەسوول | ڕۆمان | چاپکردن |
| ٢٦ | قوتابییەکی تەمەڵ | سۆران حەمەد | چیرۆکی مناڵان | چاپکردن |

عەوالنامەی کتێب

[illegible]

[illegible]

[illegible]

ناونیشانی کتێبەکە بە زمانی عیبری

نرخی ( ٨ ) دینارە

# يهود كوردستان

## أصلهم . عاداتهم وتقاليدهم وأسباب هجرتهم

# kurdistan jews

## *Their origin, Habits and traditions and the Reasons of their Emigration*

By
Ahmed Bawar

Kurdistan 2000